# ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن

ناوی کتێب: ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن

نووسینی: دیاری قەرەداغی

بابەت: لێکۆڵینەوە

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولرەحمان فەرەج

هەڵەچنی: مهاباد رحیم- سازان قادر

تیراژ:١٠٠٠ دانە

نرخ:٣٠٠٠ دینار

ژمارەی سپاردن: ١٣٨٩ ی ٢٠٠٨

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

چاپی : یەکەم ساڵی ٢٠٠٨

کوردستان -سلێمانی

www.serdam.net
www.serdam.info

# ئەو وتارانەی لە هونەر دەدوێن

## کۆمەڵێک وتار دەربارەی هونەری گۆرانی و میوزیک

**دیاری قەرەداغی**

سلێمانی ٢٠٠٢

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە ( ٤٥٠ )

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

پێشکەشە

به [ ئارا، ئەلەند، ئاریا ]

به سەرجەم خوێنەران

# پێشەکی

ئەم نووسینانەی بەر دیدەتان کۆمەڵە وتارێکن و هەوڵدانێکی تایبەتیمە بۆ نزیکبوونەوە لەو باسە ورد و درشتانەی کە بە نێو هونەریی گۆرانی ومیوزیك بەگشتی و کوردیدا بە تایبەت گوزەر دەکات ، قسەو باسێکن کە هەندێکیان لە شێوەی پرسیار و هەندێکیشیان لە چەشنی پێشنیار، هەروەها بەدەریش نین لە ڕەخنەگرتن لەهەموو ئەو بارەی لەئەنجامی دروستبوونی کارە هونەرییەکانی ئەمڕۆی  نێو مەیدانەکە خولقاوە، چەند هەوڵێکی وەرگێڕان و ئامادەکردنیشی تێدا دەبینرێت وەك پێویستییەکی مێژوویی و نزیکبوونەوە لە ڕای زۆرێك لەو نووسینانەی کە وابەستەی دنیا جوانەکەی هونەرن..

بەگشتی ئەم کتێبە هەوڵی دووەمی منە پاش کتێبی (چەند دیدێك بە نێوی گۆرانیی و میوزیکی کوردیدا) بۆ خستنە ڕووی ئەو وتارە ڕۆژنامەوانیانەی کە وەك ئەرکێکی پیرۆز و پێویست خستومەتە سەرشانی خۆم و دەشمەوێت لە پەنجەرەی ئەم هەولانەمەوە دەلاقەیەکی فراوانتر بدۆزمەوەو والای کەم بەنێو ئەو پانتاییە زۆرەی دووان و باس و خواسانەی لەنێو هونەری گۆرانیی ومیوزیکدان ، کە لەئەمڕۆماندا بەدەگمەن نووسین و سەرنج و ڕەخنەکان لەم بوارەدا دەبینرێت.

ئومێدمە هاوشانی مامۆستا و هاوڕێ و هاوکارانم لەم بوارەدا، ئەم هەولەم

ڕۆشنایی ببینێت و هاوکاتیش ڕووناکی بخاتە نێو هەموو لایەنە تاریکەکانی گۆرانی و میوزیکی کوردیو هۆکارێك بن بۆ گۆڕینی ئەو بارە سەختو دژوارو ناتەندروستی کە هونەرەکەمانی پێدا دەڕوات ، لەم ڕێگا و هەولانەوە جوانی و مەزنی بکرێتەوە بەری بوارە هونەرییەکە، ئەویش بێگومان لەڕێگای گوێگرتن لە سەرنج و ڕاو پێشنیار و ڕەخنە و هەموو ئەو داوا ڕەوایانەی کە دڵسۆزانی هونەری کوردیی لەئەمڕۆدا بە پەرۆشەوە داواو خۆزگە و باسو خواستیانە.

ئازیزان..وەك هەمیشە لەهەوڵەکانماندا بەراین ، بۆیە ئەم هەوڵەشم هێندەی هەوڵەکانی تر سادە و سانایە، هەر بۆیە لە کەموکورتی و نەفەس کورتی و هەڵچوونو هەر ڕەخنە و بۆچونێکم کە ئێوە بە نازانستی و نا مەنتیقی دەزانن تێیدا ، بمانبوورنو وەك چۆن سینەشمان بۆ خۆشەویستیتان والایە وەهاش ئامادەیە بۆ هەموو ڕەخنە و ئامۆژگارییەکتان.

**دیاری قەرەداغی**

**سلێمانی**

## ئامادە نەبوونی خەیاڵ لە کلیپە کوردییەکاندا

کلیپ بۆ گۆرانی کوردی هەوڵێکە بۆ بەرجەستە کردنی وێنە بە هامڕای دەنگ و وشە، ئەمەش ئەرکێکە هیچ ئاسان نییە و پێویستە بە وشیارییەکی زۆرەوە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت، هەڵبەتە ئەم نووسینەم دەرئەنجامی هەموو ئەو کلیپە کوردیانەیە کە بۆ گۆرانییەکان کراوە، گەر بە وردی تەماشا بکەین هەست بەوە دەکەین کە خەیاڵ هیچ ئامادەییەکی نییە و هەموو ئەو وێنانەی دروست دەکرێن لە ئەنجامی تێگەیشتنێکی ڕاستەوخۆیی وشە شیعرییەکان و گواستنەوەی دەقاودەق وشەیە بۆ وێنە ، کە بەڕاستی ئەو دەرئەنجامەی لێدەکەوێتەوە کە خەیاڵ دەمرێت و چەمکی ڕاڤە کردن ون دەبێت، گەر لێرەوە بازێك بدەم بەسەر ئەم باسە و بچمە ئەو دۆخەی کە شیعرێکی تێدا دەخوێنرێتەوە هەست بەوە دەکرێت لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دێڕێکدا خوێنەر وێنەیەك لە زەینیدا ئامادە دەکات و هۆشی دەفڕێت بۆ تابلۆیەك بۆ لەحزەیەك بۆ دیمەنێك بۆ ئەو ساتەی کە خۆی تیا دەبینێتەوە، سەرئەنجام هەموو ئەمانە دەتگەیەنن بەوەی بوترێت ئەوەی یارمەتیدەر بووە هۆشی خوێنەرە بۆ خولقاندنی وێنەیەکی تازە، وێنەیەك کە دەقاودەق ڕاڤەی ئەو وشە و دێڕو شیعرە بکات کە خوێندویەتیەوە، هەر ئەم نمونەیەش لە کاتی دانانی ئاوازەکاندا بە جوانی دیار و بەرجەستەیە ئەو کاتەی کە وشەکان دەگۆڕێن بۆ ئاواز، دەگۆڕێن بۆ هەڵچوون و داچونی ئیقاعەکان،

واتە بەرز ونزمی و ئاستەکانی ئاوازێك دەرئەنجامی گۆڕینی ئیقاعێکی شیعرییە و ئاوازدانەری زیرەك دەزانێت لە کوێدا دەستەواژەکانو وێنە شیعرییەکانی قەسیدەیەك بە هەوراز و نشێودا تێپەڕ دەبێت ، ئاوازدانەرێك لەسەریەتی بۆ هەستکردن بە وێنە و ڕەنگە شیعرییەکانی قەسیدێك دەیان وێنەی تازەی هاوڕێ و دۆست بە ئاواز خەڵق بکات کە هارمۆنی بێت لە گەڵ ڕەنگەکان و ترپەکانو وێنەکانی ئەو شیعرە، ئا لەم کاتەدا گوێگرێك ڕاستەوخۆ هەست بە ڕەوانی و ڕوونی و جوانی ئەو ئاواز و شیعرە دەکات بێئەوەی بزانێت چۆن چۆنی دروستکراوە، بەهەمان چەشنی ئەمانەش خەیاڵی کلیپ و دروستکردنی وێنەی گونجاو بۆ گۆرانی لە ئەنجامی تێگەیشتن و خەیاڵ فراوانی کەسی سیناریست و دەرهێنەرە ، ئەو دروستکەری وێنەی تازەیە بۆ ئەو دەنگەی هەیە بۆ ئەو میوزیکەی کە ڕەنگ بێت بتوانیت دەیان خەیاڵی لێ قەرز بکرێت، وێنەی تازەی نیو کلیپێك مەرج نییە بکەوێتە ژێر دەسەڵاتی وێنەی شیعری ، دەشێت هەریەکێکیان دەسەڵاتێکی ڕەها بن بەڵام هاوتەریب بن بە مەسەلەکە و هارمۆنی بن لە ڕووی ستاتیکاوە،

بەداخەوە دروستکەران و بکەری کلیپە کوردییەکان بێ ئەرك کێشان، بێ خەیاڵ وروژان هەمیشە پشت بەستوون بەو خەیاڵو وێنە ئامادەبووەی کە گۆرانییەك خۆی دروستی کردووە، بەداخەوە ئەم هیچ زیادەیەکی جوان نابەخشێتە ئەو گۆرانییە، تەنها خەیاڵ و دیمەنی گۆرانییەکەیە وەریدەگرێتەوەو دەیگۆڕێتە

وێنە، بۆیە هەندێکجار وا هەستدەکەین کە گۆرانییەکی بێ کلیپ واتە بێ وێنە جوانترەو خەیاڵ بەخشترە وەك لەوەی وێنەی بۆ گیراوە، ئەم مەودا تەسکەی خەیاڵی کلیپسازان وا دەکات بەشێك لە جوانیی و نرخی گۆرانییەکە بکوژێت و هیچ کات هەست بە داهێنانی کەسی کلیپساز نەکەین چونکە زۆریان وان لە پەراوێزی ڕاستەوخۆی خەیاڵە بنەڕەتییەکەی شیعرو ئاوازدا .

## ئەو نووسین و ڕەخنانەی لەهونەر دەدوێن

زۆرێك لە ڕەخنەو لێکۆڵینەوە ئەدەبییەکان بایەخێکی تەواو دەدەن بەو پانتاییە ونانەی نێو دەقە ئەدەبییەکان و دێڕە شیعرییەکان، ئەوان کەمتر لەسەر ئەو بابەتانە دەوەستن کە خوێنەرێکی ئاسایی درکیان پێدەکات، ڕەنگە وەزیفەی لێکۆڵەرەوەیەکی ئەدەبیش لەوێدا بگاتە ترۆپکی داهێنان کە بگەڕێت بە شوێن ئەو هێڵە شاراوانەی کە چاوێکی ئاسایی یان خوێنەرێکی ئاسایی درکیان پێ نەکات، ئەمەش لە توانا و سەلیقە و خوێندنەوەی پڕ مەنهەجەوە دروست دەبێت..

لەم پێشەکییەوە دەتانهێنمەوە ناو هەموو ئەو بابەتانەی کە دەنووسرێت و قسە دەکرێت لەسەر هونەری گۆرانیی ومیوزیك، هەڵبەتە تا ڕادەیەك هەموو لەسەر ئەو خاڵە کۆکین کە نووسین و ڕەخنەی هونەریی بە گشتی و گۆرانی و میوزیك بە شێوەیەکی تایبەتی ئەو قورسایی و سەنگەی نییە لە نێو ڕۆشنبیرییە

هونەرییەکە، ئەویش لەبەر کەم ئەزمونی و کەمتر شارازا بوون و و قورسی بوارەکەش لەملاوە بوەستێت، سەرباری ئەمانەش هونەری گۆرانی ومیوزیك هونەرێکی نووسراو نییە بەڵکو بۆ هێنانەوەی نموونەکان دەبێت پشت لە نووسین بکەین و سامپڵەکان بە دەنگ گوێبیستی بین، هەموو ئەمانە و زۆرێکی تریش لە هۆکارەکان وا لە ڕەخنەگرانی نێو بوارەکە دەکات کە کەمتر تایبەتمەندی تر بن و زۆری نووسینەکانیان بە عمومی باس بکەن ، کەمی کانگا و سەرچاوە نووسراوە هونەرییەکانیش لەمپەر دادەنێ بۆ ئەو کەسەی بیەوێت تەحقیقێکی زانستی بکات ، چونکە زۆری ڕاکان دەتگەیەنێتە ڕایەکی زانستیتر و دروستتر .

ئەوەی بەدی دەکرێت لە نووسینە هونەرییەکان، زیاتر لە قسەیی نێوان دوو کەس دەچن کە خەمێك بۆ یەکتر هەڵڕژن، بێ هێنانەوەی بەڵگەو بۆچونێکی گونجاو ، بۆ نمونە کاتێك ڕەخنە لەو جۆرە هونەرە گۆرانییە دەیگیرێت کە گەنجانێك دەیڵێن ڕاستەوخۆ بە ناڕەسەنی لە قەڵەم دەدەن و هەرچی ئەوانەی سەردەمانی پێشترە بە ڕەسەن و نەمر ناوزەد دەکرێن!! باشە گریمان ئەم بۆچونە وایە ، خۆ دەبێت نووسەر بە شێوەیەکی لۆجیکی تێمان بگەیەنێت بۆ ئەمان ناڕەسەنن و ئەوان ڕەسەن، بۆ ئەوان نەمر و ئەمان مردوو، سیمای نەمریی و ڕەسەنیی بە تەنها وشەیەك لە نووسینێکدا بەس نییە بۆ قەناعەت پێکردنی خوێنەر. ناتوانیت بەبێ پشت بەستن بە زمانێکی شیکاری تۆ لە تان وپۆی بەرهەمێك بکۆڵیتەوە ، بۆ نمونە کاتێك تۆ لێکۆڵینەوەیەك لەسەر گۆرانییەك یان

پارچە میوزیکێك دەکەیت پێویستە لە دووا شتەکانی ئەو بەرهەم ئاگادار بیت، وەك کات و زەمەنی بەرهەم ، جوگرافیای ئەو بەرهەمە، مەبەستەکانی ئەو بەرهەمە ، کەسانی بەشدار بووی نێو ئەو بەرهەمە ، واتە پێویستە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری و دوور لە خەبەری ، پێویستە زۆرێك لە ڕەهەندەکانی ئەو بەرهەمەت لەلا ڕوون و ئاشکرا بێت.

خسوسیەتی نووسین هەندێکجار لە کاردانەوەی بوونی بەرهەمێکی گەورەوەیە، بەرهەمێك کە ڕەخنەگر بتوانێت هاوتەریبی ئەو داهێنانە شیکار بکات و لێکۆڵینەوە بکات و ڕەخنە بگرێت، بەلاَم دیاردەی ڕەخنە لە سەر بەرهەمە هونەرییەکانی ئێمەی کورد و تایبەت بواری میوزیك و گۆرانی لەوەدا چڕ بۆتەوە کە قسە بکرێت لە سەر بەرهەمێکی کرچ و کاڵ یان دیاردەیەك(مۆد)ێك کە ئەمڕۆ بە هەر هۆیەك بێت دروستبووە، تەنانەت زۆرێك لەو پرسیاری ڕۆژنامەنووسانە بە چەشنێکە وا تێدەگەیت کە کەسی بەرامبەرەکەی بجولێنێت بۆ قسەو ڕەخنەیەکی توند لە هەموو ئەو شتانە، بۆ نمونە لێت دەپرسێت ڕات بە و کلیپە تازانەی ئەمڕۆ چییە؟ لە هەناوی ئەم پرسیارەوە گومانو نەویستن و نارەزایی کەسی پرسیارکەر ئامادەیە ، ئەو دەیەوێت تۆ ببیتە شیکارکەری بارێك کە ڕەنگە ئەوەندەشی نەوێت بە زانستی قسەی لەسەر بکەیت.

لە گەورە ولاَتێکی وەك میسردا، کەم شاکاری هونەریی هەیە کە لەکۆن و

تازەشدا هەڵنەسەنگێنراین و قسەیان لەسەر نەکرابێت، گەر بەوردی تەماشای ئەو زنجیرە درامیانە بکەین کە لەسەر ژیانی (کەلسوم و حەلیم) دەدوان، بە ئاسانی ئەوە دەبینرا کە چۆن گەورە نووسەران بە بایەخەوە و بە گرنگییەکی زاستییەوە لە کارەکانی ئاوازدانەران و شاعیرەکان و ئەدا و میوزیکی بەرهەمەکانیان دەکۆڵییەوە، هەندێکجار بۆ باسکردنی قۆناغێکی مێژووی هونەریی ئەو وڵاتە پەنا دەبرایە بەر کاری داهێنەرەکانی و بە نمونە دەهێنرانەوە، ئەوەی جێگەی سەرنجی ئەم باسەیە ئەوەیە کە ڕۆژان دەڕوات و کاروانی هونەریی بە ئاستی باشو و خراپییەوە بەردەوامە بەڵام قەهرەکە لەوەدایە کەسێك نییە بابەتیانە لەسەر بەرهەمێکی کۆن و نوێ بدوێ و بنووسێ و ڕەخنە بگرێت، تا ئەم بارەش وا بەردەوام بێت، تێکڕا هەمووەمان کارەکانمان مەزنەو هەمووشمان ئەستێرەین کە ئەمەش تەنها خەیاڵی خۆمان دروستی کردووە.

## بایەخی هونەر لە ڕۆژنامەکاندا

زەحمەتە دروستبوونی پرۆفیشناڵێتی و وەرگرتنی تایبەتمەندی ڕۆژنامەوانی هونەریی لەڕۆژنامە سیاسییەکاندا، لەبەر ئەوە نا کە ڕۆژنامەی سیاسی گرنگی نادات بە هونەر بەڵکو لەبەر ئەوەی کە بە شێوەکی ئەکادیمی لە ڕەهەندەکانی هونەر تێناگەن و ناشیانەوێت کەسانێك لە بوارەکەدا ئامادەگیان هەبێت ، من پێم

وانییە ئەو هەواڵە سادانە کە بەشێوەی لافیتەیی لە پەڕە دیاریکراوەکانی ڕۆژنامە سیاسییەکاندا هەیە هیچ تام بۆیەکی هەبێت یان هیچ سوود بەخش بێت و هیچ ڕێڕەوێکی هونەریی بگۆڕێت ، زۆرینەی ئەو هەواڵانەش ناچنە خانەی خزمەت و ڕیکلام چونکە وەکو دەزانین زۆرینەی هەواڵەکان پاش چەند ڕۆژێك لە نمایشەکە یان چالاکییەکە بە شیوەیەکی زۆر عەرەزی دەنووسرێنەوەو هەندێکجار هەمان هەواڵ لە دووا لاپەڕەی دەیان ڕۆژنامە دووبارە دەبێتەوە، نەبوونی بە دوواداچونی هونەریی بۆ هەواڵێکی هونەریی هۆکارەکەی یان نەزانینە یان لە بێ بایەخییەوەیە یان ڕاهاتنە لەسەر ئەم نەزم و مۆدێلە هەواڵانە، من هەست ناکەم هونەریی هیچ میللەتێك بە باش وخراپەوە بە پێشکەوتوو دواکەوتوییەوە ئەوەندە بێبایەخ بێت کە لەهەواڵێکی بێبایەخ و بێسوددا خڕ بکرێتەوە یان لە ڕێپۆرتاژێکی بێ ئەنجامدا شیتەڵ بکرێت یان لە کورتە نووسێنێکی نێو ستونێکدا بە عمومی باس بکرێت، چونکە بەڕاستی ئەوەی لە نێو ئەم بوارەدا دەنووسێت یان ئەوتا سەردێکی مێژوویمان بۆ باس دەکات، مێژوویەکیش کە لە جوگرافیایەکی تەسك و دیاریکراودا دەخولێتەوە یان ئەوتا باس لە گشتێتی خاڵەکان دەکەن لە نێو هونەریی کوردیدا، بۆ نمونە دەوترێت" پێویستە هونەری کوردی مۆرك و ڕەسەنایەتی ون نەکات" بێ ئەوەی نووسەر لەو کورتە نووسینە ئینشائییەدا تێمان بگەێنێت مۆرك و ڕەسەنایەتی چییەو چۆن دەڕوات و چۆن دەپارێزرێ و ئەوسا چۆن و بەچ شێوەیەك بووەو ئێستا بە چ ئاقارێکدا تێپەڕیوە ، لێرەوە ئەوەی دیارە ڕۆژانە یان هەفتانە

لاپەڕەیەکی بڵاوکراوەیەکی ئەم ناوچەیە دابەش بووە بەسەر یەك دوو کورتە هەواڵی لافیتەیی و چاوپێکەوتنێکی تەقلیدی و کلاسیکی گۆرانیبێژێك کە خۆشی نازانێت چی دەڵێت و ناو بەناویش ڕیپۆرتاژێك کە ئامادەکارەکەی تا ئێستاش کۆڵە لە دنیایەك زاراوەی هونەریدا ...

ئەوەی یارمەتیدەری منە بۆ بینینی ئەم بوارە ئیشکردنمە لە هەردوو بوارەکەدا، ئەوەندەی من هەست بە بێدەسەڵاتی و کەم ئیتیکی ئەو ڕۆژنامەنووسانە دەکەم کە دێن بۆ سازکردنی چاوپێکەوتنێك لەگەڵمدا تا سوچێکی ڕۆژنامەیەکەیان پێ ڕەشکەنەوە، هەمیشە پرسیارێکم لا دروستدەبێت باشە بۆ دەبێت وەها بێت؟

هەمیشە پرسیارە بەردەوامەکانی خۆمە من دەجولێنێت بۆ باسکردن و نووسینی بابەتەکان ئەو پرسیارانەی کە نازانم کێ وەڵامم دەداتەوە، من زۆر جار لە چاوپێکەوتنەکاندا بە بیانوی جیاجیا خۆم دزیوەتەوە تا بەشدار نەبم لەو سەرپێییە ئیشکردنەی کە ڕۆژنامەنوسێك بێ ئەوەی هیلاك بێت تۆی دەستدەکەوێت..

بەڵام کە تەماشاش دەکەیت بارەکە جۆرێکی ترە ، تۆیان دەست نەکەوت دەگەڕێن بۆ یەکێکی تر .

نەبوونی کلاسیفیکەیشن لەسەر ئاستی هونەری هونەرمەندان وا دەکات بایەخ بە سەرجەم هونەرمەندان لە بەرکەوتنی هەواڵ و چاوپێکەوتنەکان وەك

یەکی لێبێت، بۆیە سەیر نییە کە زەنگی تەلەفۆنت لە ڕۆژنامەنووسێکەوە بۆ مەبەستی چاوپێکەوتن بۆ دێت، چارەکە سەعاتێك قسە دەکات بۆ ڕازیکردنت بۆ ئەو چاوپێکەوتنەی کە تێیدا ستایشی خۆت و کارەکانت دەکات بەڵام کە تۆ لەبەر هەر هۆیەك بێت داوای لێبوردنی لێدەکەیت کە ناتوانیت ئەو چاوپێکەوتنە بکەیت ئەوا دەمودەست دەگەڕێت بە دووای ژمارەی مۆبیلی هونەرمەندێکی تردا، ئەمە چی دەگەیەنێت کە ئەو ئامادە نییە لەسەر تۆ بوەستێت و تەنها ویستی ڕەشکردنەوەی ڕووپەڕی ڕۆژنامە داماوەکەیەتی لەسەر دەستی نەویستی دنیایەکی ڕۆژنامەوانی کە بەر لە هەموو شتێك نازانێت بۆچی خۆی ئامادە دەکات بۆ کێ خۆی ئامادەکردووە.

ئەم سامپلانە زۆرن لە سەرجەم ڕۆژنامەکاندا لەگەڵ ڕێز و پێزانینم بۆ ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆژنامە جدی و ڕۆژنامەنووسە تایبەتەکانی نێو ئەم بوارە.

## بەرەو چێژێکی هونەریی بەرزتر

تێگەیشتنی جەماوەری کۆمەڵگەی کوردی بۆ سەرجەم هونەر جیاوازییەکی زۆر گەورەی نییە لە چاو جەماوەری کۆمەڵگەی گەلانی تر ، ڕەنگ بێت زۆرێك ئەم قسەیەی منیان بۆ قوت نەچێت بەڵام بە سەرنجدان لەو هونەرەی کە هونەرمەندانی ئێمە پێشکەشیان کردوە و ئەو هونەرمەندانەی گەلانی دنیاش

ئەوا ئەرز و ئاسمان جیاوازی هەیە، هەروەها ئەو سیستەمە تازەو عەقلانییەی ولاتان پەیڕەوی دەکەن بۆ سەرکەوتن و سەرخستنی کایەی هونەری و فەراهەم کردنی زەمینەی داهێنان بۆ هونەرمەندان، ئەوا بواری بەراوردکردنی نەهێشتۆتەوە لەگەڵ ئەم ناوچە داماوەی ئێمەدا..

ئیتر لە سۆنگەی ئەمەوە هێشتا زۆر باشیشە کە خەڵك بە گشتی وەها ڕێز بۆ هونەر و بەرهەمی هونەرمەندان دادەنێن.

هەمیشە پێویستە ئەوە بزانرێت کە ئەم دوو ئاستە، ئاستی هونەریی و ئاستەکانی وەرگر دوو مەسەلەی گرێدراون ، هەمیشە لە هەڵکشانی یەکێکیانەوە سیمای ئەوی تر بە دەردەکەوێت، زەحمەتە لە کۆمەڵگەیەکی دوواکەوتودا کە بایەخ بۆ هونەر، زۆر نەزانانە و زۆر سەرەتایە، کەچی ئێمە داوا بکەین کە جەماوەری گوێگر و بینەر لە ئاستێکی بەرزدا بن، ناکرێت ئەم هاوکێشەیە لە یەك سەرەوە شیتەڵ بکرێت.

هونەرمەندانی ئێمە بەشێکی گەورەن لە دروستکردنی ڕووخساری جەهل و ڕۆشنبیر بوونی جەماوەر ، ئەوان خوڵقێنەری چێژێکی بەرزن یان بێچێژی جەماوەر، جۆری بەرهەمی ئەو هونەرمەندەیە کە ڕۆشنایی دەخاتە ماڵەکانەوە جا هەر ئەو جۆری هونەرەیە کە پێمان دەڵێت جەماوەر لە چ ئاستێکی تێگەیشتندایە، بێگومان دەکرێت چەندین کلاسی جۆراو جۆری خەڵك هەبێت کە ئاستی چێژو مەودای جوانییەکانیان زۆر لە سەروو بەرهەمی هونەریی

هونەرمەندانی کوردەوە بێت ، ڕەنگە پرسیارێك بکرێت ئەی ئەم ئاستە لە کوێوە هاتووە؟ لە وەلاّمدا من وای دەبینم کە هونەر لە فەرهەنگ و پانتایی گوێگر و بینەراندا مەرج نییە پەیوەستی جوگرافیاو نەتەوەیەکی دیاریکراو بێت، دەشێ لە ئەنجامی تێر نەبوونی خواست و ویستی چێژمان بۆ هونەری میللەتی خۆمان دەیان کارو بەرهەمی هونەری جوانی ولاّتانی تر تەنمییەی ڕۆحی ئێمەی کردبێت کە لە ئەنجامدا ئەویش هەر هونەرە و پێدەری چەندین بەهای بەنرخە.

ئەوەی جێگای لەسەر وەستانە، ئەوەیە کە بەرهەمهێنەرانی هونەری کوردی بۆ خۆشیان دووچاری هەندێك لە بێ چێژی و کەمدەستین لە بواری جوانکاری و پەخشکردنی نرخی مەعریفی، دەبوو هونەرمەندانی ئێمە یان باشتر بڵێم ڕێژەیەکی بەرچاوی هونەرمەندانی ئێمە بەر لەوەی گازندە و گلەییەکانی ئاڕاستەی کۆمەڵگای کوردی بکەن لەوەی کە بۆچی ناتوانن ڕێز لە بەرهەمی هونەری بگرین و هاوکاری بکەن بۆ خولّقاندنی کەشێکی لە بارتر بۆ داهێنان، ئەوا پێویستە خۆیان موراجەعەیەکی وردی کار و ئاستی هونەریی و ڕۆشنبیری و بە دواچونی کارەکانیان بن، بزانن کە ئایا هەر ئاستی ئەم کارانە نییە کە ئاستی جەماوەرێکی وەها دەخولّقێنێت؟؟

پرسیارەکە ئاشکرایە ، ئەوەش دەخاتە ڕوو، بۆ ڕۆحی ئەو سەر کێشییە لە بەرهەمە هونەرییەکاندا نییە کە هونەرمەندێك دەیخولّقێنێ؟؟

بۆ هەمیشە دەبێت لەگەڵ بازاڕی گوێگرتندا بەرهەمەکانمان هەڕاج بکەین؟؟

پرسیارێکی جەوهەری تر هەیە، ئەویش ئایا ئێمە هەر ئەوەندەی لێدەزانین و نامانەوێت لەوە زیاتر فێر بین، یان ئاستی جەماوەر ئەمەمان پێ دەخولڤێنێ و ئێمەش لە ئاستی ئەمەدا بێدەنگین؟؟

گەر هەر ئەوەندەی لێبزانین پێویستە زیاتر فێربین بەر لەوەی هونەر پێشکەش بکەین ، خۆ گەر لاوازی ئاستی جەماوەریشە پەلکێشمان دەکات بۆ بەرهەمی کرچ وکاڵ، ئەی ئەرکی گەورەی هونەرمەند پەروەردە کردنی چێژێکی باڵا نییە؟؟

ترس چییە لەوەی تۆ بەرهەمێکی گەورە لە جوانی و لە گەورەیی بابەت پێشکەش بکەیت و زۆرینەش بە دڵی نەبێت، ئایا ئەم بە دڵ نەبوونە تا کەی بەردەوامە؟ تۆ بڵێی ماڵی نەخوێندەوار هەر لەم زەمەنە پێشکەوتووەدا بە تاریکی بمێنێتەوە؟؟

## دەنگخۆشی بەسە؟

کە گەنجێك دێتە نێو بواری گۆرانی وتنەوە یەکەم ڕەگەز کە سەرنجمان ڕادەکێشێت دەنگخۆشییەکەیەتی

تا ڕادەیەك ئەمە وایە ، بەڵام ئایا بە تەنها دەنگخۆشی تاکە ڕەگەزێکە بۆ ئەوەی هونەری هونەرمەندێك دەوڵەمەند بکات ؟؟ ئەمەش پرسیارێکە و پێویستی بە تیشکخستنە سەر هەیە ..

بەهرەی دەنگخۆشی ژانرێکی باڵای ئیشکردنە لە نێو دروستکردنی گۆرانییەك بەڵام گرنگتر ئەوەیە بزانیت چۆن دەچڕیت و لە کوێدا بەگونجاوی پەردەکانی دەنگت بەکار دەهێنیت و چۆن یاری بە بەرز و نزمی هەناسەکانت دەکەیت و چۆن توانای مانەوە و بەرهەڵستی دەنگەکان نیشان دەدەیت..

ئاخر خۆ وشە چڕین هونەرێکی ترە، ئەمەیان فێربوونە نەك بەهرە، بەڵێ فێربوونە چۆن نرخی وشە لە بوارەکانی دەنگدا بەرجەستە بکەیت و مانای وشە لە هەڵبەزین و دابەزینی ئاوازەکاندا نەگۆڕیت..چۆن بتوانیت هێز( سترێس- ئاوازە) لە و بەشانەدا بنوێنیت کە پێویستی پێی هەیە، لە کوێشدا ئارام بوونەوە بە ڕووخساری وشەکەوە بەدەربخەیت.

بۆچونی ئەم باسەم لەوەدایە، کە بە تەنها ئەرکی دەنگخۆشی ناتوانێت کۆنترۆڵی هەموو ئەم بارە زانستیانە بکات، ئەو کاتەی کە هونەرمەند بێ سەواد

بێت و ئاگاداری نەبێت یان زانستەكان وەرنەگرێت.

زانستەكانی فیلولوژی  زۆر گرنگە بۆ خەرمانی ئیشكردنی دەنگبێژان، بە هێندەی دەنگخۆشی گرنگە تۆ لە ئاستەكانی فۆنۆلۆجی بگەیت، ئەو پیتانەی كە دەچڕێن و بزانرێت شوێنی دەرچونیان لە كوێدایە .

ئەستەمە تۆ لەیەك دێڕە شیعر بگەیت كە لە دوواجاردا دەیكەیتە گۆرانی بەڵام نرخ و پێگەی وشەكان لە نێو دیڕە شیعرەكاندا نەزانیت..

لە زمانی عەرەبیدا ڕستە هەیە تەنها پیتێكە، بەڵام پێویستە ئەم پیتە باش بدركێنرێت واتە تەلەفوز بكرێت ئەگینا بەو چەشنە ناكاتە مانای  بە ڕستە بوونی..

كەواتە سیحری زمان كە لە دوواجاردا دەبێتە بنەمایەكی سەرەكی گۆرانی، گرنگە لێی بزانین و هاوكاتی دەنگخۆشی و بەهرەبوونمان فێریان ببین..

بە تەماشا كردنی شاعیرانمان ئەو ڕاستییە بە پەنهانی نامێنێتەوە ، شاعیرە داهێنەرەكانی ئێمە هەندێكجار زیرەكانە یاری بە وشە دەكەن و جێگۆركێی بۆ دروست دەكەن كە ئەمەش بۆ سەلیقەیی و

لێهاتوییان دەگەڕێتەوە، وەك چۆن شاعیری مەزن سالم دەڵێت"

پەناهم شەهسوارێكە گوزەركا  گەر  بە ئەلبورزدا

دەكا زەربی سمی ئەسپی لە غارا توتیا پەیدا".

سەیری ئەم کەرتبوونی کرداره لێکدراوه بکه ((پەیدا دەکا)) که تا ئێستا له گرامەری کوردیدا کردار نەکەوتۆته سەرەتا و سەبکی قسه،خۆ ئەگەر بێت و له ڕۆژێکدا ئەم دێڕه کرا به گۆرانی ئەوه ئەستەمه گۆرانیبێژێکی (نەخوێندەواری دەنگخۆش) بتوانێت تێمان بگەیەنێت که چی دەڵێت..

چەندین نمونەی ترم له بەردەستدایه بۆ بەزەخرەفه کردنی دێڕه شیعرییەکانی شاعیران که هیچ وشەیەك له خۆڕا زیاد نەکراوه و به زیاده نەنووسراوه..

مەحوی له دێڕێکدا دەفەرموێت " لەسەر خۆ چوونه شەیدا بوونه قوڕ پێوانه سووتانه"

ڕیز کردنی وشەکان بێ جەدوا نییه، بۆیه لەسەر گۆرانیبێژه بەیەك تەوژم و بەبێ پچڕان ئەدای بکات تا چەمکی شیعرەکه ون نەکات و بەو نەفسەی شاعیر دەیلێت وەها ئەمیش بیانچڕێت..

سەرجەم ئەمانه بەرپرسیارێتییەکی ڕۆشنبیرییه له ئەستۆی ئەو کەسەی که له ڕێگای گۆرانییەکەوه دەبێته ئەستێره، تا هاوشانی دەنگخۆشی سەرجەم ڕەگەزەکانی تری گۆرانی له بالاّدا بێت ..

ئای چەند زەحمەته له میدیاکاندا ئەستێرەیەکی درەوشاوه بیت بەلاّم له ئاستی ئیشەکەتدا کوژاوه بیت.

## دوا بەرهەمت چییە؟

ئەمە ئەو پرسیارەیە کە کەم تا زۆر لە لایەن جەماوەرەوە ڕووبەرووی هونەرمەندان دەبێتەوە، بەو پێیەی ویستێکی جەماوەرەکە دەردەخات بۆ بەرهەمێکی نوێی ئەو هونەرمەندە، ئەڵبەتە لە ڕووکاری ئەم پرسیارەوە ویست و ئامانجی کەسی پرسیارەکەر ئەوەیە بزانێت بۆ بەرهەمی تازەی نییە، یان  کە هەیە بۆ ئەم لێی بێ ئاگایە یان جۆرێك لە موجامەلە وەك سەرجەم موجامەلەکانی تر ، دەشێت ئەم پرسیارەش دیسانەوە خوویەك بێت وەك شتەکانی تر ، من گەرەکمە بزانن ئەو هۆکارانە چین کە وا دەکەن بەشێك لە خەڵك ئەم پرسیارە بکەن.

## ڕاگەیاندن

ڕاگەیاندنی کوردی بێبەش نییە لە بێئاگاکردنی چینەکانی کۆمەڵ لە ڕێگای پڕۆپاگەندەکانەوە ئەگینا حیکمەت لەوەدا چییە بەرهەمی هونەرمەندێك لە پاش تاقە مانگێك لە بلاوکردنەوەیدا ئیتر بێ هەواڵ بکرێت، زۆرێك لە کەناڵە کوردییەکان تا ئێستاش پێیان وایە کە لە دوو ڕۆژ زیاتر ڕیکلام کردن بۆ بەرهەمێکی هونەریی کفرە، یان کە هونەرمەندێك کۆنسێرتێك ساز دەکات بە یەك ڕۆژ پێش وادەی پێشکەشکردنی کۆنسێرتەکە ڕیکلامی بۆ دەکەن ئیتر زەحمەتە خەڵك ئاگادار بێت، بێگومان هەموو کەناڵەکانیش مەرج نییە حەز

بکات ڕیکلامت بۆ بکەن ئیتر ئەمە مەزاجە من تەنها لەسەر ئەو کەناڵە قسە دەکەم کە ڕیکلامەکەت بۆ دەکەن، باشە پرسیارەکە ئەوەیە بۆ ڕیکلام نەکرێت، یان ئەوەیە لەم ولاٚتەدا شتی جوان ئەوەندە زۆرە تا ئێمە سەرفەنەزەر لە چەند کارێکی جوان و داهێنەرانە بکەین و بە (مەبدەئی ڤیروسیا لەمەش) کار بکەین؟؟ ئاخر شتە جوانەکانی ئێمە ئەوەندە زۆر نییە لە شەو ڕۆژێکدا بتوانیت لە کەناڵێکی ئیعلامیدا دابەزێنرێت، ئەمە وەك ڕۆژی ڕوون دیار و نەشاراوەیە، دەکەواتە کەمێك واز لەو توندی و ڕق و هەر بە (هەوەس)ە بهێنین تا خەڵك بتوانێت لێتانەوە سودمەند بێت لێتانەوە ئاگادار بێت لە ڕەوشی هونەریی سیاسیی کۆمەلاٚیەتیی.

من زۆر نمونەی زیندوم لایە کە شەرمی لێ ئەتکێ، لەوانە کەناڵی کوردی هەیە کە ئامادە نییە کلیپێکت بە شینە دینارێك لێ وەرگرێت و ئامادە نییە یەك چرکە ڕیکلامت بە بەلاش بۆ بکات و خۆی زۆر بە گەورەتر دەزانێت بێتە کۆنگرەی ڕۆژنامەنوسی هونەرمەندێك و ئەسڵەن پێی شوورەییە کامێرایەك بهێنێتە نێو ئەو هۆڵەی هونەرمەندەکە کۆنسێرتی تێدا دەکات، کەچی سەرباری ئەمانە زۆر ئازان لە بۆنە جیاجیاکانی ڕەمەزان و جەژندا بەسەرت بکەنەوەو دەیانەوێت بە (ڕووی تۆ ، دەنگی تۆ ، شوهرەتی تۆ ،بەرهەمی تۆ، مێژووی تۆ) بەرنامەکانی خۆیانت پێ ڕەشبکەنەوە ، ئەو بەرنامانەی کە لە سوپاسێك زیاتر هیچ بەرامبەرێکی نییە بۆ هونەرمەندەکە. تەماشە ئەو دووفاقییە لە نەهجی

ئیشکردنی ئەو کەنالانە کەلە کۆتاییدا چ پەرچەکردارێکی توند دروستدەکات لە دەروونی هونەرمەندان، چ بێئاگاییەك دەخولقێنێت لە لایەن هەوادارەکانی هونەری ئەو هونەرمەندە، چ کش‌و ماتییەکی وشك و ناخۆش و تاڵ لە سەرانسەری وڵاتەکەدا دروستدەکات، جیاوازیی و ناهەقییەکان ڕۆژانە بەبەرچاوەوە دیارە، ناعەدالەتی و مەزاجبازی کاری لە جۆر و ڕێرەوی هونەریی و هونەرمەندان کردووە.

لەم ڕۆژانە هونەرمەندێکم دی و پێی وتم " ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی کوردستانم تێدا بەجێنەهێشت تا منیش بڕۆیشتمایەو پاش ٣ ساڵ لەگەڕانەوەمدا کەمێك ئیعتاباریان بۆ دابنامایە" .

من زۆرم پێ ناخۆشە هونەرمەند تووشی ئەم بارە دەروونی و هەڵچونە دەکەن ، من زۆر دڵتەنگم کە ڕاگەیاندنەکان جیاوازییەکی وا دەکەن و وا لە هونەرمەندەکانی خۆیان دەکەن ڕقیان لە یەکتری بێت و قسە بە یەکتری بڵێن، هۆکەشی ئەو جیاوازییەیە کە لە ناونیشانەوە دروستیان کردوو وەك دەوترێت( هونەرمەندانی ناوەوە و هونەرمەندانی دەرەوە) کە ئەمە زۆر ناخۆشە بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە ئێستا لە دەرەوەی وڵات دادەنیشن وەکو کوڕی ئەم وڵاتە نە بووبن، وەکو ئەوان هونەرییان بۆ خزمەتی نیشتمان و میللەتەکەیان نەبوبێت و پێیان بوترێت (هونەرمەندانی دەرەوە) بێگومان بەشێك لەوان خزمەتەکانیان زۆرتر و بەرچاوترە لەو هونەرمەندانەی کە لەناو کوردستانداندان، ئەوانیش حەقی

خۆیانه گلەیی ئەوە بکەن ، تۆ بڵێی ئەوانەی کە زۆرێك کوردستانیان جێهێشت بە ویست و زروفی خۆیان بوو؟ ئەمە پرسیارێکە هەمووان دەزانین کە چ فشارێك لە سەر دەروونی مرۆڤی کورد بوو، ڕەنگە یەکێك پرسیاری ئەوە بکات ئەی بۆ ئەم هونەرمەندانە وەك ئەوانی تر نەمانەوە لە خاکی خۆیان؟؟ ئەوەش جۆرێکە لە ڕاستی بەلاّم ئەوان هەر کوڕی ئەم میللەتەن و خەون و خەیاڵ و کارکردنیان بۆ میللەتی خۆیانە ، لە بەرامبەر ئەمەشدا هونەرمەندانی دانیشتوی کوردستان هەمیشە گازندەی ئەوە دەکەن بۆ بەکەمتر لەو هونەرمەندانەی لە ئەوروپادا دادەنیشن لە لایەن میدیا و جەماوەری کوردی تەماشا دەکرێن، بۆ لە هاتنەوەی ئەواندا سەرۆك و مەسئولەکانمان لە پێشوازیدان بۆیان، بۆ خەرجییەکانی ئەوان سەد هێندەی خەرجییەکانی هونەرمەندانی ئێرەیە ؟ بۆ ئیمتیازاتی ئەوان چەند بەرامبەرە لەگەڵ ئەوانی ئێرەدا؟ زۆر نمونەی تریش، ئەمانە جۆرێك لە حەساسییەتی لە نێوان کەسە هونەرمەندەکان دروست کردووە کە تا دوێنی هاوڕێ و برادەر و هاوپیشەو هاوکارو هاوخاکی یەك بوون، من پێموایە لە زانینەوە بێن یان لە نەزانین بەشێك لەم خەتایە لە ئۆباڵی ڕاگەیاندن و میدیاکانە.

## جەماوەر

بەشێك لە جەماوەری كوردی بریتییە لە جەماوری شوێنكەوتوو، بێئەوەی بزانێت بۆ؟ ئەم نەزانینەش بێ هۆكار نییە، هەمیشە زانین زادەی مەعریفەیە و مەعریفەیی ئەم بەشە جەماوەرەش ئەوەندە كزە كە ناكاتە ئەوەی خۆی بڕیاڕدەر بێت یان بۆخۆی ڕاستەڕێ بگرێت، هەمیشە شوێن قەڵەباڵغی كەوتووە كە ئەمەش عەرەب وتەنی هێشتا لە لاشعوری جەماعیداین ، بۆ نمونە كام سیدی فرۆشی زۆر بێت ئەم بێئەوەی خوێندنەوە و بڕیار و چێژی خۆی حەكەم بێت و دووا وتەو خوێندنەوەی خۆی هەبێت یان ڕای تایبەتی هەبێت دەچێت شوێن سەرجەمی خەڵك دەكەوێت و وەك ((ئەو سەرەو ئاپۆڕاپایەی لەبەردەم دوكانی مەزاد و بازارەكاندا دەبینرێت و دەچنە سەرەی، بێئەوەی ئەو شمەكی لەوێدا دەفرۆشرێت بزانرێت بە كەڵكی ئەوان دێت)) ئەمەش وەك وتم لەو بێ بڕوا بوونەیە بە خودی خۆت یان لەو پەروەردە خراپ و عیللەتە سایكۆلۆجییەیە كە تاكی كورد تا ئێستا بۆ خۆشی دەستنیشانی نەكردووە، ئەوان شوێن پێی كەوتوویی سەرجەم خەڵكن بە مەبدەئی دەڵێن ناكرێت هەموو خەڵك هەڵە بێت!!! بە گشتی ئەم نەخۆشییە موزمینەی ئەم بەشە جەماوەرە لەكەمی بڕوا بوون بەخۆیە، لە كەمی ئیحساسە بەرامبەر شتەكان، هەر بۆیە كە هونەرمەندێك دەبینن وەك پرسیارە گشتییەكەی خەڵك پێت دەڵێن" بەرهەمی تازەت چییە"؟ چونكە ئەو بێئاگایە، تەنها ئەو كاتە ئاگادارە كە شوێن خەڵك كەوتووە.

هونەری نوخبەش هونەری سەرجەم خەڵك نییە ، تاك و تەرا لە كەسانی وەك ئێمە دەرەقەتی ئەو لێشاوە لە خەڵكی گشتی نادەن، خەڵكی ئێمە كە خەتاش دەكات نەزانانە دەیكات و زۆرێكیان ئاكامی هەڵەكە نازانن.

(دووا بەرهەمت چییە)؟ یان ( بۆ بەرهەمی تازەت نییە)؟ دیسانەوە سامپڵی كلێشەیەكی ئامادەكراوە كەخەڵك لەو ڕۆژنامەنووسە داماوو نەخوێندەوارەوە فێری بووە كە ویستویەتی لەو فلانە میدیایەدا دوو عانە پەیدا بكات، ئەم كلێشەیە كەمتر گۆڕانی بەسەردا دێت چونكە هەمیشە ***بوونی خەڵكی گشتی وای كردووە مەودا بۆ پرسیار كردن و گومان لە شتەكان نەهێڵێت، بە وێنەی ئەوەی مادام هەموو دەنگ دەدەن منیش دەنگ دەدەم، مادام هەموو سەفەر دەكەن، وا منیش دەڕۆم، چونكە دراوسێكەمان دكتۆرە ، ئەوا منیش دەبمە دكتۆر، چونكە تۆ گۆرانیبێژی، خۆ منیش پەلم نەگەڕاوە، چونكە ئەو دەكوژێ منیش دەكوژم، تا دوایی لەسەدان نمونەی جۆراو جۆری وەها كە زۆر بە ئاسانی بەیانی دەردی خراپی سایكۆلۆجی تاكی كورد دەردەخات.

بەشێك لە سەرچاوەی چێژی هونەریی مەعریفەیە و بەشێكی تری بەدواداچوونە بەڵام لەوانیش گرنگتر ئەو كەشەی بە چواردەری تاكەكەدا یان كۆمەڵگاكەدا ڕەخساوە فاكتەرە بۆ دەستنیشانكردنی جۆری ئەو چێژە لەهەموو بارەكانیشدا لەڕێسا بەدەر هەیە واتە ئەگەری ئەوە هەیە كەسێكیش لە كەشێكی دوواكەوتودا دروست بوبێت بەڵام ئاستی چێژ وەرگرتنی بەرز بێت ئەمەش هەر ئەگەرێكە..

هەندێجار بێئاستی ئەو هونەرەی لە مەیدانەکەدا پێشکەش دەکرێت دەبنە هۆکاری خولڤاندنی نەوەیەکی ئاست نزم لە گوێگرتن، دروستبوونی سوپایەك لە بێچێژان وادەکات هەمیشە ڕاگەیاندنەکان لەسەر داوای ئەوان کار بکەن و بەو ئاستە خۆیان نمایش بکەن و کەمترین بوار بۆ کاری هونەریی سەرکەوتوو هەبێت، ئەمەش تا ڕادەیەك نزیکمان دەکاتەوە لە دۆزینەوەی ئەو گرفتەی بۆ دەبێت کاری جوان درەنگ نمایش بکرێت؟ بۆ دەبێت ئەو بەرهەمانەی دانسقەن زۆر بە دەگمەن ببینرێت ، هۆکەشی دیار و ئاشکرایە چونکە کەمترین داوای لەسەرەو هیچ کات ڕاگەیاندن بەدەر نییە لە عەقڵی جەماعی و ڕەنگ بێت زۆربەی هەڵسوڕێنەرانی ئەو ڕاگەیاندنانە لەو عامەی خەڵکە بن.

ئەمەش شتێکی چاوەڕوانکراوە کە هەمیشە هونەرمەند ئەوەی بە دڵسۆزی و جوانییەوە بەرهەمەکانی پێشکەش دەکات  زۆر بە درەنگ خۆی و بەرهەمەکەی بگاتە لای خەڵك و جەماوەرەکەی.

## ڕێزلێنان یان بیمەی بێکاران؟!!

هەتا پۆلێنکردنێکی ورد و شیاو نەبێت لەسەر ئاستی هونەریی بەرهەمی هونەرمەندان ، زەحمەتە بتوانین مامەڵە لەگەڵ سەرجەم ئەم توێژەدا بکەین، بەڵام ئەوەی پرسیارێکی جەوهەری و گرنگە ئەوەیە کێن ئەوانەی بە کاری ئەم پۆلێنکردنە هەڵدەستێت و چیش دەکرێتە پێوەر بۆ ئەمە؟

ئایا گرنتی چییە بۆ ئەوەی کە شتی لابەلا نەیەتە پێشەوە وەك ئەوەی کە بۆ جیاکردنەوەی ئەو لیستەی کە بۆ ڕێزلێنان دانراو بینیمان ، کە بەبەرچاوەوە چەندین کەسی ناجۆر و ناهونەرمەند خرانە ئەو ڕیزەوە لەسەر حسیابی هونەرمەندان؟.

نمونەی تریش زۆرن، ئەوەی مەبەستمە ئەوەیە لێشاوێك بە ناوی هونەرمەند ئەمڕۆ خەریکی هونەرە، هەمووشی مافی دەوێت، هەمووشی داوا دەکات، چونکە دەڵێت خزمەت دەکەم، بارەکە وا تێکچووە، ئەوەی هێشتا گۆرانییەکەی لە ناو ستۆدیوەکە تەواو نەبووە((یەکەم گۆرانیشییەتی))

دێتە دەرەوە وەك هونەرمەندێکی بە ئەزموون قسە دەکات و چاوپێکەوتن دەکات و گلەییش دەکات و ڕەخنە لە دامو دەزگا حکومی وناحکومییەکان دەگرێت کە بۆچی یارمەتی نادرێت.

ئەم بارە ئەوەندە کۆمیدییە، کە ئەوەی دەیبینێ یان دەیبیستێ ڕەنگە بگاتە ئەوەی بڵێ "کە ئەوەندە هیلاك و قەڵسیت بۆ گۆرانی دەڵێـت؟".

ئەوەی ئەم بارەی دروستکردووە ئەوەیە، کە ڕێز و پێزانین بۆ هەموومان وەك یەکە ، هاوکاتیش ناڕێزی و گوناهێك کە دەکرێت گشتمانی پێوە دەسوتێین..

زۆر جار هەمووومان ئەمەمان بە ناهەقی لەقەڵەم داوە ، کە لە ڕاستیدا ئەمە بەر ئەنجامی ئەو شپرزەییەیە کە هەموو کەسێك زۆر بە ئاسانی لە شەو ڕۆژێکدا دەبێتە خاوەنی سیفەتی هونەرمەند و لە کەناڵەکاندا بە یەکچاو و هەندێکجار

زیادتریش خزمەتیان پێ دەکەن و چاوپێکەوتنیان بۆ ساز دەکەن ، بە بێ بەرامبەر، چونکە گەنجەکە تەنها خواخوایەتی و(پارەش دەدات) بەس وەك هونەرمەندێك بناسرێت و دەربکەوێت.

ئەوەی لەسەرەوە باسمکرد لەئەنجامی نەبوونی هوشیاریمانە، نەبوونی هوشیارییەك کە ڕێگامان نادات باش بیر بکەینەوە، بزانین ئەوەی دەیکەن لە دوایدا چ کارەساتێگ دەقەومێنێ، وەك ئەو فەوزایەی ئێستا هەیە.

ئێستا ئەوەی پێشنیارە بۆ ئەو دامو دەزگا مەعنیانەی کە بونەتە فەندەر بۆ کاری هونەریی و ڕۆشنبیری، ئەوەیە بۆ واز لەو بەخشین و پێدانە مادییە ناهێنن و قەناعەت بەوە بکەن کە ئەوەی لەسەر ئەوانە تەنها کاری ڕێکخستن و هەڵسوڕاندنی پلان و میکانیزمی چۆنیەتی کارکردن و.دانانی ئەرشیف وپێدەری مۆڵەت و تا دوایی لە کارەکانە، ئایا ئێوەش پێتان وانییە، کە حکومەت و وەزارەت بووەتە هۆی لەبار بردنی میکانیزمی بە (پیشە) بوون؟؟

ئاخر ئەو کاتەی کە کۆنسێرتێکی بێ داهات دەکرێت بۆ هونەرمەندێك و لەدوایشدا شاباش کردنی بە باوەشێك دەفتەرە دۆلار، دەکاتە کوشتنی ڕۆحی بە پیشە بوونی هونەریی و ئیتر بە دوای ئەم کۆنسێرتەوە زەحمەتە لە کۆنسێرتی هونەرمەندێکی تردا چاوەڕێی فرۆشی بلیت و داهات بین..

ئەمەیە حیکەمەتە جوانەکانی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەم مەسەلەیەوە..

خڕبوونەوەی ئەو هەزاران هونەرمەندە لە دەوری دەخیلەی ڕێزلێنان ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێت

کە (ئێمە سەرجەم) بێ جیاوازی، ناتوانین یەك شینە دینار لە هونەرەکەی خۆمانەوە بەرهەم بهێنین..

ئەم ئیستهیلاکبوونەی هونەر لە نێو پانتاییەکەدا بە جارێك ڕۆحی داهێنانیشی کوشتووە،

ئەو بێدەنگ بوون و بەنج بوونەی هونەرمەندان کە هەموو مانگێك پارەیەکی زۆر کەم وەردەگرێت

گەورەترین زیانە بۆ داهاتی هونەریی و کەسێتی هونەرمەند، هەروەها بێنەخشەترین دیاردەی دەسەلاتە کە هەموو مانگێك نزیکەی سەدان ملیۆن دینار ببەخشێتە سەرجەم هونەرمەندان و وەرزشکاران و ڕۆژنامەنووسان کە لە (بیمە)ی بێکاری دەچێت.

ئەوەشی جێگای تێڕامانە ، یەك هونەرمەند لەماوەی کاتی پێدانی ئەو پارەیەدا ئامادە نەبوو بە دەسەلات و ڕێکخراوەکان بڵێ بۆ ئەو پارەیەمان تیا خەرج دەکەن کە بەشی دوو عەلاگە شمەکی بازاڕ ناکات، بۆ نایکەنە چەند پڕۆژەیەکی هونەریی؟؟

بۆ سەرفی ناکەن لە نەخشەدان و دروستکردنی میکانیزمێکی هونەریی سەردەمی؟؟

بۆ حسابێکی بانکی بۆ ناکەنەوە کە ساڵ بە دوای  ساڵ زیاد بکات و هونەرمەند (ئەوەی کە پۆلێن کلاسیفیکەیشن)ی لەسەر بوونی هونەرەکەی بۆ دەکرێت ، تا لەو حسابی بانکەوە بتوانێت بۆ ئەنجامدانی بەرهەمێکی پرۆفیشناڵ قەرز وەربگرێت ؟؟

بۆ هاوبەش نەبن لە بنیادنانەوەی ئەو بازاڕە هونەرییە شێواوەی کوردستان، کە بە چاکبوونی ئیتر بەرهەم و فرۆشی بەرهەمی هونەریی خۆی دەبێتە سەروەرو چیتر هونەرمەند پێویستی بە پارە وەرگرتن نابێت؟؟

سەیر لەوەدایە لە لایەکەوە دەمانەوێت پرۆژە خزمەتگوزارە سەرمایەدارییەکان لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە بۆ سەرجەم بوارەکانی تر بخەینەوە گەڕ وەك کردنەوەی بازاڕ و ساختمانی بازرگانی و باڵەخانەی جێنشین و تا دوایی، کەچی ڕێك بە پێچەوانەوە لە بواری هونەریدا هاتوین بە کوشتنی ئەو ڕۆح و پرۆژانە، بۆ نمونە گەر تاك و تەرا کۆمپانییەکی هونەریی کەرتی تایبەت هەبێت..

ئەویش لە ئاکامی ئەوەی حکومەت هیچ پارێزگارییەك لە شەرعییەت بونیان ناکات و بەرەڵای کردوون لە بێ سیستەمی بازاڕ و نەبوونی ماف و نەبوونی یاسای کۆنکرێتی بۆ پارێزگاریکردنیان، ئەمە لە لایەك لە لایەکی ترەوە لە بێمەنهەجی و مەزاجی تاکە کەسییەوە شتی سەیر سەیر دەکرێت بە ناوی خزمەتەوە کە من بە بۆچونم تەنها  خودخزمەتییە، ئەگینا کردنەوەی ستۆدیوی حکومی مانای چی؟

کردنەوەی بەشی سینەما و بەشی دراما و بەشی دوبلاژ و بەشی کلیپ مانای چی؟ ئەی وا باشتر نییە ئەم بەشانە لە ڕێگای کەرتی تایبەتەوە جێبەجێ بکرێن؟؟

ئەی ئەم نان بڕینی خەڵکە بۆ؟؟ لەسەر حسابی دانانی (مۆزەف) بۆ هەریەك لە ئەم بەشە حکومیانە کە هیچیش ناکەن یان کە بیکەن لە ئاستی تەنها واجبێکە.

ئومێدم زۆر نییە لە ناو ئەو ڕەوشە تێکەڵەی دەسەڵاتدا ماهییەتی هونەر نەخش بێنێت، بەڵکو ئومێدمە هونەرمەندان و خوێندەواران خۆیان بگۆڕی ئەو ڕەوشە بن.

## کەناڵە هونەرییەکان

خەونی دنیامان ڕزگاربوون بوو، کە ڕزگاریش بوین خەفەت پیری کردین و قەهری میللەت داخی کردین، خەونمان دەدی بڵێی ڕۆژێك بە ئازادی گۆرانی، بە جوانی و ڕاستگۆیی هونەرو بە بێ ترس ویژدانی خۆمان هەڵتەکێنین، هەمیشە لە نوتەکی ئەو ڕۆژانەوە نورێکی سەیرمان دەدی ، پێمان وابوو ئەو ڕووناکییە نەجاتە، هەمیشە لە چنگی ئەو ڕۆژە پڕ ترسو تۆقێنەرانەوە کەنارێکی ئارامان لە خەیاڵدا دەخولقاند تا فریای جەستەی هیلاك و ناخی بریندارمان بکەوێت.

ئەو دەمەی پەڕەکانمان هەڵدەدایەوە قێزت لە خۆت دەبۆوە کە لەسەر نەخشەیەکدا دەژی کە ناوی عێراقە.

چەند داماوییە لە ناو ستەمدا ژیان، ئەوەندەش داماوییە ستەمکار بیت، لەوە دەچێت ئێمە کوڕی هەردوو بارەکە بین

لەم ماوەیەدا لەسەر دەستی کۆمەڵێك گەنجی خەمخۆرو هونەردۆست کەناڵی ئاسمانی (ڤین) کرایەوە کە بەرنامە و کاریان تایبەتە بە گۆرانی و میوزیکی کوردی و کۆکردنەوەی هونەرمەندانی کورد لە سەرجەم بەشەکانی کوردستان و خڕکردنەوەیان لە دەوری شاشەکەیان، کە بەڕاستی خەونێکی گەورەیەو پڕۆژەیەکی جوانە کە دەنگەکان و بەرهەمەکان لەیەك نزیك دەکرێنەوەو ئاشناکردنی منداڵ و جحێڵ و گەنج و جوان پیر و پەکەوتەی کورد بەو دەنگە هونەرییی و بەرهەمە هونەرییانەی کە لە ئاکامی سیاسەتە چەوتە یەك بەدوای یەکەکاندا لێکترازابوون، لێکترازانێك کە زەحمەت بوو دەنگ و ڕەنگێکی سۆرانی و دیالێکتێکی سلێمانی لە ناوچەکانی بادیناندا هەرس بکرێت و قبوڵ بکرێت

زۆربونی کەناڵە ئاسمانییەکان بەتایبەت ئەو کەناڵە تایبەتانەی کار بۆ هونەر دەکەن خواستێکی جوانی هونەرمەندانە و تا ڕادەیەکیش چارەسەری زۆر لە گرفتە هونەرییەکانە، ئەڵبەت ویست بۆ کردنەوەی کەناڵێکی کوردی تایبەتمەند بە هونەر و بە تایبەت بۆ هونەریی گۆرانی و میوزیك، خستنە سەر پشتی ئاسۆیەکی فراوان و گەشە بە ڕووی هونەرمەندان، گۆڕینی خەیاڵە هونەرییەکانی هونەرمەندە بۆ کاری پراکتیکی و پێشبڕکێ و کێبڕکێیەکی جوانو تەندروست.

من وا هەستدەکەم لە دەرئەنجامی کەمتر جێگاو بایەخی هونەر و ڕۆشنبیری لە نێو کەناڵە حیزبییەکاندا ، ئەم جۆرە کەناڵە لە دایك دەبن و لێوەی زیاتر بوار دەڕەخسێت بۆ پەخشی هونەریی.

من هەرگیز نالێم  بە تەنها هونەر لەو ولاتەدا هەمووشتێکە ، من نەموتوە با هەموو ژیان بوەستێت و هونەر تاق و تەنها بێت ، هونەر هیچ تامێکی نییە گەر میللەتێك برسی و داماو پڕ ستەم بێت، کۆنسێرتێك جوان و پێویستە بەلام هێندەی ئەو پارووە نانە نییە کە باوکێکێك بە زەحمەت بۆ مندالانی وەدەستی دەهێنێت، بە تەنها هونەر ناتوانێت  بەرگری لە سەروەری ولاتێکی شێواو بکات و نابێتە قەلغان بە ڕووی سەرماو گەرمای داگیر کەرانی، بەلام ناشکرێت ولاتێك بەس بە تەنها زمانی شەڕ و زمانی چەوساوەو زمانی ڕەنگ و ڕەنگەکان و زمانی خۆ چەککردن و زمانی بیستنی هەڕەشە بێت جا هەڕەشە بکەین یان لێت بکەن، نەبووەو نەمان بیستووە لە هیچ قوژبنێکی دنیادا کتێب و ئامێرە مۆزیکییەکان و فلچەی شێوەکاران و گەرمەی شانۆی شانۆکاران و بازاڕی سینەما لە پاشکۆی خۆ تێرکردنەکانی حیزب و ئەندامانی حیزب بێت.

بۆیە لای خۆمەوە دەستخۆشی بۆ هەموو کەناڵێکی هونەریی تازەی سەربەخۆ کە کار بۆ هونەر دەکات ، پاشانیش پێزانیمان بۆ کەناڵە حیزبییەکان کە ئەوانیش بە پێی توانا و زانینینی خۆیان درێغیان نەکرد بۆ هونەر و هونەری هونەرمەندان .

## داهاتی هونەریی

حەزم نەدەکرد ئەم وتارە بنووسم و زۆرم لەخۆ کرد کە نەکەومە ئەم باسە نەویستراوەی دڵم بەڵام وەك عادەتی هەمیشەی ئەم میللەتە بێدەنگی لەم بێدەنگستانەدا وڕو کاست دەکات ، زۆرجار بەکۆی دەنگ بڕیاری بێدەنگیمان هەڵبژاردووە، کەچی هەر ئەو کۆ گەلەش کە یەکتری دەبینین ناڕازین، تەنانەت خۆشمان بە بڕیارو ڕەفتارەکانی خۆشمان ڕازی نین، ئێمەی هونەرمەندان واین لەبەردەم گرفتی هەراجی کەرەسەکانمان کە هونەرە، بەشێکی سەرچاوەو بەرهەمی ڕۆژ و شەوانی کەناڵ و ڕادیوو ڕۆژنامەکان دەنگ و ڕەنگی هونەرمەندە بە هەموو جۆرەکانییەوە بە باش و خراپ و بە میللی و بە هونەرمەندانی ستایلە جیاجیاکانی تریشەوە، کەمجار بووە تیڤییەك بڕوات بەبێ دەنگی هونەرمەندێك، بێ بوونی میوزیکێك، خۆ گەر ڕادیوکان گۆرانی و میوزیکی هونەرمەندان لابەرن پێم وانییە کاتژمێرێك بەرنامەیان بمێنێت و چێژی نیو کاتژمێریش بۆ گوێگرانیان پەیدا بکەن، لەملاشەوە ڕۆژنامەی کوردی ئەو کات داماو داماوتر دەبێت کە چاوپێکەوتن و هەواڵە گەرمە جۆراو جۆرەکانی هونەر و هونەرمەندان فەرامۆش بکەن، هەموو ئەمانە منەتی تێدا نییە با هەبن و سوودەکەش دوو لایەنەیە لە ڕووی تەبلیغات و ڕاگەیاندنەوە ، بەڵام لەبەرامبەردا بۆ تا ئێستا مافی هونەرمەند بە هەموو شێوەکان نادیارو کز و زەلیلە لەبەردەم حەیایەك کە

هونەرمەند پێی شەرمە داوای مافی خۆی بکات؟؟ سەیرە زۆریش سەیرە، ئەو کاتەی کە تۆ خۆبەخش کار بکەیت پێت بڵێن هونەرمەندی ڕاستەقینە، خۆ گەر کفرت کرد و داوای مافی مادی خۆت بکەیت دەکەویتە بەر توانج و بیر چوونەوە، باشە بۆ دەبێت هونەرمەند کەرەسەی هونەریی خۆی تاڵان بکات؟؟، ئەو هونەرمەندەی کە تا دەگاتە ئەو پلەو پایەو مەقام و ناوبانگەی کە تیڤییەك یان ڕادیویەك یان ڕۆژنامەیەك لێی سوودمەند دەبێت و سوود لە ناوبانگ و دەنگ و ڕەنگ و ڕەسمی ئەو دەبینێت، ڕەنگ بێت کەناڵ هەبێت خۆشەویست نەبێت لە ڕووی جەماوەرییەوە کەچی لە بەر بوونی دەیان دەنگ و ڕەنگی هونەریی ئەو هونەرمەندە شاشەکەی پیێ جوانتر و خۆشەویستتر بکات، بۆ لەبەرامبەر هەموو ئەمانەدا کەناڵەکان زۆر خۆیان لەوە بە گەورەتر و بەناوبانگتر دەزانن و ڕۆحی گەورەیی دەفرۆشنەوە بەسەر هونەرمەندەکەدا؟؟ بە گشتی تەمەنی سەرجەم کەناڵ کوردییەکان کۆ بکەرەوە ناکاتە تەمەن و خزمەتی داهێنەرێکی میوزیسیان یان هونەرمەندێك کە بە بیست ساڵ ئینجا گەیشتۆتە ئەو پلە هونەریی و ناوبانگە هونەرییە.

من لێرەوە بەر لە داوام لە کەناڵەکان بۆ گۆڕینی سیستەمی خۆیان کە من بە سیستەمی بەلاشاوە ناوی دەبەم، ڕووی دەم و هاوارم دەکەمە بەشێکی بەرچاوی هونەرمەندانی میوزیسیان و گۆرانیبێژی کورد کە چیتر بە خۆڕایی کلیپەکانیان هەراج نەکەن و بۆ تەنها سوپاسێك لە پێناوی دەرکەوتندا بەرنامەکانیان پڕ

نەکەنەوە، تەنانەت ئامادەی ئەوەش نەبن کە دوو کەلیمە( ڕا) بە خۆڕایی بڵێن و چاوپێکەوتنی تایبەت و بوون بە هەوێن بۆ ڕیپۆرتاژەکانیان بوەستێنن گەر بێ بەرامبەر بوو، پێموا بێت زەمەنی خۆبەخشبوون بەسەر چوو، هەر کاتێك ئەندام پەرلەمانێك ، وەزیرێك، سەرۆکی حکومەت و مدیر عام و جێگرەکانی بۆ ئەم میللەتە بە بەلاش و خۆرایی و خۆبەخش کردیان وەك ئەوساو ئێستای ئێمەی هونەرمەندان ، ئەوا دڵنیابن من لەم وتانەم پەشیمان و پاشگەز دەبمەوەو ئێوەش بە وڕێنەو قسەی شەیتانی بزانن.

## گۆرانییەکی تەواو نەکراو*

(ڕەنگە نەمبینی بەلاّم توخوا ڕەسمەکانی خۆمان کەپێکەوە لە فستیڤاڵی دیاربەکر گرتمان بگەیەنەرە دەست هەردی کوڕم)

ئەوە چ دڵێکە ئەوەندە هەستیارو بەئاگایە لە کۆچی خۆی؟؟

ئەوە چ شعورێکی مەزنە تۆ دێنێتە نێو ئەو هەموو هونەرمەندو ئاپۆڕای ئەو هەموو ڕۆشنبیرو کەسایەتیی و کەسە نزیکانەت لە هاوڕێو دۆستەکانت تا لە دووا چرکەدا بە گۆرانییەوە پێیان بڵێت ماڵئاوا ئازیزانم؟

دیمەنێکە زۆر گران بوو، بەو هەموو بزەو خەندەیەوە، بەو هەموو سۆزەی نێو گەروت لەسەر خاكو زێدی خۆتو نێو باوەشی ئازیزان و ماڵو منداڵت بکەویت

و له نێو دەستیشدا مایکرۆفۆنەکەت بەرنەدەی، لەوە دەچوو شتێکی ترمان پێ بڵێیتو فریای نەکەوتبێتی، پێدەچوو پێمان بڵێی بمبورن گۆرانییەکەم تەواو نەکرد، یان بڵێی( ڕەزازی) گیان ببەخشە، چی ڕوویدا لە ساتە خۆشییەکانی تۆدا و دووا ساتەکانی ژیانی من.

لەوەش دەچوو مندالّەکانت بانگ بکەیتو دووا ماچی خۆت بە یادەوەریاندا هەلّواسی..

دووا وشەت تێکەلّی مەرگێکی سەیر بوو، ڕەنگە گلەیی کردنیش ببووبێت ئێمە چوزانین؟؟

ئاخر ئەو دلّەی تۆ زۆر گەورە بوو پڕیشی بوو لە قسە بەلاّم لەهەموو شوێنێكو لەبەردەم هەموو کەسێکیشدا نەتدەدرکاند..

بیرمە پێم وتی "مامۆستا گیان زویر مەبە ئیتر وەهایە، بڕوا بکە گەشتەکەی دیاربەکرت کە بانگهێشت کراویت لەگەلّ هاوڕێکانتدا. دە هێندەی بانگهێشتەکانی تر گەورەیە".

تۆش بێدەنگانە گوێت بۆ شل کردبوومو حەسرەتو بزە هەمیشەییەکەی سەر ڕووخساریشت بۆ لەحزەیەك غافلّی نەدەکردم، خۆ ناحەقیشم نەبوو چونکە بە جلە کوردییەکانیەوە زۆر جوان بوو زۆر گەنجانەش(شیرینە سەوزە)ی چڕی لەبەردەم سەدان هەزار بەشەردا.

بیرمە وتی "ئەمانەتی تۆو ئەم ئاوازە تازەیەم، توخوا تۆ بۆم جێبەجێ بکە با

شتێکی جوان دەربچێت".

دیسان بیرمە ڕۆژانی پڕۆڤەکردن بۆ ئەو فیستیڤاڵە، ئێمە هەموومان بە ماشێنە گرانبەهاکانمان لە دوایی تۆی پیادەوە دەگەیشتینە شوێنی پڕۆڤەکردن، کە سەرەی تۆش تەواو دەبوو لە پڕۆڤەکردن نەدەڕۆیشتی و بەجێت نەدەهێشتین، بەڵکو حەزت دەکرد گوێ بۆ گۆرانییەکانی تر ڕادێری..

سەیرە چەند سەیرە.....

ئەو ڕۆژەی بەجێتهێشتین، پێش هەموومان ئامادەی ئاهەنگەکەی کاکە ناسری ڕەزازی بوویت ، لەدوورەوە هەر کامێکمان دەرکەوتینایە ماچ بارانت دەکردین وەك ئەوەی فریشتەکان خەبەریان بۆ هێنابێتی و بڵێی ئیتر ماڵئاوا..

گوێم لێبوو کاك ناسری ڕەزازی و مەرزیەخان کە هاتنە لات و قسەیان لەگەڵ کردی، گەورەیی تۆیان بەرز نرخاند و پێیان وتی"هەمیشە دڵمان لەلاتە تۆ زۆر پیاو و گەورەیت ".

کە بۆ دواجار چویتە سەر شانۆ ئاوڕێکت بۆ کاکە بڵندی کەمانچەژەن و گروپە میوزیکژەنەکان دایەوە و پێت وتن مەقامێکی ڕاست ئازیزان، ئەوانیش زۆر جوان بۆیان ژەنیت.. تەنها کۆپلەیەك بەس بوو کە تێبگەین ئەو دەنگە دەنگی کاك عوسمان عەلی ئازیزە، ئیتر هەر ئەو کۆپلەیە بووە دووا گۆرانییەکی تراجیدی گەورە، بووە ماڵئاواییەك کە نەیهێشت پاشی تۆ من بە گۆرانییەکەم

بلێم "ماڵئاوا" ئەو ساتەمەرگە هەموومانی چۆڵ کرد.. شانۆ خامۆش، تەنها شتێك کەمایەوە لە زاکیرەمان دەنگە پڕ میهرەکەی ئەو بوو.

*** ئەم وتارە بە کۆچی هونەرمەندی گەورەی کورد عوسمان عەلی پێشکەشە**

*********

## قەڕاسینەکانی بەرهەمی هونەرمەندان

ئەم ناونیشانەی سەرەوە دەچوێنم بەو تیرۆریستانەی مرۆڤ کوژن و جوانی کوژن، بۆ دەبێت هەر کوشتنی جەستەی مرۆڤ بچێتە خانەی تاوان، ئەدی بکوژی ڕۆحی هونەرمەند تاوان نییە؟ ئەی لە بار بردنی خەیاڵ و ئەرکی هونەرمەند کە خولقێنەری هونەرەکەیەتی جۆرە تاوانێکی هاوشێوەی کوشتن نییە؟

دروستبونی هونەرمەندێك و تا گەیشتن بە ئاستێکی جوان و داهێنەرانە( قیر سپی دەکات) کەچی لە چاو تروکاندنێکا بەرهەمێکی هەلا هەلا دەکرێت و خەیاڵی دەدزرێت و ڕەنجی بە تالان دەبرێت.

کەم وشە هەیە هێندەی وشەی (غەدەر) بە ئازار بێت بە تایبەت ئەو غەدرەش لەلایەن هاونیشتمان و هاو زمان و هاو خاکەکەتەوە بێت .

لە فەرهەنگی بیر نەچووەی ئێمەدا هەمیشە دوژمنانمان بە پێشێلکار و

تاوانبار و ستەمکار و زاڵم زانیوە، خەباتی ساڵەهای ساڵی ئێمەی کورد لە قبوڵ نەکردنی ئەو ستەم و جەورە قورسەوە بووە کە لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کوردەواریماندا بینیمان و چێژتمان، تا هەنووەکەش باجی تاڵاوی ئەو ڕۆژە ڕەشانە بە سینەو گەرووی پاشماوەی قوربانییەکان و سەرجەم دڵسۆزانی بێگەردی ئەم نەتەوەیە ماوە.

دەبوو ئێمەی کورد پاشی ئەو هەموو زوڵمەی کەتا ئێستاش لێمان دەکرێ ڕێگامان نەدایە خۆمان زوڵم لە خۆمان بکەینەوە، بە دەردی گەورە نووسەرێکی گەورەی وەك (مونیف) لە یەکێك لە ڕۆمانە بە ناوبانگەکانیدا دەڵێت" بەسە ترس، چیتر دڵمان جێگەی ترسی تازەی تێدا نابێتەوە" لەسەر هەواو وەزنی ئەم وتەیەی مونیف منیش دەڵێم " بەسە ئەوەندە مەقهورین و زوڵمان لێکراوە بەرگەی زوڵمی تر ناگرین"

ئەم پێشەکییەی سەرەوە نەخیتابێکی سیاسییە و نە وتارێکە بۆ ڕای گشتی، ئەوەندەی هاوبەشیکردن و لەتکردنی خەمێکە کە ئەمڕۆ بەرۆکی گەورە هونەرمەندێك دەگرێت و سبەی چۆك بە کارە هونەرییەکانی نەوەی ئایندە دا دەدات.

ماوەیەك لەمەو بەر تورکە فاشیستەکان و خۆ ویستەکان بۆ چەند جارێك سایتە تایبەتییەکەی هونەرمەندی کورد و گەورە، هاوڕێم کاکە (عەدنان کەریم)یان هاك کرد، دیارە ئەم کارە لەسەر دەستی کەسانی وەك ئەوان شتێکی

سەیر نییە چونکە ئەوان زادە و خولقاوی زۆنگاوێکی پڕ کینەی وەهان، من لە دڵمەوە پێم ناخۆش بوو بە هاك کردنی ئەو سایتە جوانەو لە کار خستنی و لە شوێنیدا دانانی وێنەی ئالاَی تورك و وێنەی کەمالیستەکان، دوو جار پێم ناخۆش بوو جارێك وەك کوردێکی ئەم نەتەوەیەو جارێك وە هونەرمەندێك کە ڕەنگ بێت من زیاتر لەو ئازارە تێبگەم.

ئێمەی کورد تا ئەمڕۆژەش گوێگرتنمان خالّی نەبووە لە بەرهەمی جوانی گەلانی تر، دەیان گۆرانیی جوانی عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەرمەنی و ئینگلیزی و تورکی لەلامان خۆش بووەو هونەرمەندەکەشیمان لەلا گەورەو جوان و خۆشەویست بووە، هیچ کاتێك زۆرێك لە ئێمەی کورد هونەری میللەتەکانی دراوسێمان بە سیاسەتی ولاَتەکەیەوە گرێ نەداوە، بۆ نمونە ئەو کاتەی دەسەلاَتی برا عەرەبە چاوەڕەشەکانمان دەیان کوشتین و قات و قڕیان دەکردین کەچی ئێمە ڕقمان بۆ دەنگی هەندێك هونەرمەندانی عەرەب نەبوو بەوێنەی( نازم غەزالی و یاس خزر و کازم ئەلساهیر) ئاخر جوانییەکانی هونەری ئەوان دەگەیشتە لای ئێمە نەوەك سیاسەتی چەوتی دەوڵەتێك گەرچی لای ئێمەش زۆر کەسمان توندڕەوانە لە پەرچەکرداری ئەو هەموو ستەم و ناهەمواریيە، تەواو ڕاست و چەپیان بە هەموو شتێك دەهێنا ئەو شتانەی کە لای ئەوانەوە بۆمان بهاتایە(ڕەنگە ئەوە بچوکترین حەقی خۆشیان بێت)، لێرەوە دەمەوێت ئەوە بڵێم تا ئەم ساتەش(کە من لە گەڵیدا نیم) بەشێکی زۆری هونەرمەندانی کورد ،

میوزیکی بەرهەمەکانیان بە دەستوپەنجەی تورک ژەنەکان دەژەنرێت و پارەی جوانی ئەم ولاٌتە کە پارەیەکی کەم نییە دەڕژێننە گیرفانی ستۆدیوکانی تورك و میوزیك ژەنەکانیان ، لەهەمووشی سەیرتر ئەوەیە کە دەسەلاٌتی کوردی هاو کۆك و هاو سۆز و یاریدەدەری ئەم بارەیە، هاوکاتیش ڕاگەیاندنەکان ئەو بەرهەمانەی کە لە ولاٌتە دراوسێکان بەرهەم دەهێنرێت پشکی شێری پێدەبەخشن لە ڕیکلامکردن و دابەزین و کڕینەوەیان و بانگهێشتکردنیان.

من دەپرسم، پاش هاك کردن سایتی هونەرمەندێکی بە توانای وەك (عەدنان کەریم)، تورك دەتوانن دەنگی ئەم هونەرمەندە نازدارە بکوژێننەوە یان تەنها چەوتی ڕووی خۆیان بۆ سەرجەم کۆمەلٌگای بەشەری دەخەنە ڕوو؟.

گریمان ئێستا کێشەکە ململانێیەکی مێژووی ئەم دوو نەتەوەیەیە و ئەوان سەرفەنەزەری لێناکەن.

ئەی باشە کورد بۆ خۆی دەبێتە قەراسینەی کارو بەرهەمی هونەرمەندان؟؟

ئەی ئەو فەزاحەتەی نێو بازاڕ لەمەڕ خراپبوونی ڕەوشی کڕین و فرۆشتنی ئەو بەرهەمە نازدارانەی هونەرمەندی کورد بەچی ناوزەد بکەین و کێی لە پشتە؟؟

باشە ئەم میللەتەی ئێمە چەند داهێنەری هەیە تا ئاوا بەحەقی بەرهەمی هونەرمەندان بکەن؟

بۆ دەبێت بە چاوێکی زۆر بێبایەخ و سانا سەیری بەرهەمی هونەریی بکرێت؟ ڕۆژانە لەم کوردستانە پارە بەهەموو شتێکی تر دەدرێت تەنها بە بەرهەمی هونەرمەندان نەبێت؟؟

لەم ولاتە نرخی پارچە زەوییەك گەیشتۆتە نرخی مولکێك لە ولاتێکی وەك بەریتانیا، بۆ مانەوەی ٢ شەو لە هۆتێلێکی شاری هەولێردا دەبێت دوو ئەوندە پارە بدەی و بە دلنیاییەوە زیاترە لە خەرجی شارێکی وەك دوبەی !!

خۆ نان خواردنێك لە ڕێستوارنتێکی ئەم شارە پارەکەی زۆر لەوە زیاترە تۆ بچی ژەمێك لە فەرەنسا بخۆیت، پرسیارەکە ئێستا ئاشکرایە بۆ دەبێت نرخی هەموو کالایەك بەرز بێت و گران بێت کەچی نرخی بەرهەمی هونەرمەندان وا تالان فرۆشە؟؟؟

لەم ڕۆژانەدا ئەوەم بیست کە هەندێك بەرهەمی بلاو نەبۆوەی هونەرمەند (عەدنان کەریم)دزەی کردووەو لە سەرجەم شارەکانی کوردستان و بە تایبەت لە شاری سلێمانی بلاو بۆتەوە، من لە سەرەتادا بڕوام نەبوو تا خودی هونەرمەند جەختی لەسەر کردو بە خەفەتێکی زۆرەو پێی وتم " تەنانەت خۆشم نازانم چۆن لێم دزراوە و وەها بلاوبۆتەوەو" بەدەنگێکی هێمن و بە قەهرێکەوە وتی " ئاخر ئەم کارانە تەنها دیمۆیەکە و بە شێوەیەکی تەواو تۆمارم نەکردوون تەنها بەشێوەیەکی زۆر سادە تۆمارم کردبوون کە لە ئایندەیەکی نزیکدا کاریان بۆ بکرێت و شتێکی گەورە و جوانی لێ دروستبکرێت".

سەد حەیف ئەو دەستە چەتە ئاسایانە ڕێگا یان نەدا ئەو بەرهەمەی عەدنان بەو شێوەیەی خۆی دەیەوێت بیخاتە بەر گوێی بیسەران و جەماوەری.

دیسان دەپرسم باشە تۆمارگاکان بۆ هەڵوێستیان نەنواند بەرامبەر ئەوە؟؟

واتە بۆ هێشتیان ئەو دەستەی هەستا بەم کارە دزێوو چەپەڵە هاوکاری بکەن؟ دەبوو نەیان هێشتایە بلاۆبکرێتەوە، دەبوو ڕێگەیان نەدایە ئەو دەستەی ئەو کارەی کردووە بازاڕ گەرمی بۆ بکەن، دەبو چاوەڕوان بوینانە ئەم بەرهەمە تا ئەو ساتەی بە شێوەیەکی جوان میوزیکی بۆ بکرایە و هونەرمەند بەشێوەیەکی جوان لە ستۆدیو تۆماری بکردایە و پاشان لە ڕێگای یەکێك لە کۆمپانیاکانی بلاۆکردنەوە بلاۆی بکردایەتەوە..

بەداخەوە پاداشتی گەورە هونەرمەندان لەم ناوچەیەی ئێمەدا ئاوایە!!

بە داخەوە تا ئەم ساتەش نازانین چۆن هونەرمەندانی خۆمان خۆش بوێت!!

دڵنیاشم ئەمە زەنگێکە بۆ بەرەڵاییەك کە تەنها خودا دەزانێ کێ لێی بەر پرسیارە!!

## کاریگەری ستایلە میوزیکییە بیانییەکان

بارێکی سروشتییە کە کاریگەری ستایلە میوزیکییەکان بەسەر گۆرانی و میوزیکی کوردییەوە هەبێت، ئەم کاریگەرییەش ئاکامی بەیەکدا چوون و قبوڵکردنو نەکردنی کولتورەکانە، هەندێکجار بوونو ویستی مۆدێلێك ئەمە دروست دەکات.

حاڵەتێکی ئاساییە کە میللەتێك بتوانێت دەرگاکانی هەست و سەرسامییەکانی خۆی بە ڕووی هەموو چەشنە میوزیکییەکانی دنیا بکاتەوە، ئەوەی ئەمڕۆش لە دنیادا بەرچاوە لەو زەمەنە خێراو سەردەمە نوێیەی پەیوەندییەکانی ئاڵوگۆڕی چێژو مەعریفەتو تێگەیشتن لە کەلچەرە جیاوازەکان، لە شێوازە سەیرەکان ئەگەرچی میللەتێکیش بەتەنها خاوەنی نەبێت.

(rap-pop- jazz- rock ) تا دوایی لە ستایلەکانی تر، چەندین شێوازن کە سەرچاوەکانیان کوردی نین، بەلاّم هیچ میللەتێك قۆرخی نەکردووەو ویستی هیچ میللەتێکیش نییە بۆ میراتگری، هەر لەم ستایلانە دەیان کەرەسەی هاوبەش هەن بۆ هەڵسوڕانی ئەم شێوازە یان ئامێرە بەکارهاتووەکانی کە دەکرێت منو تۆش بەکاریان بهێنن، دەیان ئاوازی جۆراوجۆر دەبنە ڕەگەزێکی زیندووی ئەم ستایلە دەیان شێوازی وتن، شێوازی لێدانی میوزیك، شێوازی دابەشکردن، ئەمانە بە ویستو بێویست مادەیەکی سەرەکین تا مرۆڤ بەگشتی بتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

گۆرانی کوردی بەشێوەیەکی بەرچاو نەیتوانیوە سوود لەم ستایلانە ببینی، ڕەنگە چەندین هۆکار هەبن کە لەوانە:

تا ئێستاش زۆرینەی هونەرمەندی کورد هەژارە لە تێگەیشتنی ئەم ستایلانە، تا ئێستاش ڕادەی چێژ وەرگرتنیان دوورە لە ئیحساساتی ئەم جۆر میوزیکانە.

نەزعەیەکی قەومی باڵی بەسەر ڕەوتی بیرکردنەوەی بەشێکی زۆری هونەرمەندان کێشاوە کە ئیتر مەترسییەك بەچواردەوریدا دروست دەبێت گەر تێکەڵ بوو بە جیهانی دەرەوەی، بەو پێیەی کە هێشتا گۆرانی کوردی قۆناغەکانی خۆی تێنەپەڕاندووە یان بە بیانووی پووکانەوەی ستایلی کوردی ، گەر توخنی ئەم لێشاوەو تەوژمانە بێت، کە ئەمەش جۆرێك لە ڕای جیاواز دروست دەکات.

هەندێك تا ئێستاش بەرهەمە هونەرییەکانیان بە ویستی ئیحساساتی خەڵکە ، خەڵکی گشتی، دابەزیونەتە نێو ئاستە نزمەکان، ئەمەش ئامانجی تری لە پشتە، لێرەوە ئەو ترسە هەمیشە بەردەوامە کە خەڵك چۆن لەم ستایلە نامۆیانە تێبگەن.

هەندێجار دەست نەکەوتنی ئامێرە پێویستەکانی ئەم ستایلەو زەمینەی گونجاو بۆ فێربوون و ژەنینیان، ئاخر شتێکی کۆمیدییە تۆ نەگەیتە ئاستە

بەرزەکانی توانای ژەنینی ئامێرێكو تێگەیشتن لە ئیحساستی ئامێرەکە، کەچی بەزۆر بیخەینە نێو بەرهەمێکی کوردی.

ئەمانە کۆمەڵێك هۆن کە نیشانەن بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتانە وەك پێویست نییە، بەلاّم ناکاتە ئەوەی بوترێت(هەوڵ) نییە بۆ کردنیان، یان هەوڵ نەبێت بۆ گوێگرتن لێیان یان سوود وەرگرتن و سەرسام بوون پێیان.

## کوشتنی جوانی

دیاردەی نەمانی شتە جوانەکان پرسیارێکە بیٚ وەلاّم، لەم دواییەدا زۆر شت دەرکەوتن و نەمان و زۆر شتی ناشرینیش تا ئێستا ماونەتەوەو توفیلیانە، کات دەمژێت و پارە دەمژێت و چێژ و هەستی خەڵك دەمژێت ، مانەوەی ئەوانیش دیسانەوە پرسیارێکی بیٚ وەلاّمە..

گرفتی ئەم وڵاتە لەوەدایە ئەوەی لە سەر عەرشی بڕیارە ، خۆی بڕیار نادات بەڵکو بڕیارِی پێدەدەن.. من مەبەستم لە بڕیارە چارەنوسسازەکان نییە وەك بڕیارِی شەرِ و ئاشتی یان بڕیاری دروستکردن و هەڵوەشاندنەوە چونکە ئەوەیان پرسمان پیٚ ناکرێت بەڵکو بڕیار لە ئیحساساتی خودی خۆت وەك لەو کاتەی شتێکی جوان دەبینیت خۆت پێی سەرسامبە وەك ئەوەی دەیبینی یان دەیبیستی، بۆ نمونە ئەو کاتەی دەنگێك لات گەورەیە و چێژت دەداتیٚ یان وەك

ئەوەی شانۆیەك جوانە، گۆڤارێك قەشەنگە، ڕۆژنامەیەك نمونەیی و نەوعییە خۆت جورئەت بەخشبەو بلّێ جوانە، بێ لایەنگیری و تەرفگیری، بێ ئەوەی بزانی سەرچاوەی پەیدابوونی هەریەك لەو شتانە کوێیە، بەر لە ڕق و کینەی شەخسی ، بە داخەوە ئەوەی من هەستی پێ دەکەم وانییە بەڵکو لەم مێژووە کەمەی من ئاگادارم دەیان شت داخراوەو نەماوە بە بیانوی ئەوەی کەسانێتر یان باشتر بڵێم ئەوانەی لە چواردەوەری دەستەڵاتدا نەخشاون ئەوان کاریگەری دروستدەکەن بۆ بڕیاری سەروو ..

تا ئێرە ئەمە کورتەیەکە لەمەڕ تێڕوانینی من بۆ ئەم دیاردەیە، خۆ هێنانەوەی نمونەکان زۆرن بەلاّم لەبەر ئەوەی هەریەك لەوانەی کە شتێکی جوانیان بەرهەم هێناوە ئێستا مایە بەتاڵی ئەو جوانییەن و زۆریشیان لە ژێر فشارە جۆراو جۆرەکان ون بون و قەپاتیان کردووە بۆیە حەقێکی ناسروشتییە هێنانەوەی ئەو نمونانە چونکە بە ناو بردنیان وەك ڕۆژی ڕووناك دیارە چی لە پشتی وەستانی هەریەك لەو حاڵەتانەوەیە..

تا ئێرەش لەوە دەچێت هەموو بەو حاڵە ڕازی بین چونکە عەرەب وتەنی دەڵێت ( بێدەنگی نیشانەی ڕازی بوونە) گەرچی لە پشت زۆر بێدەنگیشدا تورەیی و کاردانەوەش هەیە بەلاّم کاردانەوەی داهێنەران هەمیشە کاری جوانە نەوەك توندی تیژی.

باشە پرسیارەکە لەوەدایە کێ سوودمەندە بە کوشتنی نرخی جوانی؟؟

ئایا لە هەگبەی پرسیار گەلێکی وەهادا ئاماژە نییە بۆ ئەوەی بڵێین دەکرێت ئێمە هەموو دوژمنی جوانی بین؟؟

ئەی ئەو حیکمەتە لە چیدایە کە ڕۆژانە ئیحساسمان لە بەریەکەوتنێکی ناشرینی بڕیارە پەلەکاندایە ئەو بڕیارانەی کە دەرگای چەندین کاری داهێنەرانەی قفڵداوە، تۆ بڵێ ئەم ناوچە جوانەی ئێمە لیپپاو لیپ بێت لە داهێنەران و دەبێت سەرە بۆ پێشکەشکردنی کارە ئەفسوناوییەکان بگرین؟؟ گەلی برا شتی وا هەیە و ئێمە نەمان زانیبێت؟؟

داخی گرانم گەر نەویستانەو بە بێ ویستی خۆت ئەو دەمەی ڕووت دەتەقێ بە ڕووی نوێنەرێکی دەسەڵات ئەگەر حکومی یان حیزبی ، ئەوەندە بچوکت دەکاتەوە کە هاتیتە دەرێ لای، تف لەو ڕۆژەش دەکەی کە تیایدا لە دایك بووی، سەیریش لەو پرسیارانەیە کە خۆت لە خۆتی دەکەیت باشە بۆ چومە بەر دەمی ؟؟

ئەو چییە تا وەها ڕەفتار بکات؟ بۆ ژیان بۆ ئەو و چواردەور و هاوشێوەکانی حەلاڵ بێت ، ئەوێك کە فڕی بە چالاکی داهێنەرەکانەوە نییە؟ ناوی ٢ فیلمی خەلاتکراوی ئۆسکاری لێ بپرسە ، تەقەی سەری دێ، ناوی تاقە نووسینێکی تازەی نووسەرێکی گرانبەهای لێ بپرسە ئەشلە ژێ، خۆ کفرە گوێش لە دووا شاکارێکی هونەری بگری، حەرامولڵا یەك دێڕیش لەو ڕۆژنامەیە بخوێنێتەوە کە خەڵك خۆشی دەوێت..

دیسان دەپرسم ، کە کەسێك نامۆ و دوور بێت بەو هەموو جوانیانەی دنیا ، ئەدی بۆ دەرگای جوانییەکان بەڕووی خەڵکی تردا لە سەر دەستی خۆی دادەخات؟

## کێشە هونەرییەکان بێ چارەسەرە

لە نێو پانتاییەکی بێ سەروبەردا هەندێجار هەوڵەکانی مرۆڤ چەندە جدی و دڵسۆزانە بێت بەڵام لە قۆناغێك لە قۆناغەکاندا ئیتر تواناکان دەپسێت و پشت لە هەموو هەوڵ و حەز و چالاکییەکان دەهێنرێت ، ئەمە ناونیشانی ئەو بارەیە کە ئێستا گۆرانی ومیوزیکی کوردی پێیدا دەڕوات.

سەیر لە بەردەوامی بوندا نییە بەڵکو کارەسات بەردەوامییە بە جوانی وجدی، چونکە لە مێژە ئەوە دیارەو هاوکاتیش مێژووی بوارەکان ئەوەیان سەلماندووە کە بەردەوامیی بوون بە زۆر و تکا و رجا نەك هەر ڕوویەکی جوانت ناداتێ بەڵکو ئەو ڕووە جوانەشی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان هەتبووە لە بەرچاوی خەڵکی بخات.

من دەزانم کە ڕێگای داهێنەران سەخت و دژوارەو بۆ خولقاندنی بەرهەمێکی جوان دەردە سەرییەکی زۆر میوانت دەبێت، هەموو ئەمانە قبوڵو لە بەرچاوە، بەڵام کێشەی هەرە سەرکی ئەم وڵاتە بێنازە ئەوەیە کە نازانێت بەرهەمی جوان و داهێنەرانە بەر کوێ دەکەوێت و کێ وەرگرو داکۆکیکەرییەتی.

گەر چاوێك بە ڕەوشی هونەرمەندانی دنیادا بخشێنین بۆت ئاشکرا دەبێت کە بوون و نەبوونیان لەسەر جۆری تواناو کەفائەتیانە، بۆیە هەواڵی هونەرمەندێکی لێهاتوویان دەبێتە هەواڵی ڕۆژو باس و خوازیان و بە گرنگییەوە تەماش دەکرێت وکاری بۆ دەکرێت، ڕاگەیاندنەکانیان گرنگی پێدەدەن.

لەمدووایییەدا لە نێو هەواڵەکانی هونەرو هونەرمەندانی ئێمە، کەهەندێك لەو هەواڵانە( هەواڵی سەر شەقام بوون، واتە هەواڵی سەر زاری خەڵك بوون نەك هی ڕاگەیاندنەکان!!!!) هەندێکی تریان کزۆڵانە لەچەند سایتێکی ئەلکترۆنی و چەند ڕۆژنامەیەکدا بەدەرکەوتن، سەرنجیان ڕاکێشام ، دیارە سەرجەمی ئەو هەواڵانە دەبوو بەدوداچونی بۆ بکرایە و دەنگۆی لێبکەوتایەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کە پێگەی هونەر لای ئێمە لەدووا ڕیزبەندی هەموو شتەکانەوەیە بۆیە نەك هەر نەبوونە جێگەی پرسیار و گومان و لێپیچەنەوەو ئیش بۆکردنیان و هەڵا نانەوە بەڵکو ئەوەندە بچوك و شەرمنانە بوو کە بە ئەندازەی ئەو شەرمنییەی خۆی سەری نرایەوە.

من حەزم دەکرد ڕاگەیاندنەکان ((دەسەڵات))یان لەم هەواڵانە بە خەبەر بهێنایەتەوە، نەك لەبری جارێك باسکردن بەڵکو چەندینجار بیان وروژانایە، بەڵکو ئێ ئەمە خوایە بۆ جارێکیش بێت بە ڕێکەوت خەمخۆرەکانی دەسەڵات بەدەنگەوە بهاتنایەو لە تان و پۆی ئەم مەسەلانەیان بکۆڵیبایەوەو چارەسەری ڕیشەییان بۆ بکردایە.

وەرن با پێکەوە جارێکی تر هەواڵەکان بخوێنینەوە، گەر ئێوەو دەسەڵاتیش بەلاتانەوە گرنگ نەبوو ئەوا لێم ببورن هیچمان لەدەست نەچووە تەنها چەند چرکەیەك بۆ خوێندنەوەی ئەم بابەتە وەك سەرجەم چرکە بەسەرچووەکانی وڵاتەکەم.

١- دزە کردنی چەند بەرهەمێکی تۆمار نەکراو (بەشێوەیەکی تەواوبوو)ی هونەرمەند(عەدنان کەریم) کە بڕیار بوو بیانکاتە ئەلبومی ئایندەی، لە نێو سەرجەم شاروشارۆچکەکانی کوردستان و جێگاو فرۆشیاری بەرهەمە هونەرییەکان بەبەرچاوی خودی هونەرمەند و سەرجەم هونەرمەندان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دەسەڵات.

٢- وازهێنانی هونەرمەندی بەتوانا و دەنگخۆش(مەریوان سەفادین) لە گۆرانی وتن .

٣- وازهێنانی دەرکردنی بەرهەمی گۆرانی بەشێوەی سیدی لەلایەن هونەرمەندی بەتوانا(هێمن حسێن) کە لەمدواییەدا سیدییەکی زۆر جوانی دەرکرد و خواستمان ئەوە بوو بەردەوام بێت نەك وازبهێنێ.

٤- کۆپی کردنەوەی چەندین هەزار دانە لە سیدییەکەی هونەرمەندی گۆرانیبێژ(چۆپی فەتاح) کە بەر لەبلاوکردنەوەی، بەهەزارانی لێ کۆپی کرا لە وڵاتانی وەك سوریا و تورکیا و هێنانەوەی بۆ بازاڕی کوردستان.

٥- پشتگویٚ خستنی ئەو مەحزەرەی کە بەر لە دوو ساڵ لە کۆنفرانسێکدا نووسرایەوە بۆ پاراستنی مافی بەرهەمی هونەرمەندان و پێشکەشکردنی بە پەرلەمانی کوردستان.

٦- هەڵوێست وەرگرتنی (نووسەری ئەم باسە) کە لە کۆنگریەکی ڕۆژنامەوانیدا کە ڕۆژنامەی جەماوەر لە شاری هەولێر بۆی سازکرد.

٧- گۆڕینی پڕۆژەی تەلاری هونەر لە سلێمانی بە تەلاری بازرگانی.

٨- ئەو پارچە زەوییەی لە هەولێر بۆ تیپی شانۆی سالار دابینکرا بوو درا بە خەڵکانێك بۆ دروستکردنی (سوپەر مارکێت).

٩- دیاردەی نووسین و توانجی زۆر بیٚ مەعناو تەشهیر بە هونەرمەندان و ڕێگە خۆشکردنی هەندێك ڕۆژنامەو سایتەکان بۆ ئەم جۆرە نووسینانە.

ئومێدمە پاش خوێندنەوەی ئێوە ، وەزارەتی ڕۆشنبیری خۆێندنەوەیەکی دڵسۆزانە بکات بۆ ئەو کێشانەی گەر ئەمڕۆ بەرۆکی ئەم هونەرمەندانەی گرتبیٚ ئەوا لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرجەم هونەر و بوارەکانی هونەر و ڕۆشنبیری دەگرێتەوە.

## تەقەشوفی حکومی

هونەرمەند بێ ئاگا نییە لەو تەوژمە گەورە هونەرییەی کە لە دنیادا بلاّوە و ولاّتانی ئێستا پێیدا دەڕۆن، هونەرمەند و جەماوەر بەردەوام ئەو گەشە بەرچاوەی میللەتان دەبینن کە بە هونەری بەرز خزمەتی ولاّت دەکەن ، گەلی کورد وەك سەرجەم گەلانی دنیا دەتوانێت خۆی و کەرەسە لە بن نەهاتووەکانی وەگەڕ خات بۆ ئەم ئامانجە، هونەرمەندانی ئەم میللەتە دەستەوسان نین بۆ خزمەت، بەلاّم ئەوەی زیاتر هاوکار و پشتگیریکەری ئەمەیە پێویستبوونی دەزگا و سیستەمی شارستانی و مەدەنیی ئەوتۆی تایبەت بە هونەر و بوارەکانی هونەر تا لێوەی بەردەوام بوونی دیالۆگ و پێداچوونەوە بەو کەموکوڕی و بۆشایی و عەیب و خەوشانەی کە بە ویست و بێ ویست خزاونەتە نێو بواری هونەری، ناکرێت میللەتێکی پڕ لە حەزی هونەریی بە تەنها بە قەزاو قەدەر هونەر پێشکەش بکات، بۆ نمونە ئەوەی ئێستا ناوی هونەرمەندە با بێین بزانین چۆن دروست بووە؟ با بپرسین بزانین چ شوێن و کەسێك دروستی کردووە کام دامەزراوەی هونەریی پالّپشتی بووەو چ شوێنێك هەیە سپۆنسەری مەعریفە و تواناکانی کردووە و کام دەزگای هەلّسەنێنەر بوونەتە دەست نیشانکەری کەموکوڕی و کەلینەکانی؟؟ لەوەلاّمی هەموو ئەو پرسیارانەی باسمان کرد بوونیان نییە و هونەرمەند لەم ناوچەیەدا تەنها حەز کاری پێدەکات تەنها خەم و حەسرەتێکی ویژدانی خۆی و

میللەتەکەیەتی ئەیجولێنێت بۆ چالاکییەك کە ناوی هونەرەو هونەرمەندیش هەر ئەوەندەی لێدەزانێت و هەر ئەمەندەشی بەر دەکەوێت.

بەلاّم پاشی بیست سالّ لە رِزگار بوون جێگای پرسیار گەورەیە کە بۆ هونەر لەبەردەم ئەو قەزاو قەدەرەدا بێت، چۆن هونەرمەند دەتوانێت بەردەوام بوون دروست بکات؟ یا باشتر بلێین چۆن بەجوانی بەردەوام بێت؟ یان ئازایانەتر بووترێت چۆن بتوانین کێبرِکێی میللەتان و گەلانی دنیا بکەین کە رِۆژانە بەرهەمەکانیان زۆر بە ئاسانی دەگاتە لای ئێمە، خۆ ئەمە جاران نییە کە میللەتان بێ ئاگا بن لە هەوالّ و توانای یەکتر، تەکنۆلۆجیا وایکردووە کە بە ئاسانی و لە چاوتروکاندنێکا رِووداوێکی بچوکی بیابانی غەربیمان بۆ بگوێزێتەوە ، بۆیە لەگەلّ هاتنی ئەو گلۆبالیزەیشنەدا پێویستە موراجەعەی ئەو میکانیزمییەتە بکرێتەوە کە دەسەلاّتی کوردی گرتویەتیە بەر، چیتر قبولّ ناکرێت کەمتەرخەمی بکرێت لە دامودەزگا شارستانی و رِۆشنبیریی و هونەرییەکان( ئەگەر هەبن) بە هەر بیانوویەك بێت، ئێمە پێشتر داوامان ئەوە بوو ئەم موئەسەساتانە لە ئایدیۆلۆجی حیزب و پارت و عەقلە عەسکەرتارییەکان دامالّرێن، خەونمان ئەوە بوو رِێکخراوێك ، دامەزراوەیەکی مەدەنی لە دەرەوەی بیرکردنەوەو ئەجندای حیزبەکان بونایە، لە گیرفانی حیزبەوە هەلّنەقولاّنایە، کەچی ئێستا خەم و قسەی ئێمە جۆرێکی ترە !!و خواخوامانە ئەو رِێکخراوەی تەنانەت حیزبیش بەرِێوەی دەبات داینەخەن و نەیمرێنن لە برسا ،

ئەمە ئەوپەڕی بێ هیوایی و خەمساردییە، کە دەسەلأت لە هەموو هۆشێکەوە ئەم کارە بکات خۆ گەر لە بێ ئاگا بوونیشەوە بێت ئەوا هەردووکی کارەساتە.

بچوککردنەوەی توانای موئەسەسات مانای گەورەکردنو باڵادەستبوونی نا دیموکراتی بوونە، لێدان لە بودجەو پێنەدانی پشتگیری و یارمەتی بۆ ڕێکخراوە هونەرییەکان مانای ئەوەیە دەسەلأتی کوردی ئەسڵەن پێی شەرمە شتێك هەبێت بە ناوی هونەر و ڕۆشنبیری. ئەگینا مانای چییە بودجەی فیستڤالێکی هونەریی ( کە ئێستا بە هیچ شێوەیەکیش ناکرێت) هێندەی مەعاشی پەرلەمانتارێك بێت لە مانگێکدا ؟؟؟؟

ئەی حیکمەت لەوەدا چییە کە نەسریەی ڕێکخراوێکی هونەرمەندان ئەو ڕێکخراوەی بە حیسابی خۆی دەیەوێت نوێنەرایەتی سەرجەم هونەرمەندانی کورد بکەن لە هەموو بوارە جیاجیاکانی هونەر وا کورت و کوێر بکرێتەوە کە توانای ئەوەی نەبێت خزمەتگوزارێك ڕابگرێت بۆ پاکردنەوەی بیناکەیان؟؟

من پێمخۆشە ئەو مەبدەئی تەقەشوفە سەرجەم بوارەکانی تریش بگرێتەوە، بۆ نمونە ئایا حکومەت تا ئێستا وازی لە ئیفادە زل زلەکانی خۆی هێناوە بۆ کۆریا و وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا ؟؟؟

ئەی تا ئێستا زۆرینەی ڕاوێژکارەکانمان وازیان لە دەعوەتە چەور چەورەکانی خۆیان هێناوە و وازیان لە سەفەر و ئیفادەکانی خۆیان و کەسوکاریان هێناوە ئەی ئەمانە مەسرەف نین ؟ لە گیرفانی خۆیان خەرجی دەکەن؟ ئەی لە ئێوارە

خوانێكی سەر شەرەفی هەر مەسئولێك پارەی دەرچونی یەك ڕۆژنامە لە تكەو كەباب خەرج ناكرێت؟؟ پارەی كێیە؟؟ هی خۆیانە؟ لەكوێیان بوو؟ ئەی بۆ ئێمە نیمانە؟؟

من تێناگەم لەو شەفافییەتە ؟؟ بۆچی بەیەكجار تێمان ناگەیەنن كە بلێن چیتر بێدەنگ بن و بۆخۆتان لەماڵ كڕ بكەون؟؟

تەنها یەك پرسیارم لە سەرۆكە یەك بەدوای یەكانی كورد كە بەتەناوب حكوم دەكەن ئایا ئێوە لەو میكانیزمەی خۆتان ڕازین؟ هەر واش دەمێننەوە؟؟

## میوزیك و گۆرانی بۆ دراما و فیلم

هەوڵی هونەرمەندی كورد بۆ بەدیهێنان و دروستكردنی فیلم و دراماكان بەردەوامە، گەرچی وەكو سەرجەم لقەكانی تری هونەر ئەمیشیان بێ پێشینەو زەمینەیەكی تەندروست هاتۆتە مەیدانەوە، ئەوەی هەیە هەوڵە بەراییەكانی هونەرمەندانە و زەخیرەی بەسەرهات و نەهامەتی كورد و داستان و قارەمانیەتی مێژووی میللەتە كە دەبێتە ناوەڕۆكی بەشێكی زۆری دراماكان، دیارە لە لایەنە جوان و دیارەكانی دراماو فیلمی كوردی، میوزیك و گۆرانییە كە هاوڕای وێنەكان و ڕووداوەكان دەبێتە گێڕەرەوەی كۆی بە سەرهاتەكان ، لێرەدا میوزیك هاوتەرییە لەگەڵ گرتەو ئیقاع و زەمەنی كارەكە، هەر ناهارمۆنییەتێك سەراپای

کارەکە زەرەرمەند دەبێت، نەگونجانی ئیقاعی مەشهەدێك هەڵەیە بە میوزیك پڕ بکرێتەوە و بۆشایی لە دیالۆك و درێژ بوونەوەی گرتەیەك کە پێویست بەو هەموو هێشتنەوەیە نەکات لەو کاتەدا ئەرکی میوزیك نییە چەواشەمان بکات و ئەو بۆشاییە بەبێ هیچ جەدوایەك پڕبکاتەوە.

پرۆفیشنالێتی و تایبەتمەندبوون بەم کارە ئەرکێکی زۆر گرنگە، بۆ بە دەستهێنانی ئەم تایبەتمەندی بوونەش ئەوا بە تەنها زانیاری لەسەر میوزیك بەس نییە بە هێندەی زانین لە وردەکارییەکانی بەشەکانی فیلم و دراما هەروەك جولاندن و گرتەی کامێرا و ئەو تەکنیکانەی کە دەرهێنەر و مۆنتێر لە کاتی مۆنتاجدا جێبەجێی دەکەن و سەرباری ئەمانەش بوونی ڕادەیەکی پێویستی ڕۆشنبیری بۆ هەرسکردنی بیرۆکەی چیرۆك و خوێندنەوەی وردی سیناریۆکە و پرسکردن لەو زانیاریانەی کە تەمومژاوین و تێگەیشتن لەزەمەنو مێژووی بەسەرهاتەکان چونکە بەڕاستی ئەمەیان وا دەکات کە میوزسیان بتوانی نەخشەو پلان بۆ ڕستەی سەرەکی ڕووداوەکان دەستەبەر بکات، بۆ نمونە ناکرێت ڕووداوەکانی درامایەك بۆ مێژوویەکی کۆن بگەڕێتەوە بەلام مامەڵەی میوزیکی وێنەی بە قالبێکی وەها بێت کە گوزارە لە شارستانییەتیەکی زۆر مۆدرێن بکات.

ئەوەی ئەمڕۆ لەلای هونەرمەندانی میوزیسیانی کورد دەبینرێت جگە لە ئەزمونە بەرابیەکانی خۆی و هەوڵدان بۆ فێربوون و ئەزموون وەرگرتن ناتوانین بڵێن

کەسانێکی پسپۆڕ تایبەت بۆ ئەم بوارە خولڤاوە، ئەمە قسەیەکی ناهەقی نییە چونکە ئەم دیاردەیە وا بەئاسمانی زۆرینەی لقەکانی تری هونەر وەك بوارەکانی سیناریۆو کامێراو مۆنتاج و هەندێکجاریش دەرهێنان.

دەشێت گۆرانییەك زۆر جوانو خۆش بێت بەڵام خزمەتی تایتڵی درامایەك نەکات ، ئەمە بۆ کەمدەستی وهەژاری لەم بوارەدا دەگەڕێتەوە، گۆرانی درامی هەڵگری گێڕانەوەی بەسەرهاتێکە کە ڕەگەزی وشە یان باشتر بڵێن شیعر تێیدا سەرکەشە و میلۆدی دەبێت بە بالآی ئیقاع و هەڵچون و داچوونی ڕووداوەکان بێت و ئەداکردنی گۆرانیبێژ لەوەدا بنوێنرێت کە خزمەتی وێنەکان بکات نەوەك وێنەکان ئەدای ئەم نمایش بکات.

بەگشتی ئومێدمان بە برا میوزیسانەکانە بۆ دەوڵەمەندکردنی زانیاری و بە دوواداچونیان تا لەبەردەم ئەو دراماو فیلمە بەهێزانەی دێنە بەردەستیان دۆشداماو نەبن.

## نەمریی گۆرانی

لەمرۆژانەدا کەوتمە خەیاڵی ئەو گۆرانییە نەمرانەی کە تا ئێستاش لەزەتی خۆیان ون نەکردووەو لەو دەمەی کە گوێی لێدەگریت وا هەست دەکەیت کە نۆبەرەی ئەو ساڵەیە.

گۆرانییەکن زۆربەی پێکهاتەکانی پڕن لە بابەتی تازە پڕن لە سەرکێشی پڕن

له وێنەی جوان و ساتی نەشئەبەخش، ئەو دەمەی گوێی لێدەگریت بەگۆرانی دوێنێ و ڕابردوو وێنا ناکرێت ، بەڵکو هەمیشە خوێنێکی نوێ بە دەمارەکانیدا ڕەت دەبێت و پەلکێشت دەکات بۆ ناو خۆی و کۆنترۆڵت دەکات..

دەبێت سیحری ئەوە چی بێت کە گۆرانییەك پاش تێپەڕبوونی زەمەنێکی دوورو درێژ بەسەریدا پاش هەموو ئەو گۆڕانە خێرایانەی کە بەسەر دنیادا بە گشتی و دنیای میوزیکدا بە تایبەت هاتووە، کەچی ئەم هەر سەرچڵ و پێشەوایە؟؟

دەبێت لوغزی سەردەمبوونی گۆرانییەك چی بێت، کە نایەوێت نازناوی گۆرانی ڕۆژ لەخۆ بگرێت، ئاخر ئێمە گۆرانی ڕۆژ و سەعات و بۆنەمان زۆرەو گەر زیادە ڕۆیشم نەکەم گۆرانیشمان هەیە دوای تەواو بوون لە گوێگرتنی لە ئەو کاتەی کە گۆرانییەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت تەمەنی بەسەر دەچێت جا زەمەنی گۆرانییەکی پێنج دەقیقەیی بێت یان زیاتر.

پێموایە ئەم قسەیەش دروستە بۆ سەرجەم گۆرانی گەلانی دنیا، چونکە ئەم دیاردەیە وا بەستەی تەنها میللەتێکی وەك کورد نییە، بە تەماشایەکی ورد لە مێژووی هونەری میللەتانی دراوسێش کە ئێمە لە گوێگرتنی بەرهەمەکانیان بێبەش نین ئەوە تێدەگەین کە ئێستا تەوژمێك لە گۆرانی بێ هێز باڵی کێشاوە بەسەریاندا کە لەگەڵ زیاد بوونی ژمارە و چەشنی ئەو گۆرانیانە ئەوەندەی تر

قیمەت و بەهای گۆرانییەکانی سەردەمانی پێشوویان جوان و زێرینتر دەکات، بە تایبەت لە نێو گۆرانی میللەتانی وەك عەرەب و فارس و تورك و ئازەر و ئەرمەن

که هەر ئەمەشە وای لە ڕەخنەگرانی ئەو بوارە کردووە کە بە توندی قسە لەسەر ئەم ڕەوشە مەترسیدارە بکەن و ناوی بنێن بە (وێران بوون و قەیران و لەدەستدان).

هەر لەم گۆشە نیگایەوە گەر سەرنجی بەرهەمە گەورەکانی ئەو میللەتانە و میللەتی خۆشمان بدەین ئەم دیاردەیە بوونی زەق و دیارە، بونێکە کە ناتوانین چاوی لێ بنوقێنین و یان لەکاتی گوێبیستی بەرهەمێکی ناوازەدا ئەو پرسیار و گومانەمان لا جێنەهێڵێت.

پرسیارێکە کە ئەو ڕەهەندانە چین و چۆنن کە وایکردوو گۆرانییەك بە نەمری لە نێوماندا دەهێڵێتەوە ، وەك گۆرانی (پەپولەی ئازادی) مامۆستا مەزهەری خالقی و پارچە مۆسیقای(هۆرە)ی مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی و مەقامی(گۆمەشین)ی هونەرمەندی بەرز ناسری ڕەزازی و (غەمگین و دڵ پەشێوم)ی مامۆستا سەید عەلی ئەسغەر و (چارۆکە هەولێرییە)ی مامۆستا حەسەن زیرەك و (شەنگەبیری)ی مامڵێی گەورە و چەندین و چەندینی تر.

نرخی ئەم بەرهەمانە لە کۆی گشتی بەرهەمەکەدایە لە بەرزی ئاواز و جوانی و سازگاری ئاوازەکاندایە کە هاو سۆزن لەگەڵ سەراپای جوانییەکانی وەرگر، ئاوازێك بە سادەیی دێت و بەڵام بە قوڵایی ناخەکاندا دەنیشێتەوە ، بە سادەییەك

دروستدەبێت کە هەموو پێمان وایە بتوانین دروستیان بکەین بەڵام کە بمانەوێت لاسایی بکەینەوە قورسیی و سەنگییەکی زۆری تێدا بەدی دەکرێت، ئاوازەکان لەوەی هەست بکەین میکانیکییە هەست بەوە دەکەین لە ڕۆحێکی زاهدەوە دروستکراوە، ڕۆحێکە هێشتا بە دنیای جەنجاڵی مادەوە تۆزاوی نەبووە، بۆ هامڕابوونی ئەم ئاوازانەش تێکستە بەرزەکان بەرجەستەکراون کە وشەگەلێکن گوزارشتیان لە حەسرەت و قەهری ئینسانە بە گشتی و بەدەرخستنی ئەو پەڕی جوانیبینن و فەنتازیای وێنەکانە، شیعرێکن بۆ خەمێك بۆ سروشتێك کە مرۆڤ تێدا سەرکەشە، کە ئینسان تێیدا گەورەیە، کە بوونت وەك ئادەمیزاد ڕادەچڵەکێنێت و شکۆت دەگەڕێننەوە.

بەشێکی تری نەمری ئەم گۆرانییانە جوان وتن و بەرز ئەدا کردنە، کە لەو کاتەی گۆرانیبێژ یان موزیسیانەکان هەست بەوە دەکەن کە پێویستە لە ئاستی شیعر و ئاواز و ڕێکخستنی میوزیکدا کار بکەن، ئەو هەستی بەرپرسیارێتیە دەتخاتە بەردەم پێشبڕکێیەکی جوانی کە لە ئەنجامدا بەرهەمێکت بۆ دەنەخشێنێت نەمرە و کوڕی سەردەمە.

# هۆڵە داڕوخاوەکە

ئەمە ئەو دەستەواژەیە بوو منی وەستان ، ستەمە لە پەراوێزی دەستەواژەی ( داڕوخان) چیتر بێدەنگی، بەڕێکەوت لەم ڕۆژانەدا لە ڕیکلامی شانۆگەرییەکدا نووسراوبوو (هۆڵە داڕوخاوەکەی ڕۆشنبیری)..

گەر بگەڕێینەوە دوواوە هیچ شتێك لە وشەی (ڕوخان، داڕمان، وێران، کاولکاری) ئەوەندە بە وێژدانی ئێمەی کورد دۆست و هاوڕێ نەبووە، هەموو شتێك سانا بوو بۆ ڕووخان، هەموو شتییێك لە چاوەڕوانیدا بوو بۆ داڕمان، هەموو لەحزەیەك خورپەی وێران بوونێك ئەی تەزانین، چرکە نەبوو هەولێکی کاولکارانە دەرگای جوانییەکانی ژیان بەڕووماندا کلۆم نەدا.

ئاخ شارە خۆشی وخێر نەدیوەکەم، دواکەوتی لە پێش و ئێستاشدا ئەوەی هێشتویتیەوە نەخزمەت و نە ئاوەدانییە بەڵکو بوونی ئیسرارێکی سەیری خەڵکەکەیە کە نایەوێت پشت لە جوانییەکانی ژیان بکات.

هونەر بەردەوامەو هونەرمەند بێوچان لە هەوڵدایە و کەچی دەبێت هەر ببینە جێگای بەزەیی ئەو میوانە چاو شینانەی لە سنورێکی ترەوە ڕێی تێمان دەکەوێت، بەزییەك کە خۆت و هونەریشت لە بەرچاو بکەوێت، ئاخر جیاوازی ئێمە و ئەوان ئەوەندە زۆر بەشەر شەرم دەکات باسیان بکات ئەوانێك تا دەگەنە سەر تەختەی شانۆیەك گەردێك بە پۆشاکەکانییانەوە ناکەوێت، بەلاّم کوردە

هونەرمەندێك لەم شارەدا دەبێت لە نێو خۆڵو خاشاکی هۆڵێکدا نمایشی کارە هونەرییەکانی بکات( سەیریش ئەوەیە دەبێت بۆ ئەوەی هۆڵێکی نەشیاو و خراپی ئەم شارە دابین بکەیت، لەسەرتە چەندین تەکلیفی ناخۆش بکەیت ، وەکو خێرت پێ بکەن) ئەم نەریتە سەقەتە تەواوبوونی نییە.

لەم ڕۆژانەدا دەیان و سەدان کورتە نامەو تەلەفۆنم بۆ پیرۆزبایی لەدوواکارم بۆ نێردراوە و بۆ کراوە (ئەمە ریکلام نییە بۆ خۆم چونکە زۆریش پێویستم پێی نییە) تەنها دەمەوێت لە ناوەڕۆکی بەشێکیان بدوێم کە سەرجەمیان حەقیقەتی تاڵو بەئاگایی ئەو خەڵکەیە لەو پانتاییە (نا) فەراهەمەی کە بۆ هونەری کوردی خولقاوەو ئەو بارە نائاساییەی کە هونەری هونەرمەندانی پێدا دەگوزەرێ، هاوڕێیەکی دوورە وڵاتم کە هونەردۆستو خاك دۆستێکی خەمخۆرەو ڕۆژگارێکی تاڵ ئێرەی پێ چۆڵکرد ، بە قوڵپی گریانەوە پیرۆزبایی کردو وتی" کوردبونمان سەرچاوەی دەیان ئیلهام و داهێنانە، کوردبونمان سەرچاوەی ڕۆچونمانە بە ناخدا ، هاوکاتیش کوردی بوونمان خەمێکی گەورەیە تا لێی بدوێین قوڕبەسەرییە".

من تێگەیشتم، ئەو گەرچی لە وڵاتێکی هەرە پێشکەوتوی دنیایە بەڵام ویژدان و خەم و خەونی هەر لەم وڵاتەیە هەر ئەوەشە قەدەری کورد بوون، تا ماوین نارەحەتین، کە لە گرنگترین نمایشەکانی دنیادا ئامادەش بین بیرمان لە لای هۆڵە داڕوخاو و بێخاوەنەکەی شارەکەمانە، کە لە خراپترین و باشترین ئاستی هونەرمەندانی تر وردەبینەوە، بیرمان بۆ لای هونەرمەندە بێنازەکەی گەڕەکە دووا

کەوتوو و بێکارەباکەی خۆمانە، کە هونەرمەندێکی دنیا  ئەو هونەرمەندەی بە دوو پرسگە و بە ناو تەلارەکانیدا ڕەت دەبیت، ڕاستەوخۆ وێنەی بەربارانی ئەو هونەرمەندە نازدارەی شارەکەی خۆمان دێتەوە یاد کە لە ویستگەیەکی نادیاری پاسکێدا وەستاوە و وەك سەرجەم خەڵکەکە لە چاوەڕوانی ئوتوبوسەکەدایە .

کە سەلاموکەلامێکی دەستەلاتدار و سیاستوانێکی گرنگی ولاتێك دەبینی بۆ هونەرمەندێکی خۆیان، ڕاستەوخۆ ساقە و سواڵەکەی کوردستان لە زەیندا بەرجەستەیە، ئاخر لەوێ کارێکی وەهایان کردوو کە هونەرمەند لە ڕێگەی تواناو داهاتی هونەری خۆی وجگە لەبەرهەمەکەی خۆی پەنا بۆ هیچ سەرچاوەیەکی تر نەبات، لێرە کەی وایە؟

هۆڵێکی داڕوخاو بۆ؟ نەدەکرا پاش ٣ ساڵ لە هەوڵی چاکردنەوەی هۆڵێکدا جدی بین؟ باشە گەر ئەمە باڵەخانەیەکی کەرتی تایبەت بوایە بە ٣ مانگ تەواو نەدەکرا؟ ئەهمەیەتی هونەر بۆ ئەوەندەیە کە چاوەڕوانی تاقە هۆڵێك بین؟

من دەنگم دەخەمە پاڵ هاوڕێم کاك کامەران سوبحان کە پێشتر لە وتارێکدا تیشکی خستە سەر ئە دیاردەیە و باسی لەوە کردووە کە شارێك پایتەختی ڕۆشنبیری و هونەر و مەعریفەت بێت کەچی ڕەگەزەکانی ئیش کردن و کایە هونەرییەکان ئەوەندە خاڵییە کە لە نەبونەوە نزیك دەبێتەوە..

ئێمە تاوانمان چییە ڕۆژەکانمان بە هەواڵە ناخۆشەکانی نێو پارت و لایەنەکان بەرینە سەر؟ ئەمە چ قەدەرێکە کە هەمیشە پێمان دەوترێت نییە و نەما و

وەستا و لەمانە؟ ئایا ئەم قسەیە بۆ هونەر و ئەدەب و کایە هزری و مەعریفییەکان وایە یان بۆ هەموو شتەکانی تریش وایە؟ خۆ ئەگەر بۆ هەموو بوارەکانی تریش وەهایە ئەی چی بە لاشەی ئەم نیشتمانەوە ماوەتەوە؟

## هونەر لە پەراوێزدایە کەچی هونەرمەند نیشانەیە بۆ پێکان

تازەبوونەوە لەبەرگی هونەردا ویستێکی بەردەوامی هونەرمەندە، ئەو هونەرمەندەی چاو بەدنیا دەخشێنێتەوە و بەهەموو ڕەهەندە جیاجیاکانیەوە بۆ تێگەیشتن لەئاستە جیاجیاکان، زەحمەتە چاوەڕوانی هونەرمەند، چاوەڕوانییەك کە لە جێگەیەکدا دەتچەقێنێ و هونەرمەندیش لەچاوەڕوانی بەرەوپێشچونی ڕادەی چینە جیاجیاکانی کۆمەڵدا بێت(ئەم لەوەستان و ئەوان لەگۆڕان) هەمیشە هاوکێشەیەکی سەیر و دۆڕا و دروست دەکات. بەپێچەوانەوە گۆڕانی بەردەوامی تاکی هونەرمەند بەرەو لوتکەکانی جوانی و ئاستە بەرزەکانی بیرو گەڕانە بێوچانەکان بۆ کەشفکردنی بابەتە پەنهان و شاراوەکان و داڕشتنەوە لەچوارچێوەیەکی پڕ لەفەنتازیا، غایەتی هونەرمەندە پێی بگات. ئەمەش کاری جەماوەر نییە پێی بگات تا ئەوکاتەی هونەرمەند کارەکەی پێشکەش بکات.

لەمەشەوە تا ڕادەیەك گومانێك دەڕەوێتەوە، سەرەتاتکێی قسەیەك دەردەکەوێ کە ئەویش ئەوەیە: بەدروستبون و ڕۆڵی گەورەی هونەرمەند بۆ

بەخشین و ماندوبون و کارکردنی جوان، هاوکات لەگەڵیدا خەڵکان بەجوانی دروست دەبن بۆ گوێگرتن، بۆ قبوڵکردن، بۆ گومان، بۆ پرسیار، بۆ تێڕامان، بۆ بەراوردکردن، بۆ پرسینەوە، بۆ مقۆمقۆ، بۆ ستایش، بۆ جنێودان، بۆ ڕەخنەی جدی.. بۆ.. هتد. ئەمەش ئەوە نیشاندەدات کە هونەرمەند جگە لە داهێنانەکەی، بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت، هەر خودی ئەویشە دەبێتە فێرکەرێکی باش بۆ ڕاهێنان لەسەر گوێگرتنی کاری باش و پوخت و جوان.

دەشێ(دەڵێم دەشێ) کە هونەرێکی خراپ کۆمەڵێکی خراپ دروستبکات. دەشێ(دەڵێم دەشێ) کۆمەڵێکی خراپ بەرهەمێکی جوان بەهونەرمەندێ بخولقێنێت. لێرەوە ئەستێرەی هونەرمەند بەرزدەکشێ، یاخییە، دەیەوێت جودابێت، ناشرین جوان بکات، جوان جوانتر..

شار گەورەترین و موسیبەتترین درۆی شارستانییەتە، لەوێوە فێری وانەکانی ڕاوکردنی تەماع و چاوسورکردنەوەین لە یەکتری ، بێڕەحمانە و نادادپەروەرانە قارەمانی پەڕۆینەوەو لاستیکیمان بۆ دروستدەکات و وێنەی قارەمانی ڕاستەقینەش خەفە دەکات، تاك لەم پانتاییە تەمومژاوی و جەنجاڵەدا کاتی بینینی خۆی نییە چونکە هەمیشە ڕووداوەکانی بەردەمی زۆر و ئاڵۆزن و نایانەوێت فریایی هیچ بکەون.

لە وڵاتەکەی مندا گۆرانی دووا شتە لە ڕیزبەندی پێویستییەکانی ژیان، کەچی هاوکاتیش هونەرمەند یەکەم نیشانەیە بۆ پێکان و بۆ بەئینتمابونی

سیاسەت و یاریکردن لە نێو پانتایی دەسەڵات،

ئەو کاتەی گۆرانییەك فرمێسکە بارانێك بە گەرووی وشکی نیشتماندا دەکات کەس نایبیستیٚ، چونکە ڕیکۆردەر و بڵندگۆکانی دەستەڵات لە هەوای گۆرانییەکی(مائیع)دان..

دەستم دەبڕم گەر خاوەنی یەکێك لەو گۆرانییانەی کە دەستەڵات دەخاتە سەر بەزمی سوڕ و چەقەنە و لە بریی ئەوەش چاوەش ئاسا پارەیان بەسەردا دەڕژێنن، لەحەرفە خەمێکی ئەم خاکە بگات!!

ئازیزانم ، سروشتییە گەر خاوەنی یەك مەترۆکە زەوی خۆشت نەبێت و سەراپای خاکی نیشتمان ماڵت بێت، ئاخر ئەوە خاکتە خاك..

جێی بەزەیشن ئەو کەسانەی کە حساباتی زەوییەکانیان بە دۆنم و باڵخانەکانیان لەشەڕدان لەگەڵ هەوردا ، بەڵام خاوەنی خاك و نیشتمانیان نەبن.

گەر لە پشت گۆرانییەکەوە خەمێك بە با نەکرێت ئەوا گۆرانیش خەمێکی تری مەینەتییەکانی ئەم گەلەیە، گەر ئاوازێك لە ناخی برینداری میللەتێك نەدات ئەوا خۆی ئاوازێکی بریندارە و پێویستی بە تیمارو بەزەیی بوونە..

گەر گۆرانیی و میوزیکێك توانی لەم بیٚ فرمێسکییەدا دوو قەترە ئەسرین بە هاونیشتمانانی بڕژێنێت، ئەوا دڵنیام بۆ کودەتایەك جا ئەمڕۆ بێت یا سبەی.

## وەزیفەی نووسینی هونەریی ئەرکی کێیە؟

سەرەتای ئاشنا بوونم بەو وتارە هونەریی و کتێبە هونەرییانەی بە زمانی عەرەبی دەردەچوون، وام هەست دەکرد نووسەرەکانی لە هونەرمەندە دیارەکانن جا عەرەب یان هەر قەومیەتێکی تر ، بەڵاٚم هەر زوو تێگەیشتم کە ئەوانە خەڵکانێکی دوورن لە مومارەسە کردنی هونەر بەشێوەیەکی پراکتیکی بەڵکو تەنها خوێنەدەواریی و ڕۆشنبیریی و هەڵگرتنی بڕوانامە بەرزەکانی وەك ماجستێر و دکتورا لە بەشە جیا جیاکانی تری ڕۆشنبیری و فەلسەفی و زانستەکانی تر بوون، زۆرێکی تریش لە ویست و پێداویستی بوونی ڕەخنەی هونەرییەوە دەرکەوتن.. خۆ گەر تەماشای زۆر بیرمەند و فەیلەسوفەکانی جیهانی وەك( هیگل و کانت و نیتشە و شۆبنهاور وئادۆرنۆ..هتد)بکەین، دەبینرێت کە پێگەی هونەر لایان زۆر جێگای گرنگی بووە،

ئەم گرنگی پێدانە لە فراوانی و قوڵی ڕەهەندەکانی تێگەیشتنی ئەم بوارەوەیە ، پشتگوێ نەخستنی بەوەی کە دەتوانرێت لە گشت ڕەهەند و چەمکەکانەوە ڕاڤە بکرێت.

بۆ نمونە (ئارسەر شۆپنهاوەری) فەیلەسوفی ئەڵمانی لەو بڕوایەدا بووە کە فۆڕمەکانی جیهان، وەك فۆڕمە هەمیشەییە ئەفلاٚتۆنییەکان وان، لەو دیووی جیهانی ئەزموونکردنەوە دەردەکەون، ئەو کاتەی کە هونەرمەندان خەیاڵی خۆیان

دەکەنە ئامرازێك بۆ بەجێهێشتنی ڕۆژگارە بەئازارەکانی ئەزموونکردنی ئەم جیهانە.

نمونەیەکی تر، ئادۆرنۆ کەزۆر وابەستەی میوزیك بووە، هەر لەمنداڵییەوە خاوەنی چێژێکی هونەریی و میوزیکی بەرز بووە، خاوەنی دوو عیشق بووە، یەکێکیان بۆ میوزیك ئەویتر بۆ ئەدەب و فەلسەفە، عیشقی بۆ میوزیك بەسەر هەموویانەوە زاڵ بووە، زۆر خولیای بووەو چێژێکی ئیستاتیکی بەرزی لەئاواز و پارچە میوزیکییەکان وەرگرتووە، خۆشەویستی بۆ میوزیك وایلێکرد لێکۆڵینەوە لەدانانی میوزیك بکات جگە لەسۆسیۆلۆژیا و فەلسەفە، کاریگەریی گەورەی لەسەر نووسینە هونەریی و فەلسەفییەکانی، تیۆرەیەکی لەسۆسیۆلۆژیای مۆزیك داهێنا، یان لای (کانت) وایە کە تەنەکان حوکمی جوانی دەدەن. و (نیتشە) بۆچونی بۆ هونەر ئەوەیە دەتوانێت ڕووبەڕووی ترسەکانی جیهان ببێتەوە، بۆیە لەمەوە هونەر هێزێکی زۆری هەیە..

ئەم دیاردەیە زۆر دەگمەنە لە ڕۆشنبیرییەتی کوردیدا، زۆر کەم هەست بەو قەڵەمانە دەکەی کە لەبواری هونەریی دەنووسن و هونەرمەند نەبن، بۆیە ئەمە کێشەی لە لای خوێنەران و تەنانەت هونەرمەندانیش دروستکردوە ، ئەو پەرچە کردارە دروستبووە گەر کەسێك جگە لەوەی لە بوارە هونەرییەکە ئیش دەکات بابەتێك بنووسێ جا نووسینەکەی لە شێوەی وەرگێڕان یا وتارێك یا کتێبێك یان ڕەخنەیەك یا ڕۆشنایی خستنە سەرێك یان نووسینێك کە گوزارشت بێت بۆ

حەزێکی هونەریی و هونەرمەندان، تێکڕا  دەبێتە مایەی ئەو قسە هەمەجییەی کە پێیدەوترێت:" تۆ چی دەزانیت لە هونەر تا قسە بکەیت؟؟"

یان" تۆ نابێت بنووسی چونکە تۆ ئەکادیمی نیت!!"

ئەم کاردانانەوە بارێکی وەهای دروستکردووە کە خەڵکانی تر بە ترس و حەزەرەوە بنووسن لە نێوەندە هونەرییەکە..

لەم ڕۆژانەدا کۆمەڵێك نووسینی هونەریم لە ئینتەرنێدا سێرچ کرد کە هەمویان بە زمانەکانی تر نوسرا بوون وەك زمانەکانی ئینگلیزی ، فارسی و عەرەبی، هەمووی بابەتی تازەو پێویست بوون کە پاش ئەوە دەگۆڕێنە سەر زمانی کوردی خوێنەری تایبەتمان بە بواری هونەریی بیانخوێنێتەوە، هەر لەم سۆنگەیەوە پێم باش بوو ئەم بابەتانە بدەمە کۆمەڵێك وەرگێڕی خوێنەوار و هونەردۆست کە لە پانتاییەکەدا  شوێن و پێگەیان دیارەو لە بوارە ڕۆشنبیرییەکەشدا لە نووسین و وەرگێڕاندا بەردەوامن ، دیارە ئەم داوایە لە سەر خواستی خۆم بوو تا ئەو بابەتانە لە گۆڤارە هونەرییەکەمان بلاۆ بکەینەوە و خەڵکێك جگە لە خۆمان بەم بوارە گرنگەوە سەرقاڵ بکەین ،  سەرئەنجام ئەوان کەمتەرخەمیان نەکرد و سەرجەم وتارەکان بە شێوەیەکی جوان هاتنە وەرگێڕان ، بەلاٚم ئەوەی جێگای سەرسامی و وەستان بوو ، ئەوە بوو زۆرێك لە هاوڕێو دۆست و هونەرمەندەکان دەیان وت:" ئەمانە کێن ؟ ئایا بەرهەمی هونەرییان هەیە؟"

تەنانەت بە یەکێك لەو نووسەرانە وترا بوو، ئەوە چییە ئیفلاست کردووە وا لەسەر مەسەلەی میوزیك دەنووسیت، تۆو بواری هونەریی کوجا مەرحابا".

دیارە ئەو (کوجا مەرحەبا)یەی ئەو لە عەقڵە و سەرچاوەی نەگرتووە!! چونکە ئەو پێی وایە کە نووسینی هونەر بە تەنها زادەی کەسی هونەرمەندە، کە بەداخەوە ئەم بۆچونە زۆر هەڵەیە..

ئێمە زۆرێك لە هونەرمەندمان هەیە کە بونەتە ئەستێرە بەڵام ناتوانێت دوو وشە لەسەر میوزیك و گۆرانی بە شێوەیەکی ڕێکو پێك بە تەنیشت یەکەوە ڕیز بکات، ئیتر بۆ داوا بکەین کە وەزیفەی نووسین بەتەنها لای ئەمان قۆرخ بکرێت.

هونەر بینین و ڕاڤە کردنیان موڵکی ئەوەیە بتوانێت بە جوانی و گەورەیی تاوتوێیان بکات، مەسەلەی ئاستەکانی چێژیش هەندێکجار وا دەکات بتوانین بە ئاستێکی باشتر قسە لەمەڕ ئەو بەرهەمانەی بە چواردەورماندا هەن بکەین.

خاڵێکی تر کە جێگای وە بیرهێنانەوەیە ئەوەیە کە مەرج نییە ئەو بابەتانەی لەسەر میوزیك گۆرانی دەنووسرێن بە تەنها بابەتی تیۆریی بن و پێویست بە زانستەکانی زمانی نۆتە و شیکاری هارمۆنی بکات، بەڵکو چەندین بابەتی گرنگ و هەمەجۆر بەدەوری فەزای هونەردا نەخشاون وەك سایکۆلۆژیای هونەر کەلە بنەماکانی هونەر دەکۆڵێتەوە، بەو پێیەی مرۆڤ چۆن کاردانەوەی بەرامبەر بە ڕەنگ و دەنگ و هێڵ و فۆڕم و وشە دەبێت و بە کام ڕێگایانە هەست و سۆزی خۆی لەگەڵ ئەو کاریگەرییانە دەگونجێنێت.

به چەشنە ڕەخنە خۆی دەکا بە نێو بۆتەی کارێکی هونەریی دیاریکراوداو پێکهاتە و ماناو گرفتەکانی شیدەکاتەوەو بەراوردیان دەکات بە کارەکانی تر و هەڵیان دەسەنگێنێت.

کە بەداخەوە هێشتا ئێمەی کورد لە وروژاندنیاندا کەمدەستین.

## تەنسیقی تیڤییەکان

تەلەفزیۆن‌و ئاراستەکردنی لەگرنگترین و مەترسیدارترین پرۆسەیە، ئەوەندە بە بایەخە کە لەمرۆماندا وای لێهاتووە کەمترین کات بتوانین بێ ئەو هەڵبکەین، ئاراستەکەشی بەر هەموو تاکێك دەکەوێت بەویست بێویست، جا چۆنییەتی وەرگرتنی و ئامادەگی بینەرو پەیوەندیدار بوونی بەرامبەر لەرادەی رۆشنفکری و پاشخانی زانستی و رۆشنبیری بۆ قبولکردن و ڕەفزکردنی بارەکان دیاریدەکات، هەر لە جیاکردنەوەی کەناڵی باش لە خراپ، بەرنامەی جوان لە ناشرین، بەسوود لە بێسوود، لە گۆرانییەکی بەکەڵکی جوانی پڕ ستاتیکا تا دەگاتە ئەوپەڕی ناشرین و بێمانا، ئەمانە گشتی لە پرۆگرامەکانی تیڤییەکاندا ئامادەیی هەیە، بەرنامەی جوان و هاوکاتیش ناشرین، گۆرانی جوان و شایستە لەبەرامبەریشدا گۆرانی بێماناو بەزۆر و بەواستە، ڕەنگە هۆکارگەلێك هەبن بۆ خولقاندنی زۆرترین ناشرینی لە نێو پرۆگرامی تیڤییەکاندا ، لەوانە کەمترین شارەزایی و

کەمی خیبرەو تازەیی کارکردن لە بوارەکەدا، ئەمانە هەمووی بارێکی ئاساییە هەرچی گەلانی وەك ئێمەیە تا ئێستاش پێیدا دەڕۆن، بەڵام ئەوەی جێگەی پرسیاری گەورەیە ئەوەیە کە ئێمە هەست بەبوونی کەموکوڕی و ناتەواوییەك بکەین و لێی بێدەنگ بین ، ڕەنگە بۆ ئەمەیان تەفسیرێکی تر هەڵبگریت و ئیتر نەتوانین سازش لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەین..

دیاردەی بێدەنگبوون ڕەنگە کلتوورێکی خراپی ئێمە بێت، هەر ئەوەشە دەستەڵاتی تاکڕەوی هەمیشە لەسەرمان پۆلاین و ئاسنینە، ئەگینا ڕەنگ بێت ئەو دەسەڵاتە هێندە جەبروت نەبێ، بێدەنگی ئێمەیە ئەوان فێری نەڕە نەڕ دەکەین .

لەمەوە دەگەینە ئاکامێك کە هەمیشە پێشنیارکردنی گونجاو جۆریکە لە دەنگ هەڵبڕین ئەویش بۆ گۆڕینی ئەو سیستەمە ناتەواوانەی کە کاریگەری نەگەتیڤی خراپ جێدەهێڵێت بۆ ڕای گشتی و چێژو هەستی سەرجەم بەشەرییەت..

تەنسیقی تیڤییەکان، خەڵکانێکی کەم بەژمارە و زۆرترین کاریگەر( باش یان خراپ) لەسەر چێژی کۆمەڵ..

سەرەتا جێگەی خۆیەتی کارمەندان و خەڵکانی ئەم بوار و بەشە بناسین بزانین کێن و سەر بەچ چێژو پاشخانێکی هونەریی و ڕۆشنبیری و زانستی و بوارەکانی تری زانستن؟؟

پێویستە بزانین بۆ هەر کەناڵێك ژمارەیان چەندە و لە چ پرۆفیشناڵێتییەکدا ئامادەییان هەیە.

ئایا کەناڵەکان بەپێی تایبەتمەندی پرۆگرام و هونەر و خانە فیکری و رۆشنبیرییەکان کەسی گونجاویان هەیە؟؟

یان ئەوەتا تەنها کارمەندێك یان دووان یان شتێ زیاتر دانراون بۆ هەموو بوارەکان؟

ئەگەر وایە ، ئایا ئەمە ڕاست و گونجاوە؟؟

ئەگەر وایە و پێشی دەزانن ئەدی بۆ سیستەمەکە ناگۆڕن و کاری گونجاوی بۆ ناکەن؟؟

ئەگەر واش نییە، هۆکاری ئەو خراپ مامەڵەکردنەی بەشی تەنسیق و کاریگەرییە خراپەکانی بۆ سەر ڕەوشی تیڤییەکە، لە کوێوەیە؟؟

دروست لەم باسەدا مەبەستم ئەو کەسانەیە کە تەنسیقی بەرنامەی هونەریی و گۆرانی و میوزیك دادەنێن لەکەناڵە کوردییەکاندا.

سەرەتا بۆچونێکم هەیە و هەندێکجار دەگەمە ئەو ڕایەی دەڵێم خودایە ئەو کەسانە بۆ ئەوەندە لەیەك دەچن لە ڕووی چێژ و سەلیقە و باکگراوندی هونەریی و ستاتیکاوە، زۆر کەم هەست بە جیاوازی ستاتیکایان دەکەیت، ئەمە بە دیوێك بە دیوەکەی تردا سەرنجەکانی ئیدارەی ئەو کەناڵە بۆ ئەم بەشانە زۆر سست و ترسنۆکانەیە، ئەوەندەیە کە هەندێجار گەر بەرێکەوت دووقوڵی لەتەك بەرێوبەری

کەناڵێك ڕا بگۆڕێتەوە و ڕەخنە بگرێت لەئیشکردن و دابەزینی ئەو شتە خراپانە، کەچی خێرا گلەییەکە لەسەر خۆیان هەڵدەگرن و دەیسون بەسەر کەسانی نێو بەشی تەنسیق و بە کەسانی ناشیاویان دەزانن، ئەمەش بە قەولی عەرەب (عوزر لە قەباعەت خراپتر).

لایەکی تر لەم مەسەلەیە، بوونی مەزاج و ئارەزووە، هەندێجار ئەوەندەی مەزاجی خراپ و توڕە ئیش دەکات ئەوەندە مەزاجە جوانەکە نابینرێت، ئەوەندەی ڕق و حەساسیەت و ئیسقاتکردنی نەخۆشییەکانی کەسی نێو بەشەکە ڕەنگدەداتەوە ئەوەندە ئیشی جوانی هونەرمەندان ڕەنگ ناداتەوە، ئەوەندەی فرت و فێڵ و خراپ بەکارهێنانی تەوقیتی دابەزینی شتە جوانەکان لە کاتی خراپ و بە پێچەوانەوەشەوە، ئەوەندە هەست بە نەزاهەتی ئیشکردن ناکرێت لەم بەشەدا، ئەوەندەی مۆرکی خێڵەکی و حیزبایەتی و خزمدۆستی لەبەرچاوە، ئەوەندە بەرهەمە هونەرییەکە ناکرێتە پێوەر.

ئەوەندەی بێتامی و بێئاستی لە پەروەردەکردنی چێژیان ئامادەیە ئەوەندە بایەخ نەدراوە بە بەجوانکردن و ڕەنگکردنی چێژی خۆیان و هەمەڕەنگی لە ئاست چێژە گشتییەکاندا .

پاشان لە هەموو دنیادا کەسی تایبەت و ئامادەکراو هەیە بۆ ئەم پۆستە، لێرە خەڵك نان پەیداکردنەکەی لەسەر ئیحساس و چێژی خەڵکەکەیە و هەرلێرەشدا فێری ئیشەکە دەبن کە دڵنیام وەهاش فێر نابن.

تاکە پێشنیاریشم ئەوەیە، بەر لەدروستکردنی بەشێك بە نێوی تەنسیق لە نێو تیڤییەکان، با کەسانێك دروست بکرێن بۆ بەشەکە و هەریەکەشیان لە بوارێکی تایبەت ئیشێك بزانێت و قسە بکات.

ئەوەندەش دەڵێم ڕاشکاوانە ، تا دانانی ئەم پۆستانە بە مەزاج و لوتفی دەسەڵات و حیزب و کەسە نمرە یەکەمەکانی نێو کەناڵەکان بێت، ئەوە بە گومان لەوەی ڕەوشەکە لەمە باشتری لێ هەڵبکرێت.

## کە ساڵێك تەواو دەبێت

وا نزیك دەبینەوە لە کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ ، ئەڵبەتە لەمساڵدا خەرمانێك کاری هونەریی لە لایەن هونەرمەندانی کوردەوە بەتایبەت لەم ناوچە ئازادکراوەی کوردستان پێشکەش کرا، زۆر یا کەم ئەمە دیوی باسەکەم نییە بەڵام لەگەڵ هەموو ئاستەنگەکانی ژیان کە بە هیچمان نامۆ نییە و باسکردنی بۆتە بێتاقەت بوون، ئەوا جۆرێك لە هونەر بەرێکرا کە هەندێکیان زادەی سفرەیەکی بەتاڵ و هەندێکیان بە کیسەی پڕەوە بوون ، هەندێکیان ڕیکلام بەرچاوی خستن و هەندێکیان ڕیکلام تەریك و نامۆی کردن، هەندێکیان بوونە سەرزاری خەڵك و هەندێکیان هەر نەبیستران، هەندێکیان بوونە مێژوویەکی جوان

و هێندەکەی تریش بۆ سەبەتەی مێژوو، هەموو ئەمانە شتێکی سەیر نییە نە بۆ ئێمەی کورد و نە بۆ میللەتانی تریش، شوورەیی نییە کەموکوڕی و نەزانین، مەرجیش نییە هەموو هونەرێك داهێنان بێت و هەڵەشە وا تێبگەین دەبێت هەموومان داهێنەر بین، ئەمە سەربوردەی ژیانی هونەریی زۆربەی میللەتانی دنیایە، هەمیشە وەك لە وتارەکانی ترم ئاماژەم پێداوە و نووسیومە" زمانی کەسی داهێنەر بە دەستەواژەیەکی نوێوە پێناسی ئەو کەرەسە سەرەتاییانە دەکات کە گشت ئێمەی خەڵکی بە تەنها بەپێناسەیەکی کلاسیکییەوە پێوەی گیرساوینەتەوە، خەسڵەتەکانی هونەرمەندی ئەفرێنەر بەشێوەیەکی توند و تۆڵ پەیوەستە بەبیرکردنەوەی ئەفرێنەرانە بەشێوەیەکی گشتی و بەهۆشی هونەریی بەشێوەیەکی تایبەتی، دوور لەهەموو ئەو ڕاو بۆچوونە جیاوازانەی دەربارەی سەرچاوەکانی بیرو هۆش کە هەیە، کە ئەگەر بۆ ماوەیی بێت یاخود وەرگیراو، ئەوا بەهەرحاڵ بەجۆرێ لەشارەزایی دادەنرێ کە پشت دەبەستێ بەتوانا و بەسبوونی هونەرمەندە داهێنەرەکە لەگۆڕینی ئەندێشە (ئەندێشەی هونەری) بۆ شتێکی هەست پێکراو یاخود بەرجەستە لەڕێگەی ئەو خەسڵەتانەی کە دەبێت هونەرمەندەکە هەیبێ".

کەواتە کە من ژمارە و کەسی داهێنەر ، هاوکاتیش هاوشانی ئەمانە زۆرن بەرهەمی هونەریی ، بەڵام هیچ کاتێك زۆری بەرهەمی هونەریی پێوەر نییە بۆ دەستنیشانکردنی سیمای داهێنەرانە، زۆرجار ئەوەمان بیستووە و مێژوو

دەستنیشانی کردووە کە ڕەنگ بێت تاکە شیعرێك یان دیوانێك بەس بێت بۆ شوناسی داهێنان و داهێنەرانەی ئەو شاعیرە، هەر واشە بۆ کاری هونەریی، خوالێخۆش بوو هەردی شاعیری گەورەمان تا ساتی کۆچکردنی، تاکە دیوانێکی بووە سیمای داهێنەرانە بۆ خۆی و ئەدەبی کوردیش، کەچی ڕەنگە کەسانێکیش هەبن هەموو سەری سەعاتێك شیعرێك بنووسن!!

سالّ دەڕوات و بەرهەمی باش و خراپ نمایش دەکرێت، کەسی بەتوانا و بێ توانا دێنە نێو بوارەکە و ڕاگەیاندنەکانیش وەك هەمیشە باوە بەکەمترین توانای جیاکردنەوە مامەڵە لەگەڵ ڕەوتەکە دەکات، کەمترین نووسینی ڕەخنەیی نێو بلاّوکراوەکان گوزارشت لە بونی جوانی و ناشرینی حاڵەتە هونەرییەکان دەکات.

ئەوەی جێگای سەرنجی منە لە کۆتایی هەموو ساڵێکدا ئەوەیە کە سەرجەم گەلانی دنیا لەم کاتەدا سەرقاڵن بە دەستنیشانکردنی باشترین ئەستێرەیان لە بوارەکانی وەرزش و سینەما و شانۆ و میوزیك و گۆرانی و تا دوایی ئەویش لە ڕێگای سایت و گۆڤار و تیڤی و ڕێکخراوە تایبەتاکانی تایبەت بەم بوارە و بەشداری خەڵکانیش لە ڕێگای دەنگدان و ڕاپرسییەکانیانەوە، هەر بۆ نمونە سالاّنە گۆڤاری (فرانس فوتبۆل)ی فەرەنسی دەستنیشانی باشترین یاریزانی تۆپی پێ دەکات لە جیهاندا، (فرانس فوتبۆلّ) نالّێت ئەمە کەی ئیشی منە وەك زۆرێك لە گۆڤارەکانی ئێمە کە هەر ئەم قسەیە دەزانن.

لای ئێمە، سالّ و سەدەش تەواو دەبێت بێئەوەی بزانین لەو ساڵەدا کێ کەسی

دیار و ئەستێرە بووە ؟ کام بەرهەم جێگای سەرنج و ئافەرین و پاداشت بووە؟

ناوی کام هونەرمەند و وەرزشەوانە ئەمساڵ ئێمەی کوردی پەڕاندۆتەوە بۆ نێو میللەتانی تر؟

لە پشت نەبونی ئەم ڕاپرسی و هەولآنە هۆکارگەلێك ئامادەن ، لەسەرووی هەموویانەوە، بێبایەخیمان بۆ جوانی و ڕۆمانسییەت، کە هونەر و ئەدەب و وەرزش ڕۆڵی گەورەیان تێدا هەیە، نەبونی مامەڵەیەکی زانستی و دروست لەگەڵ ئەم یەکانەدا، واتە (نەزانین) بەشێوەیەك ئامادەی هەیە کە کاری کردۆتە سەر ڕەوتی ئیشکردنی زۆرێك لەو کەناڵانەی باسمان کرد وەك گۆڤار و سایت و تیڤی و ڕێکخراوەکان.

بەداخەوە هەمیشە زۆربەی ئەم جێگایانە بە میزاجی تاکڕەوی ئیش دەکەن و شوێنەکان کراونەتە وەزیفەیەکی وەها کە تاهەتا هەتایە قۆرخ کراون بۆ خۆیان و هاوشێوەی بیرکردنەوەی خۆیان.

هۆکاری تریش زۆرن لەوانە، بەزۆر زانینی ئەو خەرجییانەی بۆ ئەم شتانە دەدرێت، هەمیشە پێیان وایە کە گوناحە پارە بۆ شتی وەها خەرج بکرێت، بێئەوەی بیر لەداهاتی دووری ئەم مەسەلانە بکرێنەوە، گەرچی ڕۆژانە پارەی ئەم میللەتە تەخشان و پەخشان دەکرێت بۆ زۆرێك لەو شتانەی کە نەك سوودی هەیە بەڵکو دەبنە(عار) بەسەر مێژووی میللەتەکە ، نمونەکانیش زۆر دیار و لەبەرچاون.

## لەپشت دەنگێکی ڕۆحییەوە

گەڕان بەدووای برین و زامی نیشتمان لەگۆرانییەکدا، بەجۆرێك گەڕانە بەدووای زامەکانی خۆتدا لەو جەستەیە، بەو مەرجەی هاوخەم و هاوسۆزو هاوڕازی بیت، نەوەك تۆ لەدۆڵێك و ئەویش لە دۆڵێکی تردا، گەڕانی وردی گۆرانییەك بەهەموو جوانکارییەکەوە بەهەموو مەزنییەکەوە ناکاتە ئەو زامە پڕ سوێیەی کە لە حەقیقەتدا بەگیانی نیشتمانێکدا دەبڕێ ، چونکە لەهەموو بارەکاندا وەهایە کە ئەو نواندن و ئەمیان ڕاستییە.

لە سادەترین پێناسەوە ئەوەمان لا ڕوونە کە گۆرانی ومیوزیك بەر لەوەی پیاسە بە ڕۆحی دروستکەرەکەیدا بکات و وەرگرەکانیش بکاتە هاو ڕۆحی خۆی، پێویستیشە لەسەری بزانێت کە بۆ چ ئاکامێك ئیسارەی ڕۆحی دەکات و چ قەزییەیەك لەپشتییەوە بۆ وروژاندنی مەبەستە؟؟خۆ ئەگینا دەکرێت ، بەردەوام ڕۆحمان هەڵتەکێنین بەڵام نەتوانین دوو پەیڤ و دوو سۆزی جوان و ئاوازێکی سەرمەدی و سەدایەکی نەمر وڕەسەنی لێوە خەڵق کەین.

ڕاستە بەشێك لەداهێنانی گۆرانییەك بەیانکردن و هەڵڕشتنی ڕۆحتە، بەڵام ئەویش بێ مەرج نییە، دەبێت ئەو ڕۆحە تەهزیب بکرێت، واتە خۆش و سازو ئامادە بکرێت، دەبێت ڕۆژانە لە بێژەنگی بدەیت و خڵتەکانی ڕۆژگاری بەدی لێ وەردەی.

(ماهاتاما گاندی) کە دەیویست بڕیارێکی ڕۆحی بدات بەر لە دانی بڕیارێکە هەست و نەست و جەستەو هۆش و دۆزەکەشی ئامادە دەکرد ئینجا دەیتوانی بڵێت لە نان خواردن مانم گرتووە، خۆ ڕەنگە زۆر مەخلوقی تریش هەر لەو سەدەی بیستەیەمەدا مانی گرتبێت؟!!!

(مەحوی)لوتکە، بۆ ئەوەی شیعرێك لە ڕۆحییەوە سەرچاوەی بگرتابا، دەبووە دەروێش، دەبووە سۆفی ، دەگەیشتە زوهد و زاهیدبوون، دەگەیشتە ترۆپکی جەزبە، ئینجا دەیفەرموو"بە شەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم چ بکەم".

(مەعەڕی)یگەورە شاعیری عەرەب، بەچل ساڵی ڕەبەق لە نەچوونە دەرو و تێکەڵ نەبوون بە هەناسەی دەرەوە ئینجا توانی سییەکانی خۆی پاك بکاتەوە و ئەو دێڕە ڕۆحییە بڵێت **"هذا ما جناه علیه أبي وما جنیت علی أحد"**.

ڕۆح خستنە سەر سفرەی هەمووان وەك پرۆسێس ئاسانە بەلاٌم قورسە هەمووان بەجوانییەوە ئەو ژەمە ڕۆحییە بە لەزەتەوە قبوڵکەین ئەمە بەدیوێك، دیوەکەی تریش ئەوەیە ڕەنگ بێت ژەمە ڕۆحییەکەش هێشتا پێنەگەیشتبێت و کاڵو کرچ بێتو(جوانی) ئامادە نەبووبێت، کەواتە لەڕێگای (جوانی- ستاتیکا و ڕۆحیبوون) ئینجا دەتوانین بەشێك لەو پەیامە بگەیەنرێت، پەیامێك کە ڕەنگە بەر هەمووش نەکەوێت و هەموانیش کڕیاری نەبن.

گەڕانەوە بۆ دیرۆك گرنگە، بەهەند وەرگرتنی كلتووریش پەیامێكی پیرۆزە، بەلاَم گێڕانەوەی سەردی و توتی ئاسا وتنەوەی قەوانی كۆن، ئەمەیان كارەساتە.

هونەر، گەر وەرچەرخانێكی تازەی نەخوڵقاند، ئەوا زوو وەردەگەڕێت، بە تەنها گەڕان و ڕۆحی بوون ناتكاتە هونەرمەندێكی داهێنەر، پێویستە لە پشتی ئەم دوو كەرەسەیەوە جوانیی و زیرەكی و حسیی بوون ئامادە بێت.

هەمیشە لە داهێنەرێكدا ڕەگەزێك سەركەشە، هەمیشە سیمای زۆرێك لە داهێنەران بە خەسڵەتێكی تایبەتی دەناسرێنەوە، هەر بۆیە دەشوترێت فلاَن گۆرانیبێژ زیرەكە لە ئاواز هەڵبژاردن، یان ئەوی تر لە شیعر پەی پێبردن،یەكێكی تر بە هێزی دەنگەكەیی و ئیتر ئەمەش هەتا دوایی، بۆ نمونە دەوترێت خانمە گۆرانیبێژی میسر (ئوم كەلسوم) بەدرێژای گۆرانییەكانی كە تۆماریكردوون كەمترین نەشازی كردووە و هەندێكیش وای بۆ دەچن كە هەرنەیكردبێت، بەلاَم جوانئەداكردنی ئەم خانمە و باسكردنی مانای ئەوە نییە، كە لەهەڵبژاردنی دەقەكاندا كەمدەست بووە، یان لە قبوڵكردنی ئاوازەكان بێتوانا بووە، هەرگیز بەڵكو لەو ڕەگەزانەی تریشدا ڕۆڵی دیارو كارێگەری جێهێشتووە.

هەمیشە لە پشت دەركەوتنی دەنگێكی ڕۆحی یان تەنانەت گۆرانییەكی ڕۆحییەوە كۆمەڵێك كەرەسەی لێكدانەبڕاو ئامادەیە، ئەو كەرەسانەش وەك (ڕیتمو مێزیكو هارمۆنیو ئاوازو تێكستو ئەدا) كە هەریەكەیان بەجوانییەكەی خۆی و بە ئاوێتەبوونی لەگەڵ ئەوی تردا ڕووخسارێكی گەورە دروستدەكەن و

سەرەنجام بەر لەوەی واهەستبکرێت کە لەجوتە لێوەوە هەست بە چڕینیان بکرێت وا دەردەکەون کەسەرچاوەی ئەم دەنگانە ناخێکن بونەتە دەروێشی بەرهەمەکە و بونەتە موریدی عەشقی شاهانەی لەدڵا و چەشنی پەپولەی دەوری چرا.

ئەمە دەمانخاتە سەر ڕاستییەك کە جوانی و گەورەیی‌و سیحری گۆرانی لەوەدایە کە قورسە بەتەنها گۆرانییەکی بەرز لە یەکێك لە پایەکانیدا چڕ بکەینەوە.

هەندێکجار تێکەڵییەك لە مەسەلەکەدا دروست دەبێت ئەویش بەوەی ڕەگەزی بەرامبەر کە گوێگرە دێتە ناوەوە، کە دەشڵێین ڕەگەزی گوێگر واتە مەبەستمان لە کەسی بەرامبەر بۆ بینین بۆ بیستن بۆ تێڕامان بۆ قبوڵکردن و ڕەتکردنەوەی بەرهەمی هونەرمەندە بەرهەمهێنەکە، سنووری گوێگرتنی ئەو کەسەش پابەندە بەئاستی چێژی ئامادە بووی، لیڤڵی ئەم چێژەش لە یەکێکەوە بۆ ئەوی تر لە گۆڕاندایە، بۆیە ئەوە بەرامبەر کە (ڕا) دەدات لەسەر ناونانی بەرهەمەکان، بۆ نمونە ئەو بەرهەمە گۆرانییەی کە لای گوێگر دەبێتە ڕۆحی، مەرج نییە یەك سیمای ڕۆحیبوون لە خۆ هەڵبگرێت، یان ئەو گۆرانییە پڕ سۆزەی کە لەناخێکەوە دەقوڵێت ڕەنگە کەمترین گوێ درکی پێ بکات، ئەم وابەستەبوونەی چێژی گوێگر بە بەرهەمەکانیشەوە دەتباتە باسێك کە قورسە لە قۆناغێکی قسەکردندا بتوانین جیای بکەینەوە.

ناکرێت بەرهەمێك بەر ڕۆحێك بکەوێتو ڕۆحی نەبیت، بۆیە دەبێت گرنتنی ئامادەگی ئەوڕۆحەی بەرێکەوتوە لە ئاستێکی بەرزدا بێت و ئەوەشی ئاراستە دەکرێت هەموو سیماکانی جوانی و هاوسەنگی ئەکادیمی لە کۆڵ نابێت.

## لەگەڵ شەپۆلی نوێدا

ئەو شەپۆلە تازەیەی ئەمرۆ لە جیهانی هونەردا هەیە بە تایبەت لە بواری میوزیك و گۆرانیدا لە ئەنجامی ئەو جیهانگیرییە بە ئێمە گەیشتووە.

پێمان گەیشت ، وەرمان گرت، حەزمان لێکرد بەلآم نەمان توانی خوێندنەوەیەکی مێژووی وەهامان بۆی هەبێت کە لەوە بگەین لە ئەوروپا و ولآتانی دنیادا پاش چ قۆناغێك بەمە گەیشتوون پاش چ پاشخانێکی مەعریفی توانرا وەریبگرن، لەوێدا شۆڕشێکی خاو و لەسەرخۆ بوو پاشی چەندین قۆناغی بە دەیان ساڵە و بڕینی مێژوویەکی پڕ لە قوتابخانەکان ئینجا توانرا جۆر و شکڵی ستایلەکان بێننە ناوەوە، ئەوەی ئەوان کودتایەکی لەسەرخۆ و نەخشە بۆ کێشراو پڕچەك بوون، کە ئاوڕیان دەدایەوە بۆ ڕابردووی خۆیان توشی داچڵەکان نەدەبوون، چونکە هەر قۆناغە دەیان ئەستێرەی لێ دەکەوتەوە.

ئەوان لە ڕێنیسانسدا هەموو شتێکیان گۆڕی هەر لە ئەتکێتی سەلامکردن و خواحافیزیش، هاتنە ناوەوەی ستایلی تازە پێویستی بە هوشیاری کۆمەڵ هەیە

پێویستی به چاوکرانەوە و مێشککرانەوەی کۆمەڵگا هەیە، پێویستە زەمینەی شوێن و جێگا و زەمەن لەبار بێت بۆ ئەوەی تۆ بتوانیت خەونەکان بگۆزیتەوە بۆ واقیع.

له هونەردا دەشێت گۆڕانکارییەکان تاکڕەو بن و کۆمەڵگا شوێنکەوتەی ئەو تاکە داهێنەرانە بێت، خەوی داهێنەرێك کە دەبێتە شاکارێك گێڕانەوەی قورسە، بەڵام مێژوو فێری کردووین لەپاشاندا بە چ شکۆیەکەوە ئەو خەونانە بۆ ئایندە باس بکەین.

ڕەنگە ئەوە ڕاست بێت کە دەوترێ داهێنان لەعنەت لە خۆی و ئەو بارە تەقلیدییەی ئەو سات و ڕۆژگارە دەکات، داهێنەریش بە هێندەی پیرۆزبوون بەر نەفرەت دەکەوێت، لەعنەتی ڕۆژگار وەهایە کە دەشێت لەپاشەڕۆشدا پەشیمانی لە دووا بێت.

هونەری میوزیکی کوردی لە ئێستادا بە بڕوای من ئیش بەڕێدەکات بە هێندەی ئەوەی نمونەیەکی زیندووی ناخ و هەست و ویژادن بێت، تەنها فۆتۆیەکە و فۆتۆمانەکەی بە ڕێکەوت پەنجەی بە دوگمەیەکدا ناوە، جێ پەنجەی داهێنان کەمە و نزیکە لە نەبوون، دووبارەکردنەوەی ناخ و کارو لێدانەوەی ئیشەکانی پێش خۆمان ناچنە خانەی داهێنان بەڵام دەشێت پێی بڵێن دروستکردن، بۆیە هیچ کات هەموو دروستکردنێك جێگای سەرنج و تێڕامان نییە.

ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت لێشاوێکە لە هونەری ولاّتانی تر، دەکرێت پێیان بلّێن کارێکی جوان و پوخت بەلاّم ناکرێت وەك داهێنان تەماشا بکرێت.دەکرێت جوان بێت چونکە پێوەی ماندوو بوون و یان پوخت بێت چونکە خەرجییەکی باشی بۆ دابین کراوە بەلاّم لە بەهاو فۆرم و ناوەڕۆکدا هەلّگری هەمان وێنەکانی پێش ئێستامانن کە ڕۆژانە لە تیڤی و ڕاگەیاندنەکانی ولاّتانی تردا دەیانبینین.

چەمکی داهێنان، گەڕانە بەدوای خود ناسیدا و هەلّڕشتنی ئەو وزە شاراوەی ناخ لە دوو توێی بەرگێکی نەبینراو، داهێنان گەڕان نییە بە شوێن داهێنەرانی ولاّتی تردا تا کارێکی تۆ بکاتە داهێنان!!!!!!!

سەرچاوەی داهێنان خەیالّی تۆیە ، خەیالّی تۆش ئازادە لە خڕکردنەوەی دەیان وێنەی جۆرا و جۆر کە لە ئەنجامی خیبرەو ئیشکردن و کۆکردنەوەی زانیاری گەشە دەکات، کە لە ئەنجامی ماندووبون و خوێندنەوە و پرسیار و فێربوون و گومانکردن دەخولّقێت، سەرچاوەی داهێنان تێڕامانە لە زەمەن و وەستانە لەبەر ئەو شەپۆلە ڕەنگاوڕەنگانەی کە شەبەنگ ئاسا تەمەنیان کورتە..داهێنەر ئیش لە زەمەنێکدا دەکات کە خۆی پالّەوانە و بەرامبەریش هاوسۆز دەکات لەگەلّ ئەو قارەمانییەتییەی خۆی.

خراپە ئێمە وەها تێبگەین کە ئەوەی لە کوێرە دێیەکی ئێمەدا تازەیە، بێن لەشاردا پێی بلّێن داهێنان.

خراپە بەپەنجەکانی بێگانە ئامێرەکانی ئێمە بژەنن و کچانی ڕووتی ئەورووپا

وێنەو کارەکتەری عەشقی پاکی ئێمەی گوند نشین ببینن..

ئاخر کەی سەمای کیژۆڵەیەکی ڕۆژئاوا گوزارشتی لە دروێنەی کورد و گوڵچنین و خەل و خەرمانانی ئێمەکردووە؟؟

ئەو زایەڵەیەی لە گەرووی شمشاڵێکی ئێمەوە بە هاوارە گوزارشتە لە وێنەیەیەکی نیشتمانی من، نەك ئەوەی ئەم دیو ئەو دیو.

لە داهێناندا نرخی شتەکان دەبێت لەو پەڕی جوانیدا بن، بۆ ئەوەی تۆ دەنگێکی کوردی بێت پێویستە سەرجەم کون و کەلەبەرەکانی قوڕقوڕاگەی کوردبوونت لە ناختدا توانبێتەوە و بەو پەڕی ئەکادیمی بوون و هاوشانی خۆڕسکییەکەت بچڕی، ئەگینا بەتەنها تۆ کوڕە شوانە دەنگخۆش و بلوێرژەنە خۆڕسکەکەیت و هیچی تر، ئەم هاوسەنگیەیە قیمەتی داهێنان دەگەیەنێتە ترۆپك.

## سەرنجێك لەسەر مێژووی میوزیکی ڕۆك

**و: دیاری قەرەداغی**

میوزیکی ڕۆك (Rock) و کۆمەڵێك ستایلی پەیوەندیدار بەوەوە لەساڵی (١٩٥٥)وە لەخۆراوادا بڵاو بۆوە، سایتی ئەنتەرنێتی میوزیك (Music) لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەدا هاتۆتە سەر شیکاریی میوزیکی ڕۆك لەجیهاندا و نووسیویەتی: (میوزیکی ڕۆك لەساڵی ١٩٥٥ دا لە ئەمەریکا بڵاوبۆتەوە، بەڵام لەژێر کاریگەریی فەرهەنگی جۆراو جۆرو باوی وەکو میوزیکی ئاینی و میوزیکی بلوز و میوزیکی خەماوی ڕەشەکان و میوزیکی کلاسیکی ناوچەیی و میوزیکی ئەلکترۆنی و میوزیکی برەوداری ئاسیا و ئەفەریقا و ئەمەریکای لاتینیدا شێوەی خۆی وەرگرت. میوزیکی ڕۆك بۆ ستایلە میوزیکییەکانی دەگەڕێنرێتەوە کە پاش ساڵی ١٩٥٩ بەگەرمی لەلایەن ئاوازدانەرە سپی پێستەکانەوە پەرەی پێدراوە. دوای ستایلە بنەڕەتییەکانی میوزیك وەکو ( Ruck and roll) و میوزیکی (rhrthmand blues)

کە لەژێر دەسەڵاتی ئاوازدانەرانی ڕەشپێستەکانی ئەمەریکا پێدابوون، هەرکام لەم دوو جۆرە ڕەگەزەی میوزیك لەژێر کۆمەڵێکی جۆراو جۆری میوزیکن

وەك (جۆرێك لەمیوزیکی ڕۆکی ئەلکترۆنی) کە پانك و گرانك (**grunge**) دەگرێتەوە، لەحاڵێکدا کە داهێنان لەمیوزیکی ڕۆکدا زۆربەی جار لەناوەندی ناوچەیی وەکو نیوێورك، کینگستۆن، جامایکا و لیڤەرپول دا ڕوویان داو بەڵام ئێستا کاریگەریی ڕۆك بەشێوەیەکی فراوان لەسەرتاسەری جیهاندا هەست پێدەکرێت. لەکەسایەتییە بەرجەستەکانی مێژووی میوزیك لەم زەمینەیەدا دەتوانرێت ناوی (چارلی کریستین) ببرێت. ئەو لە ئاهەنگەکانی خۆیدا سوودی لە گیتاری کارەبایی وەکو تاکە ئامێر وەردەگرت ، (ئارۆن تیبوکس) یەکەم ئاواز دانەری ستایلی بلوز بوو کە لەگیتاری کارەبایی سوود مەندبوو. ڕۆك ئاندرۆلیش لەکۆتایی دەیەی (٥٠)دا ستایلێکی لەمیوزیك دامەزراند کە کاریگەریی زۆری لەسەر میوزیکی ڕۆك دانا. ئەو دوای ئامێرە میوزیکییەکانی کە بەگشتی لەمیوزیکی ڕۆکدا سوودیان لێ وەردەگرێت دەکرێت ناوی (گیتار باسی کارەبایی، پیانوێ کارەبایی، ئۆرگ، سنتی سایزەر) ببرێت.

کۆمەڵێك تەپڵ کە لەمیوزیکی جازدا بەکاردێت ناوی (درامس)ە، سایتی ئەنتەرنێتی میوزیك لەدرێژەدا دەڵێت"ئەو ئامێرانەی کە ڕۆڵی گرنگیان لەجۆرەکانی میوزیکی ڕۆکدا هەیە، ساکسیوفۆن و کۆمەڵێکی فراوان لەئامێری باو کە بەجۆرێکی چاکتر لەجیهانی میوزیکدا سوودیان لێ وەردەگیرێت میرۆفۆنیش وەکو ئامێرێکی میوزیك بۆ زۆر لەگۆرانیبێژان ڕۆك کە بەئامێری جۆراو جۆر بەهێزکراو پشتی پێدەبەسترێت و سوودی لێ وەردەگیرێت".

میوزیکی ڕۆك لایەنی ڕەنگدانەوەی زۆر ئاڵۆزیشی هەیە. زۆربەی میوزیکی ڕۆك وەکو میوزیکی ڕۆژئاوایی لەسەر هارمۆنی جۆری کۆردی نۆتە، ساب دومینانۆت و دومینانۆت (نۆتەی پێنجەم لە ئوکتافێکدا) بناغەی بۆ دانراوە. بەدوای یەکداهاتنی کۆردەکان کە وەکو ١٢ پەیژەی هەڵگری میوزیکن، لەبلوزدا دەبینرێت لەسەر ئەم کۆردانە دامەزراوە و لەستایلی تایبەتی وەکو ستایلی ڕۆك ئەندرۆڵدا سۆل میوزیك (**soul music**) و ڕۆکی خواروو دەبینرێن .

زۆر لەتوخمەکانی میوزیکی ئەمەریکی — ئەفەریقی کاریگەریی بەردەوامیان لەسەر میوزیکی ڕۆك داناوە.

لەوانەش ئەو توخمانە دەتوانرێت (ڕستەی دووبارە) واتە جەخت کردن لەسەر ڕستەی دووەم و چوارەمی هەر هێڵێك، بابەتی کار و کاردانەوە و نۆتەکانی بلوز ئاماژەیان پێ بکرێت. ئاواز دانەری میوزیکی ڕۆك سوود مەندن لەتەکنیکەکانی تۆمارکردنی ستودیویی نوێ. لەتوێژینەوەی ڕێڕەوی میوزیکی ڕۆك دەبێت ئەوە بووترێت، یەکەم جۆری میوزیکی ڕۆك، ڕۆك ئاندرۆڵە کە ڕەگ و ڕیشەی لە (٥٠)کاندا لەئەمەریکادا هەیە.

ئەم میوزیکە یەکێکە لەلقەکانی خوارووی ئەمەریکا. لە ١٩٤٩ دا پاش کۆتایی جەنگی جیهانی دووەم، لاوان لەناو کۆمەڵدا بەمەبەستی ڕەتکردنەوەی ستایلەکانی کەنتری برەویان پێدا. سەردەمی زێرنی میوزیکی ڕۆك ئەندرۆڵیش ساڵانی ١٩٥٥ تا ١٩٥٩ کۆتایی هات. لەسەرەتای شەستەکاندا پیشەسازیی

میوزیکی ناوچەیی بەکۆکردنەوە لیریك نووسانی پیشەیی و بەکارهێنانی ئاواز دانەرانی ستۆدیویی گۆرانیبێژانی حەزین بەرە و لاسایی ئاواز دانەرانی میوزیکی دەیەی (٥٠)کان رۆك ئەندرۆلّ هەنگاویان هەلّهێنا. لەکۆتایی شەستەکاندا لەکاتێکدا کە مۆزیسیانەکانی ستایلی رۆك ئەم ستایلەیان لەڕێڕەوی میوزیکی ناوچەیی ئەمەریکادا جێگیرکرد، دەستیان بەفراوانکردنی ستایلی نوێی تریش کرد. ئەم سایتە لەدرێژەدا دەلّێت"هەردوو (رۆك سان فرانیسیسکۆ) لەگەلّ( رۆك توهمزا) لەدەوروبەری سالّی ١٩٦٦ گەشەی پەیداکرد. ئاوازدانەران لەکاتی جێبەجێکردنی کۆنسێرتەکانیاندا سوودیان لەدەرمانی توهم زا وەکو (L.S.D) وەردەگرت، لەکۆتایی شەستەکاندا ستایلی (هارد رۆك) پەیدابوو. ئەم ستایلە چەقی لەسەر لایەنە ئەستوورەکانی دەنگ و ئاستی بلّندیی دەنگەکان و تاك ژەنینی گیتار بەستبوو. لەسەرەتای حەفتاکاندا گروپەکانی سۆپەرستاری میوزیکی ڕۆکی وەکو (ڤادرولینگ ستونز، ئیگلز، فیلتو ڤادماك، و شیکاگۆ و کەسانی وەکو رستیفی ڤاندەر، ئالتون جۆن)، ڕێڕەوی میوزیکیان خستە کۆنترۆلّی خۆیانەوە لەدەیەی هەشتاکاندا، پێشکەوتنە میوزیکیەکان بوونە هۆی بوژاندنەوەی پیشەسازیی میوزیك، بازاڕەکانی میوزیکی ناوچەیی بەهۆی نێوەندە نوێیەکانی وەکو میوزیکی ڤیدیویی و کۆمپاکشن دیسکەوە برەوی پەیداکرد. لەنەوەدەکاندا ڕێڕەوی هەمان ئاوازدانانی هەشتاکان بەردەوام بوو، لەم سەردەمەدا گەشەی جۆرەکانی میوزیکی ڕاپ بووە هۆی بەردەوامی بازرگانیکردن. لەسەدەی

(٢١)دا زۆر ستایلی جۆراو جۆر لەمیوزیکی ڕۆکدا ڕوویدا، فاکتەری سەرەکی بۆ ئەم جۆراوجۆرییە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بوو. لەم سەردەمەدا سەرەڕای گوێگرانی میوزیکی جیهانی و میوزیکی ئەمەریکای ژوورو ڕۆکی ئەوروپای خۆرهەڵات، کاریگەریی میوزیکی ئاسیایی و ئەمەریکای لاتینی و وڵاتانی تر زیاد بوون لەسەر میوزیکی ڕۆك

**سەرچاوە/ ئاسینا لە سایتی**

**www.artmusic.com**

## میوزیکی ڕاپ یان هیپ هۆپ

**ئا: دیاری قەرەداغی**

ڕاپ(rap) یان هیپ هۆپ(hip hop) جۆرێکە لە گۆرانی، لەم شێوازە گۆرانییەدا و لە کاتی ئەداکردنیدا زۆر وشە و دەستەواژەی جیاواز بەکاردەبرێت بێ پاپەند بوون بە ئاوازێکی دیاریکراو و بێ پاپەند بوون بە ڕیتمیش.

ڕاپ لەشاری کینگستۆنی ولاتی جامیکا لە کۆتایی شەستەکاندا دەستپێکرد وەك لقێکی تازە لە میوزیکی دانس هۆڵ (dancehall) ، لە سەرەتای حەفتاکاندا لە ولاتە یەگرتووەکانی ئەمریکادا و بەتایبەت لەگەڕەکی(برونکس)ی ولایەتی نیویۆرك لەسەردەستی ئەفریقییە ئەمریکییەکان و زنجییە ڕەشپێستەکان بلاو بۆوە، هەروەها لە ساڵەکانی نەوەدەوە بە جیهاندا بلاو بۆوە.

هەمیشە لە میوزیکی ڕپدا گۆرانیبێژان باس لە خودی خۆیان دەکەن و زۆرجاران جۆرێك لە میوزیك بە کاردەهێنن  کە گوزارشتە لە بێتاقەتی و تورەیی و نەبوونی ژیانێکی پڕ خزمەتگوزاری و نەبوونی ئیش و بەتاڵی و گەڕان بەدووای چانسی ئیشکردندا.

خاوەنی ئەمجۆرە گۆرانیانە بەوە جیادەکرێنەوە جۆرە جلێکی پانو پۆڕ لەبەر دەکەن کە دەچوێت بە پۆشاکی وەرزشەوانەکانی وەرزشی بیسبۆڵ و پۆشاکی بەندکراوان.

ستایلی ڕاپ بۆ ڕیتم‌و قسه‌ی خێرای کێشدار کورتکراوه‌ته‌وه، به‌شێوه‌یه‌کی گشتی تێیدا ده‌نگی گۆرانیبێژ پێوه‌ر نییه به‌ڵکو ترپه‌ی میوزیك وشه‌کانی گۆرانییه‌که پێوه‌رن.

له کۆتایی نه‌وه‌ده‌کاندا ڕاپ له ده‌ره‌وه‌ی ئه‌مریکای باکور ده‌وترا، زۆر لق‌و پۆپی تازه‌ی لێکه‌وته‌وه، له وڵاته ڕۆژهه‌ڵاتییه‌کانیش په‌یدا بوو به‌تایبه‌ت له وڵاته عه‌ره‌بییه‌کاندا و ژماره‌یه‌ك گۆرانیبێژی راپ په‌یدا بوون که به زمانه‌کانی عه‌ره‌بی و ئینگلیزی ده‌یان چڕی. هه‌روه‌ها ئه‌م ستایله له یابان و له وڵاتی فه‌ره‌نساش به‌شێوه‌یه‌کی گه‌وره پیاده‌ده‌کران.

ڕاپ و جۆره‌کانی:

١- ئه‌ڵته‌رنایتڤ ڕاپ (**alternative rap**)

٢- سکرو (**screw**)

٣- کرنك(**crunk**)

٤- ڕاپی عه‌صابات(**gangsta rap**)

٥- جی فنك(**g-funk**)

٦- هاردکور ڕاپ(**hardcore rap**)

٧- پۆپ ڕاپ(**pop rap**)

٨- ڕاپ کور(**rapcore**)

٩- ڕیگی تۆن (**reggaeton**)

## کەرەسە هونەرییەکانی ئێرە

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەی ئەمڕۆ جیهانی هونەر بەخۆیەوە بینیوە ئایا ئەو پێداویستی وکەلوپەلە هونەرییەی لە کوردستاندا چنگ دەکەوێت وەك ئامێری میوزیك و ئامێرەکانی تۆمارکردن و ستۆدیوی گونجاو و کەرەسەکانی کلیپسازی بەشی خەیاڵەکانی هونەرمەند دەکات بۆ کارکردن؟

هەمیشە خەیاڵەکانی هونەرمەند لە پێش قۆناغەکانی جێبەجێکردنە، تا ئەو کاتەی هونەرمەند دەگاتە ئەوەی خەیاڵەکانی بگوێزێتەوە، چەندین گۆڕانی جۆراوجۆر بەسەر ئەو خەیالأنەدا دێت بۆ جوانکردنی بەرهەمەکەی، هاوکات لەگەڵ بەرەو پێشچوونی جیهان و دەوڵەمەند بوونی کەرەسەکانی ئینسان بۆ بەرهەمهێنان، هونەری گۆرانی و میوزیکیش کەوتە بەر ئەم گۆڕان و جێگۆڕکێیە تا بە هۆیەوە خەیاڵە هونەرییەکانی هونەرمەند لە تازەترینو جوانترینو پاکترین شێوەدا بگاتە کەسی بەرامبەر، ئەوەی جێگای سەرنجە، هونەری گۆرانیو میوزیکی کوردی لەم ناوچەیەدا وەك هەموو کایەکانی تر بەم گۆڕانانە کاریگەر بوو، کوردستانیش بێبەش نەبوو لە بەکارهێنانی کەرەستە کۆنو نوێیەکان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمی هونەریی، هەروەها هاتنە ناوەوە بەشداریکردنی ژمارەیەکی بەرچاوە لە چەندین ئامێری میوزیك کە پێشتر لە نێوماندا نامۆ بوون یان ژەنیاریان نەبوو، لەم بەرکەوتنەدا ئاڕاستەکان شێوەیەکی تریان وەرگرت،

لەمەوە خێرا گۆڕان و قۆناغ تێپەڕاندنی سەردەمی تەکنۆلۆجیا فریای بەکارهێنانە دروستەکەی ئێمەی کورد ناکەوێت و بەهۆیەوە تووشی زیانو سەر لێتێکچوون دەبین، بۆیە سەرئەنجام قۆناغی دەستەبەرکردنی کەرەستە هونەرییەکانمان بەچەند هەنگاوێکی شاشو گەورە لە دووای گەلان و جیهانەوەن، ئەمەش بۆخۆی بۆشایی و پەیوەندی و کاریگەری نەگەتیڤی بۆ هونەر و خەیاڵی هونەرمەندان دروستکردووە و بەردەوام پاشکۆی ئەو بارە خراپەن کە لە ئەنجامی قەیرانی کەلوپەلەکان دێنە ئاراوە، زۆر لە هونەرمەندان خەیاڵە جوانەکانیان لە ستۆدیویەکی خراپ یان ئاست مامناوەندا جێگای نابێتەوە، بۆیە بە ناچاری لە زۆر باردا هونەرمەند پاشەکشە(تەنازول) لە خەیاڵە جوانەکانی دەکات تا بتوانێت بیگونجێنێت لەگەڵ واقیعی دەوروبەریو ئەو بارە مادییەی کە بەچوار دەوریدا کێشراوە، لە ئەنجامی بوونی ئەم کێشانە زۆرجار خەیاڵو جەستەی بەشێك لەهونەرمەندان بەسەر توانا و کەرەسەکانی وڵاتێکی بێگانەدا دەنیشێتەوەو سوود لە پێشەکەوتنەکانیان وەردەگرن کە ئەمەش بە دیوێکی تریدا مەترسییەکی تر دەهێنێتە ئاراوەو دەبێتە هۆی کوشتنی حەماسی دەیان کەسی کارکەر لە نێو ستۆدیۆ کوردییەکان و کەمکردنەوەی حەز و بەردەوامیی ژەنیارە کوردەکان ئەگەرچی ئاستی هونەریش وەك پێویست زۆر بەرز نەبێت.

زۆرجار کەمدەستیو بێخەیاڵی بەشێك لە هونەرمەندان کە جگە لەحەزی بەهرەمەند بوون هیچی تریان پێ نییە، بۆ دروستکردنی گۆرانییەك پەنا بۆ

تازەترینو گرانبەهاترین کەرەسە و ئامێری میوزیکی و ئامێری تۆمارکردن دەبەن لە نوێترین مۆدیل و تەکنیکی ئەمڕۆی سەردەم کە سەرئەنجام لە کۆتایدا بەرهەمێکمان پێشکەش دەکات بە پاکترین تۆمارکردنو نایابترین کەرەستەی بەکارهاتووو هەروەها بە باشترین ژەنیاری بێگانە، بەلاّم خالّی خالّیو چۆلّ لە چێژی هونەری، زۆر کز لە ئاستی تێکست و ئاواز، خراپ لە توانای ئەداکردن و وتندا، ئەوەندە تەمەن کورتە بە هێندەی ساتی گوێگرتن لێیان و بە ئەندازەیەك نەکیرەن کە تۆ ناتوانیت شێوە و دەنگەکان لەیەك جودا بکەیتەوە و هەمان ستایل و جوینەوەی هەمان قەوان و هەمان ڕەنگ و بۆنن، نەناوی گۆرانییەك نە ناوی گۆرانیبێژێك لە زاکیرەتدا نامێنێتەوە.

من هەست ناکەم هیچ هارمۆنییەك خەیالّی بەربلاّو و جوانی هونەرمەند بە کەرەسەکانی ئێرەوە ببەستێتەوە ئەگەر بە ناچاری نەبێت یان لە بێدەسەلاّتی و نەزانینە خەیالّی کورتی زۆرێك لە ئێمە کە بەو کەرەستانەی هەمانە قانیعن، لەم حالّەشدا زۆریشی زیادە بۆمان.

## دواخستنی داهێنان

ئایا کێشە ئامێرە، یان کەسانی پشت ئامێرەکان؟ ئامێری میوزیك نییە یان میوزسیان؟ ئایا ئامێرەکانی تۆمارکردن نین، یان کەسانی پسپۆر لە بواری دەنگسازی و ئەندازەی دەنگدا؟

ئایا ئیرەیی و حەساسیەتی بەشێك لە کارکەرانی هونەر نابنە هۆکار بۆ دواخستنی داهێنان؟ یان زەمینەی داهێنانە چنگمان ناکەون ؟؟

کۆی شتەکان لەوەدایە کە سەرجەمی کەموکوڕییەکان لە ئەستۆی گشت بارەکانە نەك تەنها قەیرانی ڕەگەزێك و لایەنێك، تۆ تەماشا بکە لەو کاتەی کە میوزیك بە گیاندا دەڕوات‌و دەبێتە دەروێشی بەردەم ئامێرێکی میوزیك، کەچی لەم ولاّتەی ئێمەدا ئەو ئامێرە دێتە قڕی، زۆرێك لە هونەرمەندانی ئێمە بە ناچاری ڕشتەیەکی میوزیکیان خوێندووە دوور لەو ئامێرە میوزیکییەی کە خۆی لە ڕۆژگارێکدا هاوڕێی خەیاڵ‌و خەون و حەز و ویستەکانی بووە، دەپرسم ئایا ئەوە کوشتنی ڕۆح و ویست و حەزی کەسێك نەبێت چی ترە؟ دەیان ئێستای هونەرمەند ئاگادارم کە لە کاتی خۆیدا حەز و خولیا و ویستی لەسەر ئامێری گیتار بووە ، کەچی لە قۆناغەکانی خوێندیاندا ئامێری (ڤیۆلین)یان پێ تەواوکردوون، دووای تەواوبونی خوێندن و هەڵگری بڕوانامەی ئەکادیمی وەك ڤیۆلینیستێکی سەرکەوتوو نەناسران.

زۆرێکی تریان ویستیان ژەنینی ئامێرە ئیقاعییەکان بوون، ئەمانیش بەئامێرێکی تری دوور لە ویست و حەزیان گیرۆدە کران، ئاخر ئەمانەش کێشەی ئیدارین نەك کێشەی ئامێر و ژەنەرەکەی.

بەرپرسان و وەزارەتی تایبەت بەم بوارە تا ئێستاش پێیان وایە کە لە پەیمانگایەکی کورد زماندا وا پێویست بکا کە هەر مامۆستا و فێرکەرانی هەمان هاوزمانانی خوێندکاران بن. خۆ دەکرا چەندین وانەبێژی بێگانەی خاوەن ئەزموون بانگهێشت بکرانایە بۆ سوود وەرگرتن لە تواناکانیان، وەك چۆن لە زانکۆی هەولێر و سلێمانی و دهۆك ئەو کارانە کران بۆ بەشە زانستییەکانی تر.

دیسان خەتایەکی گەورەیە مامۆستایەك بە ئاستێکی دیاریکراو بە پیشە مامۆستای هونەر بێت، با وەڵامەکەشمان ئەوە نەبێت (( ئەی چیبکەین)) یان بڵێن کە نەبوو با ئەمە هەبێت، ئەم وەڵامە بۆ ئەو کاتە دروستە کە سەرەتاکانی دروستبوونی شوێنێکە، بەڵام جێگایەك کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکە بەمشێوە سیستەمە خۆی نمایش دەکات، چۆن ئەم تەفسیرە هەڵدەگرێت؟

باشە دەپرسم گەر قوتابییەك ویستی فێری ئامێرێکی فووداری وەك( ساکسیفۆن، ئۆبوا، هۆرن، باسون،ترۆمپێت.. تادوایی)بێت، کێ ئەم وانانە بڵێتەوە؟

بۆ.. ئێمەی تا دوێنێ قوتابی، ڕاستەوخۆ مامۆستای سبەی پەیمانگاکان بین؟

کەواتە خوێندنی میوزیك زەمینەیەکی بەرچاوتر و گەورەتری دەوێت لەوەی هەیە، هەرچی سەبارەت بە هونەری تۆمارکردنە، من لە نزیکەوە ئاگادارم، کە

یەك کەس نییە لە خاوەن ستۆدیوکانی ئەم شارە هەڵگری بڕوانامەیەکی تایبەت بن بە کارەکانیان یان هیچ نەبێت بەشداربووی چەند خولێك یان تاقە خولێکی هونەری تۆمارکردنی دەنگ بن، ئەوەی دەیزانن خۆرسکانەیە و هەوڵ و گەڕانی خۆیانە بەئەندازەی حەز و زیرەکی خۆیان کە لەیەکێکیانەوە بۆ ئەوەی تریان جیاوازی بەرچاو هەیە.

لێرە، فۆرمی ستۆدیۆکان زۆر سەیر و چەقبەستووە، هەر کەسێك تاقە ژوورێکی بچوکی یەك مەتر بە دوو مەتری گرت و کۆمپیوتەر و کیبۆرد ئۆرگێکی دانا ئیتر خەونی هونەریی ئێمەی پێوە گرێ دەدرێت، ئەوەندەی ئاگادار بم لە زۆرینەی وڵاتان، هونەر و توانای هونەری هونەرمەندانە کە مەرج بۆ چۆنێتی ئیشکردن لە نێو ستۆدیۆکان دادەنێت، کەچ شتێك بەکاردەهێنێت، کەی کات لەبار و گونجاوە بۆ کارکردنە هونەرییەکانیان، لەبەرچاوگرتنی باری دەروونی هونەرمەند و زەمینەی ڕەخسان بۆ جێبەجێکردنی بەرهەمەکەی و پاشان بەرز ڕاگرتنی کارەکەی، کەچی لێرە بەو هەموو هەژارییەوە کە هەیانە، جۆرێك لە مەمنوون بوونی هونەرمەند دروستبووە بۆ ستۆدیۆکان و مەرجدانان بەسەریانداو هونەر فرۆشتنەوە پێیان وسەپاندنی مەزاجی تاکە کەسی بۆ دروستکردنی شتەکان وەك ئەوەی کارەکان بە خۆڕای بکەن کە ئەمەش لەگەڵ ناسکی ئەو کارە دا دوو شتی تەواو پێچەوانەی یەکن، ئەوەی لێرە بە ئەندازیاری دەنگ ناودەبرێت دوورە لە ناونیشانەکەی، چونکە من گومانم هەیە لە و ئەندازیارییەی کە بۆ

بەرهەمێکی هونەری دەکرێت لەگەڵ ڕێزم بۆ توانای هەندێکیان کە بە ڕاستی لەگەڵ ئەم ڕەخنەیەی من هەرگیزاو هەرگیز نایەتەوە.

بۆ نمونە زەحمەتێکی زۆرت دەوێت تا بەم حاڵە کارێکی ئۆرکسترالی یان نیمچە ئۆرکسترالی بکەیت، چونکە لێرە ستۆدیۆی گەورە نییە و ئامێرەکانیش لە ئاست ئیشی گەورەدا نین، ئەگەر خوانە خواستە کاری گەورە هەبوو یان لە ئایندەدا بیر لە بونیان بکرێتەوەو بمانەوێت هەمانبێت.

هەرچی ستۆدیوی دامو دەزگا هونەرییەکانی ترە کەوا هاتونەتە پێش و دروستبوون بوون کە ببنە ئەلتەرناتیڤێك بۆ ئەو کەرەستە سەرەتایی و سادانەی ناو بازاڕ و ستۆدیۆ ئەهلیانە کەچی ئەوانیش جۆرێك لەسیستەمی تایبەت و میکانیزمییەتێکی داخراو و پڕ مەزاج کاریان پێ دەکات، بۆ نمونە چەند هونەرمەند لە کوردستان دەزانێت کە ئینستیوتی کورد لە سلێمانی ستۆدیوی هەیە یان گەر بشزانێت چەند کاری تێدا کراوە، چەند بەرهەم لە ستۆدیۆ گەورە و گرانبەهاکەی زاگرۆس تیفی کراوەو چۆن کاری پێ دەکرێت و کێ دەیکات و بەچەند پارە دەکرێت، یان کەناڵێکی وەك نەورۆز تیڤی کە دادەمەزرێت و باس لە بوونی ستۆدیۆی گەورە دەکرێت تێیدا تا چەند لەسەر پشت و شەفاف و کراوەیە بە ڕووی هونەرێکی بەرز، بەڕاستی نەبوونی ڕووخسارێکی ورد و ڕوون و شەفاف لەم ستۆدیۆیانەدا و بایکۆتکردنی لە لایەن دەستەیەکەوە بۆ هەر مەبەستێك بێت جارێکی تر پەکخستنی داهێنان و خەونی هونەر و هونەرمەندانە..

نوکتەکەش لەوەدایە کە لەملاوە بە پارەی خەیاڵی ستۆدیۆ دادەمەزرێت و لەملاشەوە باوەشە پارە بە ڕەقەمی سەیر سەیر دەکرێت بە گیرفانی هەندێك دەڵێم تەنها هەندێك لەو هونەرمەندانەی نزیکن لەو بەرژەوەندییانەوە تا بەرهەمە عەجاییەکانیان لە ستۆدیۆکانی دەرەوەی کوردستان بە ئەنجام بگەیەنن. بەداخەوە ئەمانە گرفتی قورسن و ڕووبەڕووی نێوەندی هونەری دەبێتەوە و بە ئاسانی هەستی پێدەکەین و لە کاتی بوونی ڕەخنەیەکیش لیان بێدەنگ دەبن و پشتگوێخستن دەبێتە باشترین وەڵام .

گەر هەموو ئەوانەشی کە باسمان کرد هەر لە (قات و قڕی وکێشەکانی نێو ستۆدیۆ و ئامێری میوزیکی و میوزیکژەنان و میوزیسیانەکان و تادوایی) لە باشترین حاڵەتیشدا بن، کەچی هێشتا گرفتێکی سەرەکی و موزمین لە نێو پانتاییە هونەرییەکدا وەك سەرەتان و ڤایرۆس باڵی کێشاوە و زیندووە ئەویش گرفتی بیرکردنەوەی هونەرمەندێك لە دروستکردنی سیدییەك یان تاکە بەرهەمێکیش، چونکە هەمیشە ئەو ڕاستییە تاڵە دەزانێت و لەپێش چاویدایە کە هێشتا هونەر لەم وڵاتەی ئێمەدا بە تەنها حەزە و نەبۆتە ئیش(حیرفە)، نەبۆتە ئەوەی بەرهەمێکی هونەریی هونەرمەندێك بژێنێت، هەمیشە هونەرمەند دەکەوێتە ژێر ئەو بارە قورسە مادییەی کە لە بەرهەمێکدا خەرجی دەکات و زۆر بە کەمی دێتەوە جێگای ، چونکە هەموو باش دەزانین کە لە کوێرەدێیەکی دنیادا کە هونەری گۆرانی و میوزیك و دراما و شانۆو سینەما هەبوو پێویستە

بەرهەمهێنەریش هەبێت، بەرهەمهێنەرەکانیش لە ڕێگای کۆمپانیا هونەرییەکان وەك (بیزنس و هونەر) کار لە تەك هونەر و هونەرمەندان دەکەن ، بەو مەرجەی بازاڕ لە ڕێگەی یاسا و سیستەمی هاوچەرخەوە کۆنترۆڵ کرا بێت ، بێ ئەمانە واتە بێ بوونی بازاڕی هاوبەش و زەمینە گونجاو هاوچەرخ و ئازاد، بێ بوونی کۆمپانیا و خەرجکردنە دروستەکان، بێ بوونی کەسە پرۆدیوسێرەکان واتە بەرهەمهێنەرەکان، زەحمەتە هونەرمەند لە باڵی خۆی بگرێتەوە بۆ بەردەوام بوونێکی هونەریی هاوچەرخانە، ڕەنگە ساڵێك لە دەمی خۆی بگرێتەوە، ساڵێکیش بە قەرز و سەدەقە، ساڵێکیش بە خێر و منەتەکانی وەزارەت و لایەنەکان، بەڵام ئەمانە هیچی بەدیل نین و هەمووی لە تەنگەژە و نەبوونی ئەو زنجیرە هاوچەرخەی کە باسمان کرد و لە هەموو دنیادا هەیە ئەم دیاردانە دروست دەبێت و هەر زووش بەر ڕەخنە دەکەوێت و نامێنێت، چونکە دروستبوونەکەی لە سەر بنەمایەکی زانستی و لۆجیکی نییە و هەمیشە مەحسوبییەت و مەنسوبییەت پێش عەقڵ خوێندنەوە و هونەر خوێندنەوە دەکەوێت و وەك زۆری بەشەکانی تری ئەم میللەتە مەزاجی تاکە کەس دەکەوێتە پێش هەموو خوێندنەوەیەکی ئەکادیمی و مەنتیقی، تەواو وەك ئەو بارەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە.

لە دەرهاویشتەی ئەم شلۆقییە ، زۆر کاری(فلچەی) دروستدەبێت کە دەبێتە ڕووزەردی دنیای هونەر، بە ناچاریی زۆرێك لە میوزیکژەنان سەرقاڵی سازکردنی

ئەو بەرهەمە نا هونەریانەن کە بەلێشاو لەسەرجەم تیڤییەکاندا بەرهەم دەهێنرێت بەرامبەر بڕێك پارە کە ئەمەش لە جۆرێك نان پەیدا کردن دەچێتو بووەتە کاسبی، لێرەشەوە هەر کات گۆرانیبێژێك بۆ بە ئەنجامدانی بەرهەمەکەی نەیتوانی لەو بڕ پارە زیاتر بدات کە ئەوان لە تیڤییەکان بۆ یەك کاتژمێر وەریدەگرن، لەمەوە زەحمەتە بتوانێت کارێکی هونەریی جەماعی بکات و بەرهەمێکی جدی پێشکەش بکات. هونەرمەند ێك تا ساتی تەواو بوونی سیدییەك مێشك مەشغوڵە بەوەی لە کوێ و لەکام بازاڕدا بەرهەمەکەی بڵاو بکاتەوە و کام یاساش پاڵپشتییەتی لە کاتی بڵاوبونەوەیدا، هەندێکجار بەر لەبڵاوبوونەوەی بەرهەمێك هەندێك لە کۆمپانیاو تۆمارگاو شەقامی گشتی داوای ئەوە لە هونەرمەند دەکەن کە بەرهەمەکانیان نەشئە بەخش و ڕیتم خێراو تێکست عاشقانە و سادە بێت.. کە دەپرسیت بۆ؟؟ دەڵێن فرۆشی زۆرترە لەو بەرهەمانەی تر، کەواتە دەبێت هەموو لە یەك بچین و هەموو یەکجۆر بە ویست بازاڕ بەرهەم پێشکەش بکەین، ئەوەی بۆتە مۆدیش چڕینی سەقەتی هونەرمەندە بادینانییەکانە بۆ گۆرانی سۆرانی بەر لەوەی ئەم برادەرانە لە شیعر و تێگەیشتنی چەمکی شیعرەکە بگەن دێن بەرهەمێك یان دوو بەرهەم دەڵێن تەنها بۆ فراوانکردنی پانتایی گوێگرتنیان پێیان وایە گەر شیعرەکە سۆرانی نەبوو ئیتر گۆرانییەکانی تر ناگاتە ئێمە، دیارە هەموو ئەو هونەرمەندانە بیریان چووە کە گەورەیی و ناوبانگی( شڤان پەروەر و گوڵستان ،جوان حەجۆ، شریبان، عایشە

شان محەمەد عارف جەزراوی) هیچی لە ( خالّە تایەر و ڕەسولّ گەردی و حەسەن گەرمیانی و کەریم کابان و هونەرمەندانی کوردستانی ڕۆژهەلاّت ) کەمتر نەبوون. هەمان دیاردەش بۆ زۆرینەی هونەرمەندانی سۆرانی کە زۆریان تەنها ئامانجی وتنی گۆرانی بادینی جولاّندنی هەستی ئەو کەسانەن کە بەو دیالێکتە گۆرانی دەڵێن، دەستخۆشی و ئافەرین و ئازایەتیش بۆ ئەو هونەرمەندانەی کە بەجوانی توانیویانە جگە لە دیالێکتەکەی خۆیان بە شێوە دیالێکتەکانی تر بەو پەڕی جوانییەوە چڕیویانە و بەرهەمیان پێشکەش کردووە.

## لە پێناو جوانی لە هونەردا

چەمکی جوانی نسبییە، ڕەنگە ئەوەی تۆ پێت جوان بێت دەشێت لە ڕاستیدا وا نەبێت و بەپێچەوانەشەوە ، ڕەنگە ئەو شیعرەی کە هونەرمەندێك سەرسام دەکات لە ڕاستیدا تەنها لای خۆی جوان و سەنگین بیت، هەمیشە ڕاگەیاندنی کوردی بە پێودانگە جیاجیاکانی خۆی کاردەکات، چونکە میکانیزمێکە لەدەرەوەی ئیرادەی کارەکانی ئەو کەنالاّنەیە هەمیشە لە چوارچێوەی سیستەم و بیرکردنەوەی لایەنی فەندەر ئەوەی خەرجی بۆ دابین دەکات کار دەکات، قورسە لێرەدا من بلێم هیچ نەکراوە، چونکە وانییە، قورسە هەموو شتەکان بە تەواوی

نەفی بکەیتەوە، چونکە لە ئەزموونە بەراییەکانی ئەم کەناڵانەوە تا ئێستاش بەردەوام و بێوچان هەوڵدەدرێت بۆ ڕەنگکردنی ڕەسمێکی گونجاو بۆ هونەر، بەڵام ئەو بۆشایی و کزیی و لاوازییەی بەردەوام دەبینرێت کەلە پشتییەوە کۆمەڵێك هۆکار هەیە، کۆمەڵێك نەزانین ئامادەیە کە ناتوانێت درك بە نەزانین و کەم فکری خۆی بکات، کە زۆرجار هەندێکیان باسکراون و بێچارەسەر ماونەتەوە، دیارە چارەسەر نەبوونیش لەئەنجامی گرنگی پێنەدان و بەکەم زانینی ئەم بوارەیە و لە جێگاشیدا گرنگیدان بە هەموو هێڵەکانی تر، یەکێك لە مەترسیدارترین هۆکار کە بۆتە ئەم کز و لاوازییەی بواری هونەریی لە میدیاکاندا ئەویش پەرتبوونی هونەرمەندان و گروپە میوزیکییەکان بەسەر کەناڵە جیاجیاکاندا، جا لە بە ئاگابوون و بێ ئاگا بوونی خۆیانەوە وەها دێنە بەرچاو کە لەکارمەندی ئەو ڕاگەیاندنە بچن‌و کە بە ئاسانی دەناسرێنەوە و دەزانیت کامە هونەرمەند کوڕی کام کەناڵەیە، هەندێك گروپ و تاکە تاکەی هونەرمەند هەن بەهێندەی لۆگۆی کەناڵەکە دەردەکەون کەچی لەوانەی تردا نابینرێن، بێگومان ئەمەش بچوکبونەوەی قەوارەی ڕیکلامی هونەریی هونەرەکەیانە، کە ڕەنگە لەجوغزێکی بچوکدا بخولێتەوە، سەرباری ئەوەش بە گشتی ئەم کەس و گروپانە لەسەر کۆی هونەری کوردی دەژمێرێن، زۆر جار دەیانبینینی لە شکڵی مامۆستای هونەری کوردی کە بەڕاستی ئەمەش ترسناکە ، ئەم کەرتبوون و پەرش و بڵاوبوون و دابەشبوونەی هونەرمەندان لە پەراوێزی میدیا کوردییەکاندا چیتر نییە جگە لە

خزاندنو سڕینەوە بەشێکی گرنگی ئاکارو کارەکتەری هونەر و هونەرمەند تەنانەت بچوکبونەوەی وێنە و چێژی هونەریش ڕەنگە جەماوەر و گوێگر ئەوەندەی حەز بەگۆڕان و تازەو ڕەنگ و ڕووی تازە بکەن ئەوەندە حەز بەوە نەکەن کە بەردەوام وێنە و ڕەنگ و دەنگی کەسەکان دووبارە و سەد بارە ببنەوە، لەلایەکی ترەوە ئەوەی جێگای سەرسوڕمان و ئاماژەیە، ئەو ژمارە زۆرەی هونەرمەندان کە بوونەتە کارمەندی دەزگا ئیعلامییەکان، بە تایبەت تیڤییەکان کە بەویست و پێویستی خۆیان بەشێك لە تواناکانیان کۆنترۆڵ دەکرێت و بەشێکی تری ئازادییان دەکەوێتە ژێر ڕەحمەتی فەرمانەکانی ئەو کەناڵە، لەهەندێك باری تردا دەکەونە بەر پلار و گلەییو لۆمەی هونەرمەندانی دەرەوەی ئەم کەناڵ و دەزگا ئیعلامیانە، بە تایبەت لەو کاتانەی کە هەڵسوڕاندن و جێبەجێکردنی کارەکانی ئەمان تەواو پێچەوانەی ویستی ئەوان بێت، لێرەوە جۆرێك لە حەساسیەت و پەیوەندی خراپ دروستدەبێت، کە دڵنیام هونەری جوان و سەرکەوتو لەم ململانێیەدا دەبێتە قوربانی، من ناخوازم ئەو بەرهەمە کەمە جدییەی کە بەچەند سالێك تەنها(قل)ێك دەردەکەوێت بکەوێتە بەر هەڵمەتی سڕینەوە و پەراوێزکردنیان، ئاخر چ شتێکی جوان وا بەئاسانی دروستدەکرێت تا لەساتێکی کەم وەختدا ببێتە قوربانی بڕیارە مەزاجی و هەڵسەنگاندنە بێویژدانەکان؟؟ چونکە ئەمە دەرهاویشتەیەکی خراپ جێدەهێڵێت نەك بەتەنها لەو مێژووەدا لەسەر خودی تاکە هونەرمەندەکە، بەڵکو لەسەر گشت ئەو نەوە پڕ

هەست و ناخە پڕ کەف و کوڵو پێشڕەوەی کە بەدوای ئەو هونەرمەندەوە دێن و حەزیان بۆ هونەر زۆرە و لەسەر شاپەڕی خەیاڵیاندا کۆشکی هونەر و ئەستێرەبوونی خۆیان لە ئاسمانی کوردیدا دەبینن، بەڕای من کوشتنی دەنگی هونەرمەندێکی جدی کوشتنی نەوەیەکە کە ئیدی ناتوانێت چیتر بەرهەم بهێنێتو دروستکەر بێت، من حەقو کارم بە مەنهەجییەتی کەناڵێکی دیاریکراوەوە نییە کە زۆربەی کاتەکانی بۆچی تەرخان دەکات، بەڵام حەقی ئەوانیش نییە لەسەر حساباتی هونەرێکی زیندوو، کاکڵەی هونەر دەرخواردی خەڵکی بدەن، بۆ دەبێت هەمیشە جەماوەر قوربانی تاکە مەزاجی کەسێك بێت؟؟ بۆ دەبێت هەڵەشەیی لە بڕیاری هونەریی لای هونەرمەندانی بڕیارِ بەدەست، سەرجەمی خەڵکان و گوێی جەماوەر باجەکەی بدات؟؟ پاشان بۆ دەبێت لەم جێگایانە هونەرمەند سەرپشك بێت بۆ بڕیاردان لەسەر کاری ئەم و ئەو؟ ئاخر کەی ئەمە ئیشوکار و کاتی هونەرمەندە؟ بۆ بەردەوام بە ناوی فلتەرەوە قورِ بۆ دەنگە جوانەکان گیراوەتەوە؟ کەچی هاوکات زرمەی مارشەکان بوونەتە نان و ئاوی هەست و نەست و گوێی ئەم خەڵکە، ئایا ئەو بەرنامانەی کە هەن لە سەقتکردنی ئاستو جوانی هونەر زیاتر چیترە؟ ئەوەندەی بۆ ئەو بەرنامە بێسوودانە پارە و کات خەرج دەکرێت گەر ساڵی گۆرانییەکی باش بناسرێنێت و بەرنامەیەکی پانۆرامایی بۆ بەرهەمە دیارەکانی ئەو ساڵە بکرێت ڕەنگە زۆر سەروەریی بۆ هونەر و هونەرمەندان بگەڕێتەوە و جەماوەریش زیاتر دڵخۆش و

سوودمەندتر بن‌و فێری جوانی و چێژ بن ، سەیر نییە کە ڕاگەیاندنی کوردی فلتەرێکی هەبێت بۆ چاودێری کارە هونەرییەکان و هەڵاوێرد کردنی باش لە خراپ(ئەم کارەش چۆن دەبێت ئەوە نازانم؟) بەڵکو سەیرەکە لەوەدایە بەسەربوونی (فلتەری هونەری) کە تەنها خوا دەزانێت کێن و لە کوێن، دەیان بەرهەمی پڕ لە نەشازت بۆ وەردەگیرێت.. بەرهەمێك کە لەپشتییەوە یا ئەوەتا دەستی دەستەڵات شەفاعەتییەتی یان جوانی ڕووخساری بەرهەمهێن بازاڕە گەرمەکەیەتی..

ئیتر لای من وایە و ڕەنگە لای تۆش شێوەیەکی تر بێت، دڵنیام خەڵکیش قسەیەکی تری هەیە.

## باشترین گۆرانیبێژ یان پڕ فرۆشترین گۆرانبێژ؟؟

ئەوەی هانیدام بۆ نووسینی ئەم باسەو هەڵبژاردنی ئەم ناونیشانە ، ئەو بابەتە بوو کە لەمڕۆژانەدا لەیەکێك لەگۆڤارە کوردییەکان بەرچاوم کەوت کە لەبەرگی دەرەوەی گۆڤارەکە نووسرا بوو باشترین گۆرانیبێژی ساڵی ٢٠٠٧، وەك هەموو خوێنەرێك دڵخۆش بووم بەوەی کە ئیتر شوکر بیر لەوە کراوەتەوە کاری باش و گۆرانیبێژی ساڵ‌و بەرهەمی ساڵ بەرز بنرخێنرێت و ئێمەش وەك سەرجەم گەلان

ومیللەتانی دنیا بەم هەولانە نامۆ نەبین ، ئەوەش لەسۆنگەی ئەوەوە کە مادام هونەر و بەرهەمی هونەریی هەیە، کەواتە باش و خراپیش بارێکی ئاساییە هەبێت و باش و باشترو باشترین هەبێت، پرسیم بۆنا ؟ بۆ نەبێت؟ بەر لەوەی بچمە کرۆکی ئەو باسەی کە لەگۆڤارەکەدا هاتبوو بە باشی دەزانم چەند سەرنجێك و چەند بەرچاو ڕوونییەك بۆ لەم جۆرە ڕاپرسیانە بخەمە ڕوو.

پێویستە ئەوە دیاری بکرێت کە ئێمە ڕاپرسی لەسەر چی دەکەین؟؟

باشترین ئەلبوم ؟؟ یان باشترین گۆرانیبێژ؟؟ یان باشترین گۆرانی؟؟ یان پڕ فرۆشترین ئەلبوم؟؟ ئەمانەی سەرەوە بریتین لە چەند یەکەیەکی جیاواز و بۆ هەریەکەیان دەکرێت ڕاپرسیو توێژینەوەی جیاجیا بکرێت بێئەوەی تێکەلاو بکرێت چونکە بە تێکەڵکردنی هەریەکێك لەم بەشانەدا ، ئەوا تەمومژ و ناڕاستی لە ناونیشاندا دروستدەکات، ناونیشانێك کە لەگەڵ ڕاستی کارکردنەکەدا زۆر جیاوازە، هەروەك ئەوەی ڕاپرسی بکرێت بۆ باشترین ئاوازی کوردی لەساڵێکی دیاریکراودا  کەچی لە ناونیشانەکەماندا بنووسین فلانە کەس بووەتە ئەستێرەی گۆرانی کوردی!! دیارە ئەستێەرە بوونیش بەتەنها لە ڕەگەزی ئاوازدا نابینرێتەوە، ڕەنگەی ئەوەش لە ئارادایە کەدەشێت ئەو ئەستێرەیە کە بە (مانشێت و ناونیشانەکە کردوومانە بە ئەستێرە) خۆی خاوەنی ئەو ئاوازەش نەبێت، لێرەوە هەڵە لەکارکردنی ڕاپرسییەکە بە ئاشکرا بەدەر دەکەوێت..

هەردەم ئەوەم پێخۆشە کە بابەتی تازەی جۆرناڵیستانەی کاریگەرانە لەبرەودا

بێت ، با ترسی ئەوەشمان نەبێت کە هەڵە دەکەین، بەڵام پاشکۆ بوون بە هەواڵ و ڕاپرسی پێش خۆمان و بە هەڵە دووبارەکردنەوەی هەمیشە وەك گێڕانەوەی ئەو حیکایاتانە وایە کە لەسەر زاری کەسێکەوە بۆمان دەگێڕنەوە بێئەوەی خۆمان یەك حەرفی کتێبەکەمان بەرچاو کەوت بێت، دەقاودەق ئەمەش وەهایە، ئێمە ببینە تەواوکەری ڕاپرسی کەناڵی تر، بۆ نمونە ڕاپرسی ڕادیوێیەك لە بەرنامەیەکی تایبەتدا کە نەشیتوانیووە سەرانسەری کوردستان جڵەو بکات بۆ ڕاپرسییەکی گەورە و بەشدارییەکی هەمەڕەنگ و زۆر لایەنە، ڕەنگە چەند سامپڵێك لە خەڵکی پەیوەندی بە و بەرنامەیەوە کرابێت کە تێدا هاتووە و پرسیار کراوە " باشترین بەرهەمی ساڵی٢٠٠٧" چییە؟؟ هەمووش دەزانین کێن موشتەری ئەم جۆرە پەیوەندی کردنانە بەو بەرنامانەوە و ئاستەکانی چێژ و مەعریفەیان لە چ ئاستێکدایە، ئاخر ناهەقم نییە زۆرجاران گوێمان لە وتەکانیان بووە کە پەیوەندیان کردووە، بەشەر ئارەقی تەریقی لێدەچۆڕێت، دەرئەنجامی بەرنامەیەکی وەها خۆی چییە تا ئێمە بیکەینە سەرچاوە بۆ ڕاپرسییەك کە خۆمان بمانەوێت بە ئیرادەی خۆمان لە مەنتیقی ئیشکردنی خۆمانەوە ئەنجامی بدەین؟؟

دەکرێت تۆ وەك هەواڵێك ئاماژەی پێ بدەیت لە پاش ڕاپرسییەکەی خۆت و بڵێیت لەمساڵیشدا ڕاپرسییەکی لەمجۆرە کراوە و فلانە بەرهەم بەپێی ئیشکردێکی وەها بۆتە باشترین بەرهەمی ئەو ساڵە، بەڵام ئەوە کۆمیدییە کە

ناوی ئەو هونەرمەندە دەرچووە بکەیتە ناونیشانی ڕاپرسییەکەی خۆت، وەك ئەوەی لەو گۆڤارەدا دیم..

بێمەوە سەر کرۆکی باسەکەم، بەو پرسیارە بێمە پێشەوە کە ئایا پڕ فرۆشترین بەرهەمی هونەرمەندێك پێوەرە بۆ باشترین گۆرانیبێژبوونی ئەو ساڵە؟؟

ئەگەر وەڵامەکە ( بەڵێ)یە، تێمان گەیەنن چۆن؟؟ بزانین چ پێودانگێك بۆ ئەم مەسەلانە دیاریکراوەو بە چ پێوەرێکی عەقڵانی ئەم قسەیە دەکرێت؟؟

جا خۆ گەر وەها بێت و ئەم هاوکێشەیە ڕاست بێت، ئەوا ڕۆژانە لە ناوجەرگەی مەزادخانەکەی سلێمانی و شێخەڵای هەولێر بە هەزاران بەرهەمی وەها دەفرۆشرێت، کە خاوەنی ئەم بەرهەمانە، بە مووش ناویان لە کولەکەی تەڕی ڕاگەیاندن و میدیا و ڕۆژنامە و گۆڤارە کوردییەکان نەهاتووە و ناشیان ناسین، تەنانەت داماوانە خۆشیان بەخۆیان نەوتووە هونەرمەند، ئەی بۆ ئەمە بڵێین چی؟؟ئەگەر ئەمە پێوەر بێت، ئەی بۆ ڕاپرسیکەر ئەمانیشی نەکردە باشترین گۆرانیبێژی کورد و کوردستان، گەر پێوەر فرۆشتنە؟

ئەمە بەدیوێك بەدیوێکی تردا بێ ئاگایی تەواوی ڕاگەیاندنەکان و سەرپێی درکاندنی ئەم مەسەلانە، بۆ نمونە پشت بەستون بە بەرهەمهێنەرانی ئەم بەرهەمانە کە کۆمپانیاکانن کە بەڕاستی زۆرجار چاوبەستی لەم مەسەلانەدا هەیە دەوترێت فلانە هونەرمەند ئەوەندە ژمارە سیدی لێفرۆشراوە، کەچی کە بەدوواداچوونی بۆ دەکەیت نەك ئەو ژمارەیە نەفرۆشراوە بەڵکو ژمارەیەکی

ئەوەندە زۆر کە بەچەندین هەزار و بەچەندین کارتۆنە سیدی لە مەخزەنی ناوەندەکانی فرۆشتن کە کاریان دابەشکردنە ماوەتەوە.. کە بۆ ئەم مەبەستە خۆم بەدووداچوونم بۆکردووە و بەچاوی خۆم بینیومە ، هەڵبەتە جێگای ئەسەفم بووە کە بێنازانە ئەو ژمارە زۆرەم لە سیدی هونەرمەندان وەها بینیوە کە هەمیشە تەمەنای ئەوەم کردووە یەك دانە سیدی هونەرمەند نەمێنێتەوەو هەر هەمووی بەشێوەی ئۆرجینالی بێتە بەر دەستی گشت تاکێکی کورد.

باشە گەر کۆمپانیایەکی وەك (ناوەندی بلاۆکراوەی هونەریی ئارۆ) وەك لە ڕاپرسییەکەدا هاتووەو نەیویست ژمارەی تیراژەکانی خۆی بلێت..ئەی باشە بۆچی ئەو بەرهەمانەی کەلەم جێگایەوە چاپ کراون و بلاۆکراونەتەوە لەو ڕاپرسییەدا داخلی ئەو پێشبڕکێیە بوو؟؟ ئایا ئەمە ناحەقی نییە بە حەقی ئەو هونەرمەندانەی کە ناوتان بردووە؟؟ خۆ ئێوە تیراژەکەشیتان نەزانیوە( کە ئێوە کردوتانە بە پێوەر) ئەی بۆ داخلی ئەم ڕاپرسی و کێبڕکێەتان کرد؟؟

خالێکی تر کەجێگای باسێکی گەورەیە ئەویش ئەو پرسیارەیە کە ئایا باشترین بەرهەم (واتە باشترین سیدی) بەتەنها قۆرخە بۆ گۆرانیبێژ؟؟ ئایا ئەوانەی لە پشت بەرهەمێکەوە ئامادەن بۆ خولقاندنی تاکە بەرهەمێك چجای سیدییەك، هونەرمەند و ئەستێرە نین؟؟

ئایا کۆی گشتی بەرهەمێك کۆی کارکردنی کۆمەڵە خەڵکانێك نین وەك شاعیر و ئاوازدانەر و میوزیکژەنان و ئەندازیاری دەنگ و دیزاینەری بەرگ و فۆتۆمان و ئەو کۆمپانیایەی کە ئەرکی بلاّوکردنەوە دەخەنە ئەستۆ؟؟

ئایا هەموو سیدییەك ناونیشانی تایبەتی نییە؟؟ ئەدی بۆ نەتان وت فلاّنە سیدی ، واتە (ناوی سیدیەکە) بووە باشترین بەرهەم؟

بۆ دەبێت بەرهەمەکە بکرێتە ناوی گۆرانیبێژەکە؟؟ خۆ ڕاپرسییەکە لەسەر ئاستی ئەداو توانا و چالاکی و داهێنانی خودی گۆرانیبێژەکە نییە بەڵکو لەسەر ئاستی بەرهەمێکە کە گۆرانیبێژ تەنها ڕەگەزێکە تێیدا وەك سەرجەم ڕەگەزەکانی تر.

ئەمانە کۆمەڵێك بۆچوونن کە پێویستە بە وشیاری زیاترەوە تەماشا بکرێن، خوێندنەوە بۆ ئەمجۆرە کارانە پاشخانێکی هونەریی و ڕۆشنبیری گەرەکە کە پێم وانییە بەشێکی زۆری ڕۆژنامەوانی هونەریی کوردی لێی بە ئاگا بن.

## چەمکی ڕەخنەی هونەریی

ڕەخنەی هونەریی و چەمکی ڕەخنەی هونەریی لە خۆیدا چێژێکە لەبەرزترین ئاستدا، ڕەخنەگری هونەریی ئەو کەسەیە ڕاڤە و شیکاری کارێکی هونەریی بە ڕوونی دەکات و سەرجەم مانا و هێما و ئیشارەتەکانی کەشف دەکات و باسیان دەکات و بە شوێن هەنگاوە درامی و جوانییەکانی دانەرەکەدا دەگەڕێت بۆ

گەیشتن بە هەرەمی ئیشکردن و پێکهاتەی وردی کارەکە و خستنە ڕووی هێما گوزارشتییەکان لە ڕێگای ئەو چێژەی لە کارەکەدا ئامادەیە و کاریگەری ئەو کارە هونەرییە و بەجێهێشتنی ئەو کاریگەرییە لە سەر بینەر یان بیسەر و وەرگرەکان، لە ژانرە گرنگەکانی ڕەخنەیەکی هونەریی هاوچەرخ ، لابردنی ئەو تەمومژ و تاریکییەیە کەخەملێوە بەدەوری ئیشە هونەرییەکە و ئاسانکردنی لە ڕووی تێگەیشتنەوە بۆ بەرامبەر ئەویش بەپشت بەستن بە قوتابخانە و تەوژم و ئوسوڵی شێوازی ڕەخنەکان کە ڕەخنەگر لەو پانتاییەدا وابەستەی بیرۆکە و چۆنییەتی دەرخستنی ڕاستی و جوانی و لایەنە تاریکەکان دەبێت، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ڕۆڵی مێژو و کاریگەرییە شارستانییەتیەکان و بەیەکداچونی ڕێبازەکان، هەرچی ڕۆڵی تریشە وەك ئاگادارکردنەوەو ئاڕاستەکردنی مامۆستایانەش لەهەندێك قۆناغدا کە بەمەش دەبنە هەوێن و خۆراکی ئەو کارە هونەرییەو هاندرێکن بۆ سەلامەتی ئیشە هونەرییەکە.

ئەگەر ئەرکی ڕەخنەی هونەریی هاوچەرخ لەهەریەك لە وەسف(**Describing**)و ڕاڤە(**Interpreting**)وهەڵسەنگاندن(**Evaluating**)وتیۆریزە (**Theorizing**) لەسەر کارەهونەرییەکە بێت بۆ مەبەستی زیاتر تێگەیشتن و قەدرزانی هونەرەکە و ڕۆلی لە نێو کۆمەڵگادا ، ئەوا لەنێو ئەو دیاردەیەی کە لە ئەمڕۆی نووسینەکانی بە نێو ڕەخنەی هونەریی بەدیارە لەهونەریی کوردیداو

تایبەتیش بە بواری میوزیك و گۆرانی، ئەوا زۆر لەم ڕەگەزانە ونە و زۆر دوور دەکەوینەوە لەم چەمکە زانستیانە.

باکەمێك باسی ئەو هەوڵە زۆر کزانە بدەین و بزانین ئاڕاستەکان بەرەو کوێن.

بەگشتی بەشێك لەو نووسینو دانسقە نووسەرانە زیاتر بایەخەکانیان، ململانێی مێژووییە و گەڕانەوەیە بۆ ڕەگ وڕیشە و پێناسە جۆراوجۆرەکانی گۆرانی میوزیك لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ کەبەڕای من ئەم هەولانە پێویستە و جارێکی تر دەبنەوە سەرچاوەو چاوگی بەسوود بۆ نەوەیەك گەر بیەوێت لیکۆڵینەوەکانی بەردەوام بێت ، من وەك خۆم بۆ سەرجەم ئەم هەولانە پێزانین و وەستانم هەیە لە شکۆی بابەتگەلێکی وەهادا.

هەرچی ڕووی دووەمە، گوزەرکردنی خێراو گشتی و مەزاجی و نازانستییە، کە تەنها ئیرادەیەکی نووسیمان نیشان دەدات و پێمان دەڵێت بابەتێکی گشتییە لە سنوری ڕایەکی تایبەتدا، بێئەوەی بتوانێت لەسەر خودی زاراوەکانو هێماکانو یەکەکان و کارەکتەری ئیشەکان و خەسڵەتە هونەرییەکان بوەستێت، بێئەوەی لە گۆشەیەکی تایبەتو تایبەتمەندانە بدوێ و سەرنجەکان والا بکات، بێئەوەی کارێکی هونەریی بخاتە سەرپشت و ڕموزەکانی شیتەڵ بکات، بێئەوەی ئەو شفرانە بکاتەوە کە لەبەرهەمە هونەرییەکەدا پەنهانە و پێویستی بە ڕاڤە جیاواز و هاوچەرخەکانە، ڕەنگ بێت خوێنەر بڵێت جا کوا گۆرانی کوردی کەی گەیشتۆتە ئەم ڕادە هاوچەرخی بوون و تازەگەریی و داهێنانە؟

لێرەو ئیشکالییەتی زۆرێك لەو ڕەخنەگرانە پەیدا دەبن کە پێیان وایە ئەرکی ڕەخنە تەنها لە بەرهەمی خراپە ، ئەو جۆرە بەرهەمانەی کە ئەگەر بێت و قسەی لەسەر بکەیت و نەکەیت وەك یەك وایە و هیچ نابەخشن، بۆیە داوام گۆڕینی ئەو نەهجەیە و ئەو تاكو تەرا بەرهەمە هونەرییانەشی کە هەن با لە ڕێگای ڕەخنەیەکی هاوچەرخەوە بێنەوە بەر دیدو تێگەیشتنی جەماوەر.

## هونەر لەوێ

بۆ ئەوەی گرنگی و جوانی بۆ هونەر بگەڕێنینەوە پێویستە گرنگییەکانمان لە سەنتەرەوە بگوێزینەوە بۆ کەنار، ئەمەش لەو گۆشە نیگایەوە کە کەناریش پڕە لە خەڵکانێکی بێبەش لەسەرجەم بوارە شارستانێتییەکان و دەزگا کۆمەڵایەتیی و فەرهەنگییەکان..

شار بۆ خۆی کاریگەرە بە و لێشاوە بەویست و نەویستەی چالاکییە هونەریی و ڕۆشنبیریانەی کە ڕۆژانە بەر چاوو دیدەو گوێی خەڵك دەکەوێت، لێرەدا چانسی بەریەککەوتن زیاترەو مەودای وەرگرتن فراوانترە، جەختکردنەوەی دەوڵەت لەسەر بایەخ و گرنگی زیاتر بە دنیای هونەر و کردنەوەی ستۆدیوو هۆڵ و تا دوایی.. پێشاندانی دیمەنێکە کە پێمان دەوترێت لەفلانە کات و بەرواردا ئەو کارانەمان بەئەنجام گەیاندووەو پاشانیش دەڵێن بۆ ڕاستی ئەم مەسەلەیەش و بۆ

زیاتر زانین  دەتوانن بڕواننە شارە گەورەکانمان کە هەموو ئەم پڕۆژانەمان بۆ تەرخان کردووە.

هاوکاتیش لەگەڵ ئەم زەمەنەدا توێژێکی هێجگار گەورە و ژیاندۆست بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە ژیان بۆ سەرسامیان بە دنیای گەورەی هونەر و دووا نەکەوتن لەو ڕەوتە ، زێدی خۆیان جێدەهێڵن و ڕوو دەکەنە شارە گەورەکان تا کاریگەر بن بەو جۆرە خزمەتگوزارییەی دەوڵەت کە بۆ شاری تەرخان کردووە، ئەو خزمەتگوزارییەی کەجارێك بۆ شار کەمە و جارێك بە دیدی گوند نیشنەکان زۆرە..

بۆ ئەوەی مەملەکتێك لە خەڵکی هەناسەدەر لە ناوچە دوورەکان و گوند و ناحیە و قەزاکانن بێبەش نەبن لە جوانی، بۆ ئەوەی جوانی شار بە خوارو خێچی و نادروست نەشکێتەوە بە زهنی گوندنشینەکاندا ، پێویستە بە ئەندازەی گرنگیمان بۆ شارەکان لە ڕووی هونەرەوە، ئاواش خزمەتی شارۆچکە و گوندەکان بکرێن، گەر ئەمە نەکرێت ئەوا دڵنیا بن کە هێشتا پایەیەکی گرنگی خەڵك بێئاگان لەو داهێنانەی ئەگەر بکرێت لە شاردا، ئەو ژمارە خەڵکەی لەوێ دەژی و هەناسە دەدات دەبێت گوناهی چی بێت ، کتێبخانەیەك، سەنتەرێك، هۆڵێك، شانۆیەك، ستۆدیویەك شك نەبات تا گەنج و لاوەکانی پێوە سەرگەرم بن، تا هەر هیچ نەبێت خەڵکی گشتی و ڕەشۆك بێئاگا نەبن لە ڕەوتی بینین و گوێگرتن، ئاخر خۆ ئەم توێژەش لەسەر نیشتمانە کلۆڵەکە بەزیادەوە حیساب.

گەر تەماشای ماڵێکی ئاسایی ناو شار و ماڵێکی ئاسایی نێو گوند بکەین، هەمیشە ژمارەی فەرزەندەکانی خێزانی گوند زیاترە لەوەی شار، لەدەرئەنجامی ئەم ڕێژەیەوە ناکرێت  ناوچەیەك، ماڵێك لە جوانی و فەرهەنگ و زانین و پێداویستییە ڕۆحییەکان دابماڵین، بیریشمان نەچێت زۆرینەی ئەو کەسە زاهد و دەروون ساغانە کەچەکەرەی داهێنان و جوانی بێ هیچ تەکلیفێك تیایاندا سەوز و ئامادەیە هەمیشە لەو ناوچە دوورە دەستانەن کە کەمترین خزمەتگوزارییان پێ گەیشتووە ، هەر لەوێدا دروست دەبێت و لەوێشدا بێدەنگ دەپوکێتەوە،  بۆیە بەسەرکردنەوەی ئەو توانا خۆرسك و پاکانە لە بەسەرکردنەوەی دەسەڵاتی شارەوە بێ باشترە نەوەك سەرهەڵگرتنی ئەوان بەرەو شار، زەمینەسازی و گرنگیدان بە کەنار هۆکارێکە بۆ پتەو بوونو مەحکەم بوونی سەنتەر، بۆیە پرشنگی ئێمە هەمیشە کزە گەر تیشکی ئەوان بە ئێمە نەگات، داماوییە منداڵێکی گوندنشین هەر لەدایك بوونییەوە تا ئەو دەمەی دەمرێت، ئامێرێکی میوزیك نەبینێت، گۆرانیبێژێك نەناسێت، کتێبێك ئەمدیو ئەودیو نەکات، هونەرە بتوانین منداڵێکی شارۆچکەکان بارگاوی بکەین بە دنیای هونەر و فەرهەنگ و گوێگرتن، ڕەنگ بێت بۆ منداڵێکی شار ئەو چانسە کەمێك لەبارتر بێت.

## ئینتەرڤیوو

یەکێك لە ئیتیکەکانی ڕۆژنامەنووس، چاودێریکردنی باری دەروونی ئەو هونەرمەندەیە کە دەیەوێت چاوپێکەوتنی لەگەڵ بکات، ڕەنگ بێت لە ئەبجەدیاتی ڕۆژنامەنووسیدا ئەمە سادەترین زانیاری بێت و هاوکێشەیەکیشە ڕێك بەرامبەر دوو داری دییەکەی قۆناغی سەرەتایی کە فێری بوین.

من نامەوێت لەم گۆشەیەدا قەبارەی نووسینێك بەوە بکوژم کە هۆکاری نەبونی جورنالیستێکی خاوەن ئەزمون بخەمە ڕوو چونکە ئەوندە دەزانم هۆی نەبونی ئەویش هەر هەمان ئەو زەمینەیەیە کە هیچی شتێکی تری لێ سەوز نابێت ...

ئەمەوێت لە وتەی هاوڕێیەکی هونەرمەندم کە لە تاران کۆنسێرتێکیان سازکردبوو بابەتەکە گرێبدەم ، باسی لەوە کرد کە بە درێژایی ئەو چەند ڕۆژەی کۆنسێرتە، جگە لە تەواو پڕبوونی هۆڵەکەیان بە جەماوەر ، ڕۆژانەش لە ڕوپەڕی ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو مەملەکەتە باس و تیشکخستنە سەر ئەو چالاکییە هونەرییە بوو بێئەوەی کەسێك لە گۆرانیبێژ و میوزکژەنەکان یەك چاوپێکەوتن بکەن بێئەوەی یەك ڕۆژنامەنوس هەڵبکوتێتە سەریان پاشی تەوابونی کۆنسێرتەکە.

ڕۆژنامەنووسی وریا و چالاك دەتوانێت زۆر زانیاری کۆ بکاتەوە بێئەوەی

بگەڕێتەوە بۆ تاکە سەرچاوە کە هونەرمەندە سەرەکییەکەیە، لێرە دەقاودەق بە پێچەوانەوەیە، ناتوانن یەك زانیاری هونەریی دەستەبەر کەن گەر دەقاودەق زانیارییەکانی لە کەسی یەکەم کە هونەرمەندەکەیە وەرنەگرن، ئەو تەمبەڵییە فیکری و جەسەدییە وایکردوو کە ڕۆژانە هونەرمەند نییە دوو تا سێ ڕۆژنامەنوس لە کەناڵە جیاجیاکانەوە پەیوەندی پێوە نەکەن، سەرجەمیش داواکان لە ڕێگای پەیوەندی تەلەفونی یان بەجێهێشتنی ئەدرەسێکی ئەلکترۆنی کەسی داواکار تا هونەرمەندەکە سەرجەم زانیاری و وەڵامەکان بە تایپ کراوی بگەیەنێتە دەستیان لە ڕێگەی ئیمەیل، ناشبێت تازەترین وێنەی هونەرمەند لە ناردندا لە بیر بکرێت، ڕۆژنامەنوس هەیە چاوی بە هونەرمەندەکە نەکەوتوە و موقابەلەشی کردووە، وەك وتمان لە ڕێگەی موبایل، من نمونەی زۆرم لایە هەر کاتێکیش کە دەیگێڕمەوە بۆ کەسانی ئاسایی لەو هاوڕێیانەم کە دوورن لە دنیای هونەر و ڕۆژنامەنووسی، بەشێك لە قسەکانم بە زیادەڕۆیی لێوەردەگرن و بڕوا ناکەن، بڕوا ناکەن کە پێم وتوون زۆرجاران لەگەڵ دارەمەیتێکا ڕۆیشتووم و زرەی تەلەفۆن هاتووە، کە پرسیومە جەنابتان کێن؟؟ ڕاستەوخۆ یەکەم ناوی خۆی وتووە، بێئەوەی ناوی هیچ دەزگاو ڕۆژنامە و میدیاکەی بەرێت، ئاخر زەید بێ یا عەمر بۆ من نەناسراوە گەر تۆ ناوی ڕۆژنامەکەت یان گۆڤارەکەت یان جێگاکەت نەبێت، دوای ئەوەی کە شەرحی حاڵی خۆتی بۆ دەکەیت کە شوێنەکە لە بار نییە بۆ قسەکردن، ئەو هەر سوورە لەسەر وەرگرتنی ئەو دوو کەلیمەیەی کە خۆی

داوای دەکات ئەمەش سەرەتای دەرکەوتنی جەهلی کەسەکەیە، ئێستا کێشەکە تەنها ئەوە نییە کە چاوپێکەوتن بکرێت یان نەکرێت، بەڵکو لە عورفێکی وەها چووتەدەر کە هونەرمەند بۆ گشت کەرەسە ڕۆژانەییەکانی خۆیان بەکار دەبرێت، وەك ساڵیادی وەزارەت، ڤالانتاین، دامەزراندنی تیڤی، جەژنی قوربان، موحەرەم ،٨ مارس، دامەزراندنی پەرلەمان، ناکۆکی حیزبەکان، لە شەڕدا، لە دزیدا، چوزانم زۆر زۆرن شتەکان..

دیسان من لێرە باسی ئەو ناوەڕۆکە کرچ و کاڵە ناکەم کە پێکهاتەی چاوپێکەوتنێك دروستدەکات، چونکە هەندێکجار ئەوەندە ساناو داماوە کە شەرم دەکەیت لە خوێندنەوەیان ئەوەش دەزانم( کە خەتاکە دوولایەنە)بەڵام پرسیارەکە لەوەدایە، چی لەم چاوپێکەوتنانە سەوز دەبێت، کێ سوودمەند و کێ لێی بەهرەمەندە؟؟ پرسیارێکی سادەتریش ئەوەیە گەر هەبێت یان نەبێت چی ڕوو دەدات؟؟

ڕەنگە لای من وەها بێت کە نەبوونی باشتر بێت، چونکە هەر هیچ نەبێت جەهل و کەمدەستی هەردوو لامان بۆ ئاشکرا نابێت .

## داهێنانی میوزیکی

**نووسینی: د. عەلی عەبدوڵڵا**

چەمکی داهێنان بە سەرجەم لایەنەکانی ژیان دەبەسترێتەوە، بە مانا گشتییەکەی چالاکی مرۆیی باڵا و سەرەکیی کە شارستانییەتی مرۆڤی لە هەموو سەردەمەکاندا لەسەر بونیاد نراوە، داهێنان پاڵنەری ئەو بزاوتە مێژوویيە مرۆییە و ڕاگرێکە بۆ بەردەوامی ژیانێکی پێگەیشتوو.

داهێنان بە پێداویستییەکانی ژیان بە شێوەیەکی گشتی دادەنرێت و بایەخی لە ژیانی هاوچەرخماندا زیاد دەکات، بووەتە پێویستییەکی مرۆیی کە دەتوانین پێی بگەین و گەشەی پێ بدەین بەو پێیەی مرۆڤی هاوچەرخ داوای دەکات، وەهاش گەشە ناکات وەك لە ڕێرەو و شێوە کۆنەکەی جاران ، ئەمەش پاش دەرکەوتنی هۆکارێکی گرنگ لە هۆکارەکانی ئەوپێشکەوتنە خێرایەی کە کودەتای بەسەر ژیانی مرۆڤی تازەدا هێناوە، ئەویش کە(تەکنۆلۆجیا)یە و بۆ قۆناغە پێشکەوتووەکان بازی بە زانستی پراکتیکی  و مەعریفەدا داوە ، تا پێگەیشتنەوە پێی لە ئەرکە قورسەکانی مرۆڤی هاوچەرخ و لە گرنگییە بەراییەکانییەتی بۆ هامڕاکردنی داواکانی سەردەم.

داهێنان تەنها بۆ لایەنێك کورت نەکراوەتەوە بەڵکو بۆ هەموو لایەنەکانی ژیانە کە پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە.

هونەر یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی ژیانی مرۆڤایەتی و داهێنان یەکێکە لە سیماکانی و ڕەگەزەکانی کە بێ ئەو بوونە، هونەر لە سەرەتا و سفری ژیانی مرۆڤایەتیدا ئەو کاروانە مەزنەی بەدەست نەدەهێنا، هەر بۆیە داهێنان بڕبڕەی سەرەکی هونەرە.

هونەری میوزیك کە ڕاقیترین بیری مرۆڤە و بە جدی پێی گەیشتووەو بە چەمکی داهێنانەوە پەیوەندی توند و تۆڵی هەیە.

کاتێك میوزیك دەگۆڕێت بۆ بارێکی نەگەتیف، ئەگەر لەسەر یەك هێڵ و وە تیرە بڕوات بێ گۆڕان و تازەبوونەوە، بۆیە داهێنانی میوزیك لە پێداویستیی و چالاکیی هونەرییە میوزیکییەیە کە پێداویستییەکانی بەردەوامیبوون داوای دەکات و پێشکەوتنی میوزیك کە بۆ مرۆڤایەتی خزمەتێکی بەرز و گەورە پێشکەش دەکات.

دەستپێکی چەمکی داهێنان، ڕەهەندە مرۆییەکان لە ژیانی هاوچەرخدا وەردەگرێت، پاش ئەوەی مرۆڤی هاوچەرخ هەست بە گرنگی داهێنان دەکات و ڕۆڵ بینین لە ژیان و دەوڵەمەندکردنیدا بە شێوەیەکی گشتی.

بەلاّم بەیەکداچونێك هەیە لە نێوان چەمکی داهێنان وچەمکەکانی تر وەك دۆزینەوە و دروستکردن و هەموو ئەو چەمکانەی کە وابەستەن بە گەڕان بە

شوێن هەموو ئەو شتانەی پەیوەندیان بە نوێبونەوە و گەشە کردن هەیە.

ئێستا مەیدانی هونەر بە گشتی و میوزیك بە تایبەتی پێویستییەکی وایان هەیە بە پێشخستنی ئەم چەمکە و ڕوونکردنەوەی مەدلولەکانی بە پێی واقع و پێگەیشتنی یا لە نێوان ئەوەی دەبێت و ئەوەی پێویستە ببێت.

پرۆسەی داهێنان پەیوەندیدارە بە گرنگترین خانە لە لەشی مرۆڤدا ئەویش عەقڵە، هەر بۆیە گوزارەی ئەم پرۆسەیە لە عەقڵەوە و بە پێی ئاستی بەرهەمە داهێنانەکەیە.

لەبەر ئەوەی داهێنان بەرهەمی عەقڵێکی تەندروستە بۆیە یەزدان تایبەتی کردووە بەمرۆڤ، نەك بۆ باقی بونەوەرەکانی تر ئەوانەی کە هاو ژیانمانن لە هەسارەکەماندا، چالاکی داهێنانە شێوەیەکە لە شێوەکانی درکیی ڕاقی، ئەگەر داهێنان نەبوایە مێژوو نە دەجولا و پێشکەوتنی مرۆڤیش نەدەبوو هەروەها نەشیدەتوانی ئەم هەنگاوە دوورانە لە ئاستەکانی ژیان ببڕێت.

## چەمکی داهێنان

چەمکی داهێنان دەکەوێتە ژێر ڕاڤەی فەیلەسوف و زانا و بیرمەندەکان و کەسە تایبەتمەندو پرۆفیشناڵەکان، لەدەرگای ئەم ڕاڤانە دەدەین لە پێناوی ناسینی ئەم چەمکە لەڕووی زاراوەیی و زمانەوانی و فەلسەفی و سایکۆلۆجی و فەسلەجی:

## داهێنان وەك زاراوە

زاراوەی داهێنان جێگای گرنگی زاناکان و بیرمەندەکان بوون بەو پێیەی هەڵگری ڕۆڵێکی گەورەو جێگایەکی ئەوتۆ بوو  لە بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵدا، بۆیە ئەم زاراوەیە هەر لەمێژەوە زنجیرەیەك پێناسەی لەخۆگرتووە بۆ دیاریکردنی چەمك و دەلالاتی، گەرچی لەکرۆکی باسەکەدا  لەگەڵ ئەم پێناسانە هاوڕا بین یان جیاواز بین ، بەڵام هەمووی ئاماژەیە بۆ ئەو پێگەیەی زاراوەی داهێنان لە ژیاندا داگیریکردووە، ئەو زاناو بیرمەندانەی بەم باسەوە خەریك بوون:

(شتاین- **stein**) داهێنان وا پێناسە دەکات کە" پرۆسەیەکە لێوەی کارێکی تازە بەرهەم دێت و کۆمەڵێك لێی ڕازی دەبن یان وەهای وەردەگرن کە سودی بێت".

پێناسی (سیمبسون-**simpson**) بۆ داهێنان وەهایە"دەستپێشخەری کەسێکە بە تواناکانی بۆ جیابونەوە لەو زنجیرە باوەی لە بیرۆکەدایە بۆ زنجیرەیەکی تەواو جودا"

بڕوامان وایە کە پێویست نییە هەموو تازەیەك هەڵگری سیمای داهێنان بێت و ناشکرێت ڕازی بونی کۆمەڵ و وەرگرتنی ببنە پێوەرێك ، لێرەوە پرسیارێك پێویستە بکرێت ئایا ئەمە بە داهێنان بژمێرێت؟

جودایی تەواو لەو باوە مەرج نییە داهێنان بنوێنێت، ئەم جیاوازبوونە ناچنە ژێر ڕکێفی هیچ پێوەرو ڕێکخەرێکەوە، بۆیە دانەرەکان لەگەڵ ئەم دوو پێناسەیەدا

ناگونجێن و دەتوانن پێشنیاری زاراوایەکی تایبەت بە چەمی داهێنان بکەن:

**داهێنانی میوزیکی:** کرداری دروستکردن و گەشەی ئەو دید و بیرە میوزیکە ڕەسەن و پێگەیشتووەیە لە هەڵوێستە جیاوازەکاندا و داهێنەر پێی هەڵدەستێت و وەردەگیرێت، پاشان زۆرینەی کۆمەڵ پاڵپشتی دەبن و لێی سوودمەند دەبن تا بە بەرهەمێکی داهێنەرانە بژمێردرێت لەسەر بنچینەی پێوەری ئەو بارەی بە شوێن و کاتی ئەو بەرهەمەدا کێشراوە.

## پێشکەوتنی مێژویی هونەری میوزیك لە عێراقدا

هەر لەسەرەتای دروستبونەوە هونەری میوزیك لەگەڵ ژیانی مرۆڤدا هاوڕا بوو، یەکێك لە گرنگترین هۆکانی لاسایکردنەوەی سروشت بووە، گوزارشت بووە لە دەروونی مرۆڤ و هەستەکانی و ئەوەی داوایە لە بارودۆخی ژیان و بگۆڕەکانی.

میوزیك لەگەڵ دروستبونی شارستانییەتی کۆنی مرۆڤایەتیدا، پێگەیەکی بەرزی داگیرکرد و بە یەکێك لە سەرەکیترین ڕەگەزی ئەو سروش و ئاهەنگ و جەژنە ئاینی و تایبەتە دنیاییەکان ژمێردرا.

شوێنەوارە کۆن و بۆماوەکان و وێنەی دیوارەکان و هەڵکەنراوەکان، جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە میوزیك ڕووخسارێکی گرنگ بووە لە ڕووخساری شارستانیەتی عێراقی کۆن. هەروەها کتێبە مسمارییەکان، ناوی ئامێرە

میوزیکی وناوی ژەنیارەکان بەهەردوو ڕەگەزەکەوە دەردەخەن ولایەنە زانستی و تیۆرییەکان کە توانیبویان پێی بگەن، بە تایبەتیش نووسینەوەی نۆتەی میوزیك کە بە ڕووداوێکی گرنگ دەژمێرێت و ئاماژەشە بۆ ئاستی پێشکەوتنی شارستانی کە شارستانی دۆڵی ڕافیدەینی لە شارستانیەتییەکانی تری پێ جیادەکرێتەوە، لەوانە شارستانی ئیغریقی کە دوایی هەزار ساڵ دەرکەوتنیان لە شارستانییەتی کۆنمان، پاشان ئاشنا بون بەلایەنی زانستی و تیۆری میوزیك.

پاش دەرکەوتنی ئاینی مەسیحی و دەسەلاتی کەنیسە بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا، تەنها هونەری میوزیك و هونەری بیناسازی بوو کە کەنیسە ڕێگای بە کردنیان پێدابوون، ئەویش لە بڕوا بوون بە پلە و بەرزی میوزیك کە باشترین هۆیە بۆ گوزارشت کردن لە پێداویستییە ڕۆحییەکانی مرۆڤ، لەبەر ئەوە ڕۆڵێکی چالاکی لە کەشە ئاینی و قوداسەکاندا بینی، ڕۆلێکی گەورە بوو کە هاوکار بوو لەنەشونماکردنی چەمکی بەرزی میوزیك و ڕەنگدانەوەی لە ژیانی دنیایی لە ڕۆژئاوادا و مامەڵەکردن لەتەکیدا لەسەر ئەم بنەما شارستانییە بوو.

لەسەردەمی جاهیلیدا(پێش ئیسلام) ڕووی میوزیك وەها دەرکەوت کە بەسترا بوو بەگۆرانییەوە بەهۆی ئەو پەیوەندییە مێژووییەی نێوان میوزیك و شیعر لەلایەك و حەزو ویستی مەردومی عەرەبی بە گۆرانییەوە کە شیعرەکانیان پێ ئاواز دەکرد و ڕۆحی میوزیکیان تێدا پەخش دەکرد لە لایەکی ترەوە.

وەکو زانراوە لەو سەردەمەدا شیعر هونەری یەکەم بوو کە لەڕێی ئەمەوە

مرۆڤی عەرەبی گوزارشتی لە پێداویستی و خەمەکان و پاڵنەرە مرۆییەکانی دەکرد ، دیوانی عەرەبە کە زمانحاڵی دیمەن و ڕووداوە مێژووییەکانە و بڕیار دەدات لەسەر شانازییەکان و بوونیان، لەگەڵ ئەوەشدا میوزیك بە بڕبڕە و هەیکەلی سەرەکی بونیادی شیعری دادەنرێت بەڵام بێهاوڕا بوونی میوزیك ، شیعرەکان نەدەخوێنرانەوە، چونکە هێزی شیعر لە ڕێگای بەئاوازەبونی شیعر دەپێورا، کە بە یەکێك لەو ڕەگەزانە دادەنرا کە ئاماژەیە بۆ لایەنی داهێنان. ئەو ڕۆڵەی کە (شاعیر- گۆرانیبێژ)یان(گۆرانیبێژ- شاعیر) لە شارستانیەتییە کۆنە مرۆڤایەتییەکاندا دەیبینن، بەڵام میوزیك لە دورگەی عەرەبیدا ڕۆڵێکی ڕاقی وەهای نەبینی، بگرە ئاستی هاتە خوار و تەنها کرایە هۆیەك بۆ ڕابواردن و بەزم.

لەگەڵ هاتن و پەیامی ئاینی ئیسلامدا، زۆرێك لە موسڵمانەکان خەریکی بلاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام بوون، میوزیك لەم سەردەمە پڕ ڕووداوەدا پشکێکی باشی بەرنەکەوت، لەگەڵ ئەو ڕوانگە جیاواز و دواکەوتوانەی لە پێش ئیسلامدا باڵیشی کێشا بوو بەسەر میوزیکدا ، بەڵام چالاکییە میوزیکییەکان لەم سەردەمەدا هەڵکشا و خۆش و ئامادەیکرد وەك چۆن مرۆڤەکانی بۆ ژیان و چالاکییەکان خۆش و ئامادەکرد.

میوزیك لەگەڵ بلاوکردنەوی ئیسلامدا گەشەی کرد و موسڵمانەکان بە کەلچەر و ڕۆشنبیری میللەتان و شوێنەکانی تر گەیشتن و بە یەکتری ناسران و کاریگەریان لەسەر یەکتر جێهێشت، بەمەش روبەرو پانتایی میوزیك و

چالاكییەكانی لەسەردەمی ئەمەوییەكاندا بەشێوەیەكی گەورەتر فراوان بوو ، كە میوزیك گەیشتە خولەفاكان و بە شداربوون تێیدا و هاوكار بوون لە سەرخستنی بزوتنەوەی میوزیك و گەشەكردنی و بەتایبەت خەلیفەی پێنجەم(عومەر بن عبدولعەزیز) كە موماریەسەی ئاوازدانانی كردو لە كتێبی (ئەغانی) وا باسكراوە" بەیەكەم خەلیفە دەژمێردرێت كە ئاوازی دانا بێت، و ئاوازێكی دروستكردووە لە سەر مەقامی (حیجاز) لەكاتی حوكمڕانی ئەمارەتەكەیدا ". هەر لە كتێبی ئەغانیشدا وشەكان و دەنگەكان هاتون و باسكراون.

لەگەڵ ئەم گەشە میوزیكییە بەلاّم میوزیك هەر هۆیەك بوو لە هۆكانی كات بەسەربردن و ڕابواردن، تا لە كۆتایی سەردەمی ئەمەوی بەچەشنێك پێگەیی و لە دیاردەیەكی خۆرسكییەوە گۆڕا بۆ دیاردەیەكی ڕۆشنبیریی وەرگیراو، ئیتر ژەنیارو گۆرانیبێژ وەك توتییەك نەدەژمێران و سەیر نەدەكران، بەڵكو قۆناغە تازەكە داوای لێكۆڵینەوە و خوێندنی زانستی دەكرد، لە تاكژەنین و زانیاری لەسەر شیعر، كەبەمە هۆكارێك بوو بۆ بەرزكردنەوەی پێگەی هونەرمەند لە نێو خەڵكدا.

هونەری میوزیك لەسەردەمی عەباسییەكاندا گەشەی كردوو پێشكەوت و بووە سەردەمێكی زێرین و گەڕانەوەی میوزیك بۆ شوێن و پێگەیەكی شارستانی بەرز بەوەی زانستێكە لە زانستەكان كە پەیوەستە بەزانستەكانی بیركاری و گەردووناسی، لە نامە و لێكۆڵینەوەكانیان.. فەیلوسوفەكان باسیان لێوە

کردووەو لایەنی تیۆریی و پەیوەندی نێوان هونەری میوزیك و زانستەکانی پزیشکی و فیزیك باسکراوەو دەرکەوتنی میوزیسیانە لێهاتووەکانی وەك( ئیبراهیم ئەلموسڵی و ئیسحاقی کوڕی و زەریاب و ئیبراهیمی کوڕی ئەلمەهدی) کە چالاکانە بەشداربوون لەلایەنی تیۆری پراکتیکی، (ئەلئەمەوی) لەم سەردەمەدا دواهەمینیانە کە بە تازەکەرەوەی میوزیکی عەباسی دادەنرێت .

لە سەردەمی مەغۆلەکاندا پارێزگاری لەخۆی کردووە و ( فارمرfarmer-)ی ڕۆژهەڵاتناس لە دوای (فارابی) بیەوە بە یەکێك لە زانا گەورەکانی میوزیکی دەناسێنێت تا داگیرکردنی بەغدا لە١٢٥٨م ژیا.

هیچ مێژوو چالاکییەکی میوزیکی لە سەردەمی تاریکدا (سەردەمی داگیرکردنی بەغدا) تۆمار نەکرا ، ئەو سەردەمەی کە ویستی شارستانییەتی دێرینی عەرەب نغرۆ بکات کە زۆر لایەنی پرشنگداری مرۆڤانەی پێشکەش بە جیهان کردووە، لەوانەش میوزیك، ئەمە تا کۆتایی سەردەمی عوسمانییەکان کە پاشماوەی تیپە عەسکەرییەکانی لەدوایی خۆی جێهێشت و بوونە لایەنێکی دیار لە بونیادنانی میوزیکێکی هاوچەرخ لە عێراقدا.

پاش دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی عیراق و بەرزبونەوەی هەستی نیشتمانی و بەرزکردنەوەی واقیعی ڕۆشنبیری، گرنگترین شت ئەوەی لە سەدەی بیستدا تۆمار کرا ئەویش، دامەزراندنی پەیمانگای میوزیك لە ساڵی **١٩٣٦** م کە بایەخی بە ئەکادیمی میوزیك لە هەردوو بواری تیۆریی و پراکتیکیدا دەدا، ئەم پەیمانگایە لە

ساڵی ١٩٤٠م گەشەی کرد و هونەرەکانی شانۆو شێوەکاریشی لە خۆ گرت و بووە پەیمانگای هونەرە جوانەکان.

ئەم پەیمانگایە ڕۆڵێکی گەورەی بینی لە گەشە کردنی چەمکی هونەری میوزیك .

ڕووداوی دووەم لە ساڵی **١٩٧٣**م بەدانانی دەزگایەکی تایبەت لە وەزارەتی ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن کە گرنگی بە بوارە میوزیکییەکان دەدا بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی ئەکادیمی و بوژانەوەو گەشەی بە هەموو شێوەیەکی ڕەخساو، تا هاوکار و هاوبەش بێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی شارستانیی تازە و لەوێشەوە بگەنە پلە بەرزەکانی چێژێکی بەرز و چێژ و تامێکی فیکری کە لەگەڵ شارستانیی عیراق بگونجێت و گوزارشت لە هەموو مانا جوانەکان بکات.

## بەشەکانی گۆرانی و میوزیك

بۆ ئاشنا بوون بە واقیعی داهێنان بە هونەری میوزیك، بەشە تایبەتەکانی بەوردی دیاریکراوە بۆ سێ کۆمەڵ، کۆمەڵەی یەکەمی فیڵدە (کێڵگە) میوزیکییەکانە کە ئەمانەن ( ئەدای میوزیکی، دانانی میوزیکی عەرەبی، دانانی میوزیکی ڕۆژئاوایی، میوزیکی تەعبیری و وێنەیی، دابەشکردنی میوزیکی).

بەلاّم کۆمەڵەی دووەم، فیێڵدی گۆرانییە کە ئەمانەن (مەقامی عیێراقی، گۆرانی گوند و بیابانەکان، گۆرانی شار، ئاوازدانان).

هەرچی کۆمەڵەی سیێهەمە فیێڵدەکانی( تویێژینەوەی زانستی، ڕەخنەی میوزیکی)یە.

## أ- فیێڵدە میوزیکییەکان

## یەکەم- ئەدا(ژەنینی) میوزیك

ئەرك و گرنگی ئەداو ژەنینی ژەنیارە میوزیکییەکان بۆ سنوری تەختیێکی ڕۆژهەلاّتی کورت کراوەتەوە و ئەو سروشتەی ئەدای میوزیك سەپاندویەتی هەر لەهاوڕابوون و وەرگیێڕانی میلۆدی گۆرانییەکە، بەشیێوەیەکی وا دەڕوات کە ژەنین گرنگی و کارەکتەری سەربەخۆی تایبەت بەخۆی نییە و لە گۆرانی جیا ناکریێتەوە، جگە لەو ڕووبەرە بچوکانە نەبیێت کەلە نیێو پانتایی بەرینی گۆرانیدایە، نمونەی پیێشەکی میوزیك و لیێدانی تەقسیماتی مەقامی کە دەبنە ڕیێخۆشکەریێك بۆ گۆرانیبیێژ.

بەهۆی ئەو ویستە هەمیشە و بەردەوامەی کەسی هونەرمەند بۆ هەموو شتیێکی تازەو نویێ ئەگەر زەمینە لەبار و گونجاو بیێت، لە پیێناو گەیشتن بە باشترین شیێوە بۆ ئەداو ژەنینی میوزیك، وردە وردە تەختی ڕۆژهەلاّتی گەشەی کردو لە ڕیێگای وەرگرتنی چەشنی تازە لە ئامیێرە میوزیکییەکان کە هونەرمەندە

عێراقییەکان پێی ئاشنا بون و چێژیان لێ بینی بوون، بەم شێوەیە خێزانی ئامێری کەمان و ئامێرە فوودارەکان و ئامێرە ڕیتمییەکان هاوبەش بوون و بەشداریان کرد، ئەمەش ڕێگای خۆشکرد بۆ بەردەم کۆمەڵێك میۆزیسیانی دانسقە (نوخبە) کە زۆرێك لە دانراوە میوزیکییەکانیان دانا و بوونە هەڵگری ئەو ناوانەی کە ئاماژەی تایبەتن بۆ دانەرەکانیان، کە ڕەنگە لەگەڵ ناوەڕۆکی میوزیکەکەدا وەك یەك وجووت نەبێت و دەچنە ژێر ڕکێفی چەمکی تەجریدەوە.

سروشتی (ئەدا) وا دەستپێدەکات کە (کات)ێکی ڕێكو پێك وەردەگرێت و درێژتر و فۆرمیتر لە سەربەخۆبونی گۆرانیدا، وەك ئەوەی لە پێش گۆرانیدا پارچەیەك میوزیك بەتەواوی بژەنرێت.

لەم بارو کەشە تازەیەدا هەندێك لە میۆزیسیانەکان بە حەماسەوە هەڵپەیان بوو بۆ خودناسی و هەروەها بۆ ئەو توانایەی لە ئەدای میوزیکدا دەریبخەن و بە زانست و زانیاری پڕ چەك بن، ڕێخۆشکەربن بۆ ئەو پانتاییە دەنگییەی ئامێرەکانیان لە پێناو گەیشتن بە گونجاوترین و باشترین گوزارشت لە میوزیکدا، ئەو پانتاییانەی کە ژەنیارەکان پێشتر پێی نەگەیشتبوون ئەمەش لەبەر نەبونی ئەو پێویستییە لە هاوڕێکردنی گۆرانیدا و هەروەها نەبونی ئەو تەکنیکە ژەنینەی کە یارمەتیان بدات لە فراوانکردنی ئەو مەودایانە.

دەرکەوتنی تەکنیکی لێدان و ژەنین ڕۆڵێکی گەورە بوو لەسەر جەختکردنەوەی قوتابخانە عێراقییەکان و بەتایبەت لە ئامێری عوددا کە لەدیار

و بەرچاوەکانیان(ئیسحاق ئەلموسڵی و زریاب)بوون، داهێنەرو توانای تری عێراقی دەرکەوتن و بەجیهان ناسران و لە داهێنان و وێنەی ڕووخسارێکی گشتی لە بەردەم قوتابخانەی عودی عێراقیدا، مێژوویەکیان تۆمار کرد.

هەروەها ئەم ئامێرە میوزیکیانە( عود، قانوون، نای، سەنتور، جوزە، ئامێرە ریتمییەکان) گرنگیان پێدرا ، هەروەها بۆ ئامێرە میوزیکییە ڕۆژئاواییەکانیش تاکژەنیاری لێدەرکەوت، بەتایبەت هەردوو ئامێری پیانۆو کەمان و ئامێرە فوودارەکان.

## ٢- دانانی میوزیکی عەرەبی

دوای ئەوەی زانیارییە تیۆری و زانستییەکانی میوزیکی عەرەبی دەرکەوت، ئەو زەمینە گونجاوە ڕەخسا کە گرنگترینیان چێژی مرۆڤی عەرەبی بوو کە پێویستی بە گوێگرتن لە میوزیکی ڕووت بوو، هەندێك دانراوی میوزیکی پێشەنگ دەرکەوتن کە لەسەر ئەو شێوازە باوەی میوزیکی عەرەبی دەرکەوتن کە مەبەست لە شێوەی باو لای عەرەب (البشرف، السماعی، اللونجا)، هەروەها دانەرە میوزیکییەکان دەرکەوتن و توانیان لاسایکەرەوەی شێوە و فۆرمە میوزیکییەکان بن لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر ناسنامە و ڕۆحی نەتەوەکە، بۆ ئەوەی زۆرێك لە میوزیسیانە عێراقییەکان دڵنیا بن لە دانراوەکانیان زۆرلە بیرۆکە

میوزیکییه باوو بلاوەکانیان بەکاردەهێنا، زۆر ڕیتمی عیراقی وەك(جۆرجینیا)ش بەکار دەهێنرا، کە(جۆرجینیا) بەو ڕیتمە ناسراوە کە ژەنیارە عێراقییەکان زۆر بەباشی ئەدای دەکەن و لێیدەدەن کە هەڵقولاوە لە خۆرسکی و هەستەکانیانەوە، کە ئەم ڕیتمە هەروا ئاسان نییە و بگرە گرانە و ئەو کاتەش دەردەکەوێت کە ژەنیاری بێگانە واتە(جگە عێراقییەکان) کە دەیژەنن گەرچی بە توانا و لێهاتوش بن.

## ٣-دانانی میوزیکی ڕۆژئاوایی

کاتێك کە کۆمەڵگا پێشدەکەوێت، دەست بە گەڕان دەکرێت بە شوێن ئەو هۆیانەی کە دەبنە هۆی ئەو پێشکەوتن‌و پشتگیرییە، هەمیشە هۆیەکانی پەیوەندی کردن هۆیەکن بۆ پێشکەوتن، لەگەڵیشیدا سەرچاوەکانی زانین و بەدوواداچونی خودی میوزیسیان و ڕۆشنبیرەکان جۆراوجۆر دەبێت کە بەشوێن هەموو شتێکی تازەدا دەگەڕێن، سەرباری ئەو باشییەی کە تیپی سیمفۆنی نیشتمانی عێراقی دامەزرا و ئەو نمایشانەی کە تێدا شاکارە جیهانییەکانی تێدا پێشکەش کرا، هەروەها نمایشی ئەو تیپانەی کە دەبوونە میوان و سەردانیان دەکرد، هەموو ئەم هۆکارانەوە زۆری تریش بوونە هۆی دەرکەوتنی دانراوە میوزیکییە عێراقییەکان لەسەر بنەما و شێوەی میوزیکی ڕۆژئاوایی کە بە لاسایی ئەو شێوانە لە ڕووی دروستبوونییەوە دەستی پێکرد ، بەڵام سەربەخۆیی

کەسێتی لە عەقڵی هونەرمەندی عێراقی لە یەکەم دانراوی میوزیکی کتێب لە عێراق(قەسیدەی سیمفۆنی- ئەلمەنسوریە)دەرکەوت، ئەو دانراوانەی تریش کە بە دووای ئەمانەوە هاتن جەختی لەسەر تێپەڕاندنی عەقڵی میوزیسیانی عێراقی کردەوە ئەویش بە سەرکەوتنێکی بەرچاو لەم بوارە تاڵ و قورسە کە پێویستی بە کۆمەڵێك زانستی میوزیکی پێشکەوتوو هەبوو کە پێشتر خوێندکارەکان چنگیان نەکەوتبوو، بەلاّم ئەو پاڵنەرانەی لە پشت گێڕانی ئەم ئەزموونە، پاڵنەر و گرنگی تاکەکان بوو کە ئەم ئەرکە گرنگەیان خستە سەر شانی خۆیان بۆ پێشخستنی تواناکانیان لەم مەیدانەدا و دووا ئەو گرنگییە زۆرەی کە ڕەنگە هۆیەك بێت لە هەوڵی بەڕێوەبەرێتی هونەری میوزیك بە دامەزراوە خوێندنگاکانییەوە بەتایبەت قوتابخانەی میوزیك و بالیە و تیپی سیمفۆنی نیشتمانی عیراقی بە هەموو ئەو مامۆستا بێگانانەی بۆ ئامادە کرابوو هەروەها لە ڕێگای هەموو ئەو خوێندنانەی کە خوێندکاران بۆ خوێندن بۆی دەچوونە دەرەوەی ولاّت، هەموو ئەمانە بواری دانانی میوزیکی جێگیر کرد، زۆرێك لە میوزیسانە لاوەکان ڕۆڵی خۆیان لەم مەیدانەدا بینی و ئەرکێکی گەورەیان خستە سەر شانی خۆیان بۆ دۆزینەوە و دروستکردنی میوزیکی عێراقی گەرچی لەسەر شێوەو بۆتەی(قالب)ی میوزیکی ڕۆژئاوایی بوو، تا ئێستاش ئەم بوارە ژمارەیەکی گەورە لەخۆ دەگرێت لە داهێنەران و زیاد لە داهێنانی میوزیکی.

## ٤-میوزیکی گوزارشتی و وێنەیی

لە حەفتاکاندا کە ماوەی زێڕینی هونەری شانۆی عێراقی بوو، میوزیکی گوزارشتی(التعبیریە) پێگەیەکی گونجاوی لە ڕەگەزەکانی نمایشی شانۆییەکاندا دەگیرکرد، بایەخی زۆر لە دەرهێنەر و میوزیسیان و ئەو کەسانەی لەهەردوو بواری شانۆو میوزیکدا کاریان دەکرد دەرکەوتن، ئەویش گرنگیدان بە ڕۆڵی میوزیك بەو پێیەی زمانێکە دەتوانێت ئاخافتن بکات ئەو کاتانەی دیالۆگەکان بێدەنگ دەبن لە سەر تەختەی شانۆ و تەنانەت لەکاتی بێدەنگی تەواودا چونکە بێدەنگیش کاتێکی حیسابکراوی میوزیکییە.

میوزیك دەتوانێت ئەمانە بکات بۆیە بە هۆکار و ڕەگەزێکی گرنگی گوزارشتکردن دەژمێرێت لە ڕووداوو پێشهاتەکاندا کە هەمان ڕۆڵ بینینی میوزیکی وێنەییە لە فیلمە سینەماییەکان و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکاندا ،کە ڕەنگە لە زۆر جاردا ڕۆڵی سەرەکی ببینن لە زۆر لە کارە دراماییەکاندا .

## ٥- دابەشکردنی میوزیك

دابەشکردنی میوزیك پشت بە میلۆدی سەرەکی دەبەستێت، ئەو میوزیکە تازەیەش لەو تەونە چەند دەنگییە دروستدەکرێت کە جۆری دەنگ و جۆری ئامێری میوزیکییەکان چاودێری دەکرێن لە پێناو گوزارشتێکی گونجاو و نمونەیی

بۆ ئەو میلۆدییە و پێویستە ئەو دروستکراوە تازەیە میلۆدییە سەرەکییەکە دانەپۆشێت کە لەبنەڕەتدا و لەیەك کاتدا پەیوەستە بە زانست و ستاتیکا و چێژ.

ئەرکی دابەشکردنی میوزیك لە زانستە میوزیکییە پێشکەوتوەکانەوە دەردەچێت (هارمۆنی-**harmony**) هاوگونجانی دەنگەکان و (کۆنتەرپۆینت-**counterpoint**)و زانستی ئامێرە میوزیکییەکان، زانستی شێوە میوزیکییەکان(**forms**). ئەمەیە ئەرکی دانەری میوزیك کە پێویستە هەموو زانستە میوزیکییەکان بە باشی بزانێت، لەبەر ئەوەی ئاوازدانەرەکان لە وڵاتە عەرەبییەکاندا خاوەنی ئەو ئارەزووە نەبوون بۆ خۆ هەڵقورتان لەم دەستکەوتە شارستانییە ( هەرچەندە ئاوازدانەر خاوەنی بیرۆکەی میلۆدییە سەرەکییەکەیە و ئەگەر توانی ئەم ئەرکە بەجێبهێنێت ئەوا لە کەسێکی تر باشترە بۆ پاراستنی ناوەڕۆکی بیرۆکەکە و دەرکەوتنی بەشێوەیەکی باشتر)، لەبەرئەوە ئەم پێداویستییە دەرکەوت و ئەوانەی کە لەم هونەرەدا شارەزا و چاپوك بوون و خاوەنی ئارەزووی تەواو بوون و بەم ئەرکە هەستان ئەویش دروستکردنو چنینی میوزیکە بۆ خستنە سەر بونیادی میلۆدییە سەرەکییەکە.

لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا هاتنە ناوەوەی دابەشکردنی میوزیك بۆ گۆرانی عەرەبی بینرا، ئەو کاتەی کە گۆرانی میسری دەستی بە لاسایکردنەوەی شێوازی ڕۆژئاوایی کرد کە چێژی میوزیسیانی عەرەبی پێشڕەویی کرد بۆ مامەڵە کردن لەتەکیدا لە دەنگی دووەمەوە تا گەیشتن بە کۆمەڵێك دەنگی هاوپێچ بۆ

میلۆدییە بنەڕەتییەکە، لەو کاتانەی کە میوزیک لەوەپێش هاوڕای گۆرانی بوو(مۆنۆفۆنی- **monophonic** ) تاك دەنگی.

لە دیارترین ئەو کەسانەی کە ئەم ستراکچەرە میوزیکییەی بۆ گۆرانی عەرەبی ڕاکێشا ئەوانیش(شێخ سەید دەروێش و مۆسیقار محەمەد عەبدولوەهاب) بوون کە هاوکاری میوزیسانە پرۆفیشناڵەکانی تربوون لەو بوارەدا و هەستان بە ئەرکی پشتگیریکردنی میلۆدی و دەرخستنی لایەنە جوانکاری و گوزارشتییەکان تێیدا.

پاش وەرگرتن و قبوڵکردنی گوێچکەی بیسەری خەڵکی عەرەب بۆ ئەم چەشنە میوزیکە، دیاردەی دابەشکردنی میوزیك لەسەرجەم نیشتمانی عەرەبی بلاْبۆوە لەنێوانیشیاندا ولاْتی عێراق کە کۆمەڵێك ئەزموونی لەم چەشنە لەگەڵ گۆرانی کەلەپوری و هاوچەرخ بینرا کە ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بینی لە چەسپاندنی ئەم دیاردەیە و بلاْوبوونەوەیدا.

لە حەفتاکاندا دابەشکردنی میوزیك بەشێوەیەکی جدی گەشەی کردو لە هەشتاکاندا پێشکەوت، تا لەنەوەدەکاندا بە بەرهەم گەیشت و بووە پایەیەکی گرنگ لە پێکهاتەی گۆرانی هاوچەرخی عێراق، بەلاْم لەسەر ئەم شێوە تازەیە هێشتا گفتوگۆو (ڕا) لەمبارەیەوە هەیە کە ئایا ئەمە پێویستییەکە یان تەنها زیادەیەکە بۆ ڕازاندنەوەو جوانی؟

سەرەڕای ئەو ئاڕاستە گشتییە بۆ دابەشکردنی میوزیك ، کۆمەڵێك نەزان و

نەخوێندەوار هاتنە نێو ئەم بوارەوە کە بێئاگا بوون لەم زانستە میوزیکییە بەرزە، زۆر بەرهەمی لاوازیان لەڕووی زانستیی و جوانکارییەوە پێشکەشکرد کە لە ڕێگەی کەناڵەکانەوە دزەیان کرد و هۆکارێك بوو بۆ دابەزینی ئاستی هونەریی گۆرانی عێراقی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زۆر ئەزمونی تریش لەم مەیدانە بووە هۆی داهێنان لە کۆمەڵێك بەرهەمدا و بەشدار بوون لە پێکهاتەی گۆرانی و میوزیکێکی تازەو ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەزارەی سێهەمی پڕ چەك بەزانست و زانیاری، لەسەروو هەمووشیانەوە کۆمەڵێك هونەرمەندی لاو کە زۆر سەرکەوتنی گەورەیان بەدەستهێنا و توانیان لە گەشەپێکردنی هونەرێکی جوان تواناکانیان بسەپێنن.

## هزرو داهێنانی میوزیکی*

هەریەك لە (دانەر) و موئەدی واتە( ژەنیار و گۆرانیبێژ و مایسترۆ) و (گوێگر)بەشدارن لە تایبەتمەندییەکانی داهێنانی میوزیکدا، لە بەر ئەوەی هەر سێ لایەنەکە بەشدارن لە خولقاندنی ئیشێکی هونەریی و دەرهێنانی بە ڕێگایەك یان بە هەر شێوەیەکی تر.

دانەر هەڵدەستێت بە داهێنانی سەرەتایی و پاشان ڕۆڵی کەسی دەربڕ دێت کە بێ بوونی ژەنیار بوونی نییە و گوێی لێ ناگیرێت لە کارێکی میوزیکدا،

لێرەدا (ئەدا) بەشداریبونی داهێنانە لەگەڵ (دانەر)دا لەبەر ئەوەی ئاواز کە دێتە گوێوە لە ڕێگای ژەنیارەکانەوەیە و چۆنێتی تێگەیشتنی و پێکهاتە و گونجاندنی بەو شێوە حسیی و گرژبونەی کە وەلاّمی بۆی هەیە. لە کۆتایدا (گوێگر) هاوبەشی هەریەکە لە دانەر و ژەنیار دەکات لە کردەی ئەو داهێنانە میوزیکییە ، هەر ئەوە حوکمی چاکێتی و باشی دەدات بەپێی هەلومەرجی دروستبونی ئەو بەرهەمە ، کەواتە ئەویش بەشدارە لە کرداری داهێنانەکە.

میوزیك ، ئەو هونەرە مەزنە گوێییە(سەمعی)، هیچ ئەرزشێکی نابێت بە ونبوونی هەر یەکێك لەم سێ ڕەگەزەی باسکرا. لە هەندێکجاردا (دانەر) خۆشی (ژەنیار)ە کە لەم بارەدا کارەکە تەنها بە دوو قۆناغدا دەڕوات ئەویش دانان و دووبارەکردنەوەی دانان یا (ئەدا) کردنی.

تەنها هزرە کە کۆنترۆڵی پرۆسەی داهێنانی میوزیك دەکات بە هەموو ڕەهەندە جیاجیاکانییەوە هەر ئەوە کۆنترۆڵی ئیحساس و بیرەوەرییەکان دەکات، بوونی هزریشە ئەو جیاوازییە دەکات لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا.. چ جای مرۆڤێکی هونەرمەند کە پێویستە خاوەنی هزرێکی تەواو و ئیلهام بێت..

بە نمونە دەوترێت لەسەر شێوازی سەردەمێکی دیاریکراو" زمانە میوزیکیە گشتییەکەی ئەو سەردەمە" بە تەنها گوێگر لە کاتی بیستنی دەگاتە مانا میوزیکییەکەی.

دەنگی میوزیك ئەو بنچینەیەیە کە تیۆرییەکانی لەسەر بنیاد دەنرێت (

زمانی جیهانی بۆ میوزیك) به پێچەوانەی دەنگ، یاسایەك هەیە بۆ ڕێكخستنێكی ناوەی بنیادی میوزیك، هەروەها هێزێكی كاریگەری میوزیكی لەسەر گوێگر هەیە كە هەستەكانی دەبزوێنێت و ئەزمون و خیبرەی بانگ دەكات، بیرەوەرییەكانیش دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ڕووداو و هەستە تایبەتانەی پەیوەستدارن بەو ئاوازە و بابەتی چێژە. ئاوازەكە جێ پەنجەی خۆی بەسەردەمەكەوە جێدەهێڵێت بەشێوەیەكی دیاریكراو و لە پێكهاتەی زانستی و ویژدانییەوە جیادەكرێتەوە كە لە شێواز و بۆتە میوزیكیان بەرجەستە دەكرێت، هەروەها جگە لە لایەنی سەردەم ، دەور و پشت ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینێت لە دروستبون و پێكهاتنی هزری دانەر خۆی و هەستە میوزیكییەكەی.

لە واقیعدا زۆر سیمای جیاكەرەوە دەردەكەون لە هونەری هەموو سەردەمەكاندا، كە لە ڕووخساری گشتی و شێوازی بونیادنان و بیرۆكەیاندا یەكدەگرنەوە و هەروەها لە جۆری گوزارشتكردنیشیاندا، ئەم سیمایانەیە كەجیایان دەكاتەوە و پێی دەوترێت میوزیكی ئەم سەردەمەو ئەو سەردەمەی تر.

ئەم زمانە، زاراوە میوزیكییەكان و مەقامە دیاریكراوەكان لە خۆیدا دەگرێت كە وابەستەی سەردەمەكەیەتی. بە تێگەیشتن لە هۆكانی گوزارشتی میوزیكی بە گشتی بۆ هەر سەردەمێك، گوێگری جدی دەتوانێت موتابەعەی هەر كارێكی میوزیكی بكات كە سەر بە یەكێك لە سەردەمە میوزیكییە سەرەكییەكانە.

به کورتی وا دەردەکەوێت کە زۆرتر بزانێت لەو کاتانەی کە گوێ لە میوزیکەکە دەگرێت تەنانەت گەر ئەو گوێگرتنە لە پارچە میوزیکێك بێت کە پێشتر گوێی لێی نەبووبێت، هەروەکو بیستمان و ژیاین لەگەڵ دانەرە میوزیکییەکان کە ئەوە ئاشکرا دەکەن کە تەنها ئەو مەوهیبە و ئیلهامەیە کە دروستکەری ئەو میلۆدی و کارە مەزنانەیە دوور لە بە دواچون و هەوڵدان و کۆنترۆلکردن، لەوانەشە لەمەدا ڕاستگۆ بن بەلاّم ئەگە ڕاستبێژ بن لەمەدا ئەوا ناکرێت بووترێت کە داهێنانە میوزیکییەکانیان تەنها شێتێتی و خورافاتە.

❊❊❊❊❊❊❊❊

**❊ ئەم نووسینە ئامادەکراوە**

# ڕۆژئاواییەکان مەقام چۆن دەبینن؟

## نووسینی: سائیر ساڵح

بەپێی بۆچون و تێڕوانینەکانی ئەوروپییەکان، هەموو جۆر و شێوە میوزیکییە ئاسیاوییەکان جا ئەگەر عەرەبی یان تورکی یان یابانی یان هندی بە میوزیکی ڕۆژهەڵاتی دادەنێن، بە جیهانی دەنگە سەیرەکانی دادەنێن، لەگەڵ ئەوەی بەوە جیادەکرێتەوە کە زۆر نەزمی میوزیکی تێدایە هاوکاتیش هاوبەشن لەو میوزیکانەی ڕۆژئاوای ئاسیا کۆیان دەکاتەوە کە (ناوچە عەرەبییەکان و ئێران و تورکیا ئازەربایجان و زۆری تر) دەگرێتەوە بە مەقام دەناسرێن، لەگەڵ بوونی جیاوازی لە ناولێنانەکان وەك: دەستگا و مەقام و شاشمەقام.

هەروەها ڕەگ و بنەچەیەکی هاوبەش هەیە لە میوزیکی ئەم ناوچەیە بەبەشداری و هاوبەشی میوزیکی بێزەنتی( الموسيقى البيزنطية) و هەرەوەها میوزیکی ئاینی نێو کلێسا ڕۆژهەڵاتییەکان وەك میوزیکی کلێسای سریانییەکان و هەروەها هاوبەشی لەگەڵ میوزیکە میللیەکانی ناوچەی بەڵقان و یۆنان.

مەقام تەکنیکێکی ئیرتجالی(خۆیی)ی میوزیکێکی دانسقەیە لە جیهاندا، زۆرێك لە ئەوروپییەکان دەیچوێنن بە میوزیکی جاز ( لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی گەورە لە نێوانیاندا) لە ڕووی چالاکییە ئیرتجالییەکەی.

ئەداو لێدانی مەقام پێویستی بەخوێندنەوە و ژەنینێکی ئەوتۆو بەرز هەیە لە خیبرەو لێهاتویی و زانینی هەموو کون و کەلەبەرێکی ئەو هونەرە.

ناتوانین پێناسەیەکی ڕوون بدەین بە مەقام، ( نتل و فولتن) وەهای دەبینن بەوەی کە ئەو کەسەی ئەدای دەکات پشت دەبەستێت بە پەیژەی میوزیکی تایبەت لەگەڵ کۆمەڵە مۆتیڤیکی تایبەت کە هەریەکەیان مەقامێکی پێ جیا دەکرێتەوە.

دکتۆر (حەبیب حەسەن تۆما) لەبارەی ئەمەوە دەڵێت ڕێکخستنێکی دەنگی و جێبەجێکردنێکی سیستەمی دەنگە بەشێوەیەکی پلە پلەیی و یەك بە دوای یەك ( **tonal levels**) تا گەیشتنە لوتکە و تەواوکردنی شێوەکە.

بەم شێوەیە مەقام لە پێکهاتەیدا وەك دیاردەیەك ئاڵۆز دەبینرێت کەزۆر هۆکار بوونی هەیە و تا ئێستاش پێویستی بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەو ڕاڤەی تازە هەیە کە پشت بەستوو بێت بە زانستی تازە.

لە سەرەتای سەردەمی عەباسیدا زانا و فەیلەسوفە عەرەب و مووسڵمانەکان هەستان بە لێکۆڵینەوەی میوزیکی عەرەبی و بۆ ئەمەش پشت بەستو بوون بە تێورە ئیغریقییە کۆنەکان و پشتیان دەبەست بۆ دیاریکردنی دوورییە میوزیکییەکان لەپێوانەکردنی درێژی ژێکان(کە تێۆرییەکی ناسراوە بە ناوی فیساگۆرس)، زۆرێك لە لێکۆڵەرەوان لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەشدار بوون لەوانە ( فارابی، ئیبن سینا، کندی، سەفیەدین ئەرمەوی، قوتبەدین شیرازی، عەبدولقادر

مراغی)، کتێبەکانی ئەرمەوی بەناوی( کتاب الأدوار)و( الرسالة الشرقیة) لە گرنگترین ئەو نووسین و لێکۆڵینەوانەن لەم بارەیەوە، بەلاّم لەو کاتەدا لەبەر نەبوونی سیستەمی بە نۆتە کردنی میوزیك ( گەرچی هەوڵی زۆری بۆ درا) بۆیە بۆ دەنگە میوزیکییەکان ناو داتاشرا لە ناوی مەقامەکان( کە ئەمە ئاوازێکی جیاکەرەوە و دیاریی مەقامەکەیە، بۆ نمونە ئەو ئاوازەی کە دەستپێکیەتی).

بەلاّم تا ساتی ئەمڕۆش ڕێکەوتنێکی هاوبەش نییە بۆ لەرینەوەی ئەم دەنگانە، بۆ نمونە گەر پەیژەی ( دۆی مێجەر)ی ئەوروپی بگرین دەبینین لە بەرامبەریدا لە سیستەمی تورکیدا چەند دەنگێك هەیە وەك چوارگا (دۆ **D**)، نەوا (ڕێ **d** )، حسێینی(می**e** )، عەجەم(فا**f** )، کوردان(سۆل **g**)، موحەیەر(لا **a**)، وەلاّم چوارگا(دۆ **c**).

بەلاّم لە عێراق و میسردا ئەم پەیژانە لە بەرامبەر: ڕاست(دۆ) دووگا، چوار گا، نەوا، حوسەینی، ئەوج، کوردانیە.

بێگومان مەرج نییە و پێویستیش نییە کە دەنگی (دۆ) لە بەرامبەر ( چوار گا) یان( ڕاست) بێت چونکە زۆرێك لە تورکەکان کە لە سەروو چوارمەدا دەژەنن (دۆ) لەبەرامبەر (عەجەم عوشەیران)ە.

وەکو زانراوە ئەوروپییەکان سیستەمێك بەکار دەهێنن پێی دەڵێن سیستەمی تێکڕا(النظام المعدل) کە لێوەی دوورییە تەبیعییەکان کە یاسا فیزیکییەکان

بەسەریاندا فەرزی کردوون ڕێکدەکرێنەوە، بەوەی میانەی نێوان هەر ئاوازێك و وەلاَمەکەی( ئۆکتاف یا هەشتەمی) دابەشدەکرێت بۆ ١٢ دووری یەکسان.

بەلاَم میوزیکی عەرەبی( لە ڕۆژئاوای ئاسیا)دا بەوەجیادەکرێتەوە کە بەکارهێنانی دووریی تەبیعییەکان بە بەکار بردنی (کۆما- comma) فیساگۆرسی کە بە (زیادە) ناسراوە.

لە سیستەمی ئەوروپیدا دوو دووری بەکار دەهێنن( تۆنی تەواو و نیوە تۆن)، بەلاَم ڕۆژهەلاَتییەکان جگە لەم تۆنانە واتە (تۆنی تەواو و نیوە تۆن) چارەك تۆنیش بەکار دەهێنن و دەبێتە دووریی یان ( ماوە)یەکی تازە کە لەمەشەوە هەیکلی سەرجەم مەقامەکان دروستدەکرێن و لە میوزیکی ڕۆژئاوای پەیژە (سکێل)ەکان پەیدا دەبن.

لە سالَی ١٩٣٢ لە ولاَتی میسر سیستەمی تێکڕای چارەکیی بلاَو کرایەوە( لەسەر شێوەی تێکڕای پەیژەی ئەوروپی کە باخ هێنایە ناوەوە) کە پشت دەبەستێت بە دابەشکردنی ئۆکتاف بۆ ٢٤ چارەکی وەك یەك، کە ئەمەش لە سەرەتادا سیستەمێکی سەرکەوتوو دەرنەچوو، چونکە واقیع و پیادەکردن(مومارەسە) لە بووندا ئەو مافەی بۆ ئەم سیستەمە نەدەگونجاند، مادام میوزیك پشت دەبەستێت بە دووریە فیزیکییە تەبیعییەکان.

مامۆستا (سەلمان شوکر)ی ژەنیاری بەناوبانگی عێراقی بۆ ئامێری عود وای دەبینێت کە سیستەمی ڕاست و دروست، سیستەمی(ئەرموی)یە کە ئەمڕۆ لە

تورکیا بەکاری دەهێنن.

تورکەکان لە بیست و سییەکانی سەدەی بیستەمدا هەستان بە لێکۆڵینەوەی میوزیکی تورکی و سیستەمێکی تایبەتیان دانا بۆ بەنۆتەکردنیان لە گرنگترین لێکۆڵەرەوەکانیان( ڕەووف یەکتا ۱۸۱۷-۱۹۳۵)، (دکتۆر سۆفی ئەزکی ۱۸٦۹-۱۹٦۲)، سەعدەدین ئاریل(۱۸۸۰-۱۹۵۵).

هەردوو (ئەزکی و ئاریل) لەو بڕوایەدا بوون کە دەتوانرێت تەنها ئۆکتافێك بۆ ۲٤ دووری نایەکسان دابەش بکرێت بەم سیستەمەش وترا ۲٤ دەنگی نایەکسان (non- tempered)، زۆر دووری ناپێوانەی تر هەیە وەك ( سەبا، هوزام، عوشاق تادوایی).

بە پشت بەستن بەو لێکۆلینەوە میوزیکیانەی میوزیکی تورکی دەتوانرێ بووترێ کە دیاریکردنی مەقام بەپێی ئەم پێنج مەرجەیە:

١- پەیژەی میوزیکی.
٢- زنجیرەی سەنتەری ئاوازی(tonal centers)
٣- گۆڕان (التحويل -modulation)
٤- بوونی مۆتیفە سەرەکیەکانی هەر مەقامێك
٥- چنین(tessiturea)

بۆ هەر مەقامێك پەیژەی تایبەت بە خۆی هەیە وەك: ڕاست، دوگا، سێگا، چوار گا، نەوا، حسێنی، ئەوج ، کردان

تایبەتیش بە (**Modulation**) هێنانە ناوەوەی ئاوازێك یان ڕستەیەکی میوزیکی یان پارچەیەك بە تەواوی لە مەقامێکی جیاواز تر بۆ ناو مەقامە سەرەکییەکە.

ڕۆڵی(**Tessitura**) ڕۆڵێکی گرنگە لە پێدانی ئەو چێژە تایبەتە بە مەقامەکە.

**سەرچاوە: ئینتەرنێت**

# چێژو فیکر و شێوازە میوزیکییەکان *

## و: دیاری قەرەداغی

میوزیك بەشێکی گەورەی شارستانییەتی مرۆڤە، بەکاروانی درێژی نەوەکانیدا بەستراوە، لە ڕێگای ئەو پێشکەوتنە گەورە شارستانییە، ڕووخسار و شێوەیەکی پاشکۆی هەر سەردەمێك پێکدەهێنێت لە هەست و چۆنیەتی بیرکردنەوە بەپێی سیمای ئەو کەشەی تێیدایە.

ئەفلاتون هونەری میوزیك بە یەکێك لە بزوێنەرە سەرەکییەکانی مرۆ دادەنێن، کە ڕاستگۆیی و ڕاستییەکە لە سەرەتای دروستبونەوە بوونیان هەیە و لە ڕێگەیانەوە جیهان سیستەمی ناساند و بالانسی مرۆڤایەتی چەسپاند.

بەپێی ئەم تیۆرەی ئەفلاتون، دەبینین میوزیك خزمەتی بەشەریەتی کردووە ئەویش لەیەکخستنی هەستەکانی نێوانیان و سەرجەم توخمە جیاوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگەیەك و سەرجەم کۆمەڵگاکانی تر، توانی گوزارشت لە تاك و کۆش بکات لەیەکگرتن و هەماهەنگی نێوانیان.

لە شارستانیەتی کۆندا میوزیك هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ یەکتا پەرستی و پەیوەندییەك لە نێوان خواوەند و بەشەردا، زۆر ڕێسا و زانیاری و پەروەردە و چاکەی بلاوکردەوە، جگە لەو ڕۆڵەی کە لە جەنگدا بەکار دەبرا وەك هۆیەك بۆ یەکخستنی هەستەکان و بارگەکردنەوەیان و پاڵنەری جوڵەی مرۆڤایەتیو

ڕێکخستنیان، لەگەڵ ئەمەشدا سەماکردن ڕەگەزێکی هاوشان و هاوڕێی میوزیك بوو لە کەش و سرووتە ئاینیی و دابو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان .

ڕۆژهەڵات، سەنتەری شارستانییەتە کۆنەکان بوو، لەسەرووی هەمووشیانەوە شارستانی فیرعەونییەکانە کە ڕۆحی ڕۆژهەڵاتن هەرگیز ناگۆڕێن، تا ئێستاش کانگایەکی بە پیتە و سەرچاوەیەکی بەردەوامی ئیلهامی زۆرێك لە گەورە میوزیسیانەکانی سەر ڕووی زەمینن.

مرۆڤە سەرەتاییەکان ڕیتم و مەقاماتیان ناسیوە، لەم دوو ڕەگەزەدا سەرکەوتوو بوون، تا ئێستاش ماونەتەوە کە گرنگترین دوو ڕەگەزی سەرەکین لە هەموو شێوازە میوزیکییەکان تا سەرەتای سەدەی بیستەم.

شارستانی میوزیکی لە میسری کۆندا دەستیپێکرد نزیکەی چوار هەزار ساڵ پێش زایین، بەڵام ڕۆژئاواییەکان زیاتر گرنگی و بایەخیان بە شارستانی یۆنانی کۆن دەدا و جەختیان لەسەر بوو.

لەکاتی لێکۆڵینەوەکەماندا بەوەی مرۆڤ لە پێشکەوتنی داهێنانی هونەر لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکان چنگی کەوتووە، دەردەکەوێت کە سەرچاوەی ڕەسەن و دەوڵەمەند بۆ ئەم زانست و تواناییانە ئەویش کلتووری شارستانی کۆنی لە ڕۆژهەڵات بە گشتی و میسری کۆن بە تایبەت وەربگرن ، لەبەر ئەوە پێشکەوتنی چێژی میوزیك لەلای گوێگر بە شێوازی سەردەمەکانەوە بەند نییە، چونکە هونەرێکی سەربەخۆ نییە کە بە کەلتووری شارستانی مرۆڤایەتییەوە

گرێنەدرا بێت کەلە پاشییەوە هونەرێکی ڕەسەن دەبینرێت کە وابەستەیەکی توند و تۆڵی بەزنجیرەیەك پێشکەوتنەوە هەیە.

یۆنانی کۆن بە سەردەمە گەورەیەکەوە تا سەدەی دووی پێش زاین بە سەرچاوەی شارستانی ئەوروپای تازە دادەنرێت بۆ هونەر و فەلسەفە و ئەدەب، هونەرەکانی ئەسینا پەیوەست بوو بە شارستانی میوزیکی میسری بە شێوەیەکی تایبەت، ئەسینا میوزیکەکەی لە میسرییە کۆنەکان وەردەگرت و موتوتربە و تیهەڵکێشی میوزیکەکەی خۆیان پێدەکرد و دەوڵەمەندیان دەکرد و هۆیەك بوو بۆ پێشکەوتن و شارستانی بوونی میوزیکەکەیان بە شێوەیەکی گشتی.

کاتێك کە چاودێری چاخە میوزیکییە سەرەکییەکان دەکەین بەڕوونی ئەوە دەبینین کە میوزیك هۆیەکی فیکرییە بۆ گوزارشتکردن و هاوکاتیش لە پرنسیب و بۆتە میوزیکییەکان خۆی دەنخشێنێ و لەهەر سەردەمێکیشیدا تازەیە.

بۆ بەدەستهێنانی گرنگترین پایەکانی چێژ وەرگرتن، پەیوەست دەبێ بە شێوازە میوزکییەکان کە کار جیایان دەکاتەوە و ئەو باکگراوندە ڕۆشنبیرییەی سەردەم کە لێوەی هەڵقولاو لێوەی هەڵهاتووە.. چونکە سیماکانی کۆمەڵێك و تایبەت سیمای فیکری و ڕۆشنبیری، زۆرجار هەمان سیمایە کەلە بەرهەمێکی میوزیکیدا دەردەکەوێت ئەو بەرهەمەی کە سەر بەو سەردەمە یان سەردەمێکی ترە.

زاناکان و هونەرمەندەکان هەمەچەشنە (ڕا)ن و جیاوازن لە پێناسەکردنی وشەی( شێواز- ستایل) یان ( شێوازی هونەریی)، کە هەریەك لەمانەش دەگرێتەوە ((جۆری بۆتە، سیمای بیرۆکە، ڕیتمەکان، میلۆدی و مەقامات، پرۆسیسە زانستییەکان

ئەگەر پۆلیفۆنیە یان هارمۆنی)) ئەوەی میوزیسیان مەزن(باخ) باسی کردووە و پێناسەی بۆ شێوازی میوزیك کردووە، گەورەترین ڕاستگۆی دەنوێنێ کە دەڵێت:" شێواز بریتییە لە ڕووخساری ڕۆحی کارە هونەرییەکە". ڕاستە ، بۆ نمونە ڕووخساری ئەفریقییەك لە ئاسیاوییەك ، ئەم جگە لە ڕووخساری دەموچاو و سیما مادییەکانی ئینسان چجای بۆ ڕووخسارەکانی ڕۆح.

هیچ جیاوازییەك نییە لەسەر ئەو ڕاستییە کە بوونی باکگراوندی ڕۆشنبیری هۆکارێکی گرنگە بۆ دەوڵەمەندبوونی خیبرە، ئەم باکگراوندەش پەیوەندیدارە بە ڕۆشنبیریی هەموو سەردەمە میوزیکییەکان و شارستانییەکانیان، کە ئەمانەش یەکدەگرن و شێواز و چەمکەکان دەردەکەون و چێژ پەروەردە دەبێت.

بۆ ئەوەی تێبگەین و هەست بە شێوازی سەردەمە تازەکان بکەین یان تەنانەت شێوازەکانی چاخی هەژدەهەم بکەین پێویستە بگەڕێنەوە بۆ ئەو ڕەگ و ڕیشانەی کە شێوازەکانی لێوە هاتووە و گەشەی کردووە، بۆیە هەر لێکۆڵینەوەیەك ئەگەر ئاسان و سادەش بێت بۆ میوزیکی شارستانیەتی کۆن و میوزیکی سەردەمەکانی ناوەڕاست زەرورەتێکی ڕۆشنبیری و هونەریی پێویستە،

چونکە مرۆڤ خۆی مێژوویەکە بۆ نەوەی دوای خۆی.. میوزیك و هونەر و مرۆڤ و مێژوو ، یەکەیەکن و لێکجودا ناکرێنەوەو بەش بەش ناکرێن.

لێکۆڵینەوەی سەرجەم هونەرەکان و تایبەت شێوەکاری و تەلارسازی، تێدا میوزیکی هەر سەردەمێك دەبەستێتەوە بە هونەرە جیاجیاکان بەشێوەیەکی موجەسەم، مرۆڤ بەوێنەی ڕۆحێکی دروستکەرو داهێنەر دەردەکەوێت لەسەردەمێکەوە بۆ یەکێکی تر، میوزیکیش بە تایبەت ئەو هونەرەیە کە ئەو وەرچارخانە ویژدانییە دەنوێنێت لە پێشکەوتنی مرۆڤ لەسەردەم و شارستانییەتییەکان.

ئەو شارەزاییبوونە گوێیە میوزیکییەی گوێگر پەیدای دەکات بەتەنها ڕۆڵی گرنگی نابێت لە چێژە حسی و ڕۆشنبیرییەکەی بەڵکو بنچینەیەکە بۆ پێکهاتنی ئاستەکانی چێژی و هەستبوونی بە شارستانی و هونەر و مێژوو، تا چەندیش وەڵامدەرێکی مرۆیی لەگەڵ ژیاندا، ئەم هەستانەشە بەردەوامی بۆ ژیان مسۆگەر دەکات بە ڕێگایەکی باشتر و تازەبونەوە و قبوڵکردنی تازە و نا مەئلوف و جیاکردنەوە لە نێوانی جوان و گەورە و مەزن لەگەڵ کەم و هیچەکاندا.

لە میانەی هونەرە مرۆییەکانەوە دەتوانین توانای خەیاڵ و رکابەری بیرۆکە سەرنج ڕاکێشەکان بزانین، لەوەش گرنگتر دەتوانین توانا ئەفرێنەرە شاراوەکان لە ڕۆحی مەردومدا بدۆزینەوە، گومانیش لەوەدا نییە کە گوێگرتن لە میوزیك و نقوم بوون لەو گوێگرتنە بۆ خۆی چێژێکی خۆیی و تایبەتییە، هەر وەك

پەیوەندییەکانی تری مرۆڤ بە هونەرەکانی ترەوە، بەلاَم کاتێك دەگەڕێین بە شوێن هۆکانی تردا بۆ مامەڵە لە تەك هونەرە مرۆییە جوانەکان، قوڵی و ڕاستییەکی جوان دەبینین، بابەتێك دەبینین کە بنەچەی چێژی میوزیکییە و بەهایەکی جوان بەژیانمان دەبەخشێت، ئەمەش ئەو چێژەیە لە دووتوێی جوانییەکانی هونەر، واتە چێژبینین لە میانەی تێگەیشتن لە هونەری دانەرەکان و وەلاَمدەرەوەی حسی مرۆیی بۆ ڕەگەزەکانی گوزارشتی میوزیکی وەك میلۆدی و ڕیتم و بۆتە(القالب)، لەمەوە دەتوانین پرۆسەی چێژبینی ستاتیکی لە میوزیك کورت بکەینەوە بۆ: شارەزایی چێژوەرگرتنی بەردەوام

گرنگی لە تازەبونەوەدایە، کە تێگەیشتنێکی هزری و وەلاَمدانەوەیەکی سۆزداری لە خۆ دەگرێت، کە ئەم قسەیەش بەتەنها بەسەر هونەری باشدا دەسەپێت، جگە لەمە ئەوا دەبێتە هۆی پێچەوانەبوونی هەموو ئەنجامەکان.

میوزیکی پڕ ئەرزش کە بۆ هەر سەردەمێك بگەڕێتەوە جێ پەنجە و کارایی دانەرەکە و سیستەمی بیروکردەوە و ڕێگای بەکاربردن و ڕێکخستنی شارەزایی و ئەو بۆچوون و ئیحساساتانە پیشان دەدات .

لەمەوە ئەم بەرهەمانە، ئێمەی گوێگر دەمان گەیەنێن بەو ماناو ئیحساساتانە و گواستنەوەی ئەو شارەزاییە لە ڕێگەی چەندبارەکردنەوەی گوێگرتنمان، ئەم شارەزاییە دەمانگەیەنێ بەو دیدو بۆچونە زیاتر فراوانەی کە هەیە بۆ ژیان کە پڕیەتی لە ساتە خۆش و نەشئەبەخشەکان و ئازار و خەفەت و

دەمانبەستێتەوە بە خواوەند و کەون و خۆشەویستی و تەنانەت بە مردنیش، بارگەیەکی فیکری و سۆزدارییە لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ژیانداو ئەوەی لەگشت نەوەکاندا لێی بەدەستدێنێ.

کاتێك بەباشی گوێ لە میوزیك دەگرین، بەزۆر ڕێگە چێژ وەردەگرین، بۆ نمونە توانای تاکژەنینێکی جوان ڕامانەکێشێت ئەو دەمەی کەرەستەیەکی ئاڵۆز دەژەنێت و ئەدا دەکات و ئەو کات هەست بە سەرسوڕمان دەکەین، هاوبەشی ئەو ژەنیارەشین لە ترس و دڵڕاوکێی هەستەکانی لە کاتی ژەنیندا.

هەروەها پەرش‌و بڵاو دەبینەوە لەودەمەی گوێ لە هێڵە هارمۆنییەکان دەگرین و ڕەهەندە دەنگی و ڕەنگییەکان تێیدا گوزارشتە.

خۆشییەك داماندەگرێت و ڕاماندەکێشێت و بە میوزیکەکەوە ئالوودە دەبین ، لەو کاتانەی کە موتابەعەی دروستکردنی ڕستە میوزیکییەکانین و ئاوازەکان گەشە دەکەن و دەگەنە ترۆپك و گوزارشتەکانیش تێیدا دەگەنە ترۆپکی هەڵچون، ترپەی دڵەکانمان هاوبەش دەکەین لە پێناو دروستکردنی ئەو هەڵچونە و گەیشتن بەو ترۆپکە کە لێوەی بەڕوونی کارە گەورەکانی وەك سیمفۆنییەکانی لێدەردەکەوێت.

سەرباری ئەم هەڵوێستە میوزیکییانەی دەمانهەژێنێ و چێژمان دەداتێ، پێویست نییە ئەم لایەنە لە گوزارشتی میوزیك ئەوەندە سەرقاڵمان بکات لە بیرکردنەوەی تەواو وقوڵ لەپشت کارێکی هونەریی، ئەوەیە ئەم بیرە لە لایەنە

زۆرەکانی وەك ستاتیکی و فەلسەفی هەندێکیشیان میوزیکی زانستی ڕووت دەنەخشێت.

گەر ویستمان بگەڕێین بە دووی مانا کە دەنگە میوزیکییەکان تێیدا بەرجەستەن، دەبینین ئەم دەنگانە لە میوزیکدا بەرامبەری وشەیە لە زماندا، بەم پێیەش بەرامبەر ئەو وشانە دەوەستێتەوە لەو هونەرانەی کە پشت بەستون بە زمان لە بنەڕەتدا و هۆیەکن بۆ دەربڕین بەشێوەیەکی گشتی.

وشەش وەك دەزانین هەڵگری مانا و فکرە، هۆیەکە بۆ گواستنەوەی نێوان مرۆڤەکان، کەواتە دەنگەکان، یان بڵێین میوزیك هاوبەشی زمانە لەهەمان سیما فیکرییەکان لە ڕێگای یەکەی زمانەوانی یا دەنگیی یا گوێی.

ڕستە لە ئەدەب وشیعردا بەرامبەری ڕستەی میوزیکی دروستبووە لە ڕووی نمایشکردنی بیرۆکەکان.

ئاواز واتە میلۆدی، هەڵگری مانان لە هونەری میوزیکدا یان ئەو باس و بیرۆکە میوزیکیانەی کە کارە میوزیکییەکەی لە سەر بونیاد دەنرێت، ئەم بیرۆکە و ئاوازانە دەبنە تەواوکار بۆ چنینی ئاواز و بونیادی هەڵچونەکان تا ببنە بابەتێکی گشتی کە هەڵگری بیرۆکەی دانەر و هەستەکانییەتی و هەڵگری ناوەڕۆکە گشتییەکەیەتی لە کارێکی گەورەی تەواو پڕدا.

کاتێك گوێ لە ئەدایەکی جوانی کارێکی میوزیك دەگرین، وەڵامدانەوەیەکی سۆزداریمان بۆی هەیە بەوەی کە ناخو دەروونو هەستمان دەجولێنێت، بۆ نمونە

جولاّندنی هەندێك لەو هەستانە کە تیاماندا دروست دەبێت ڕەنگە بەهۆی دەنگی ئامێرە نوحاسییەکانەوە بێت ، کە دەگەنە ترۆپك لەبونیادی ئاوازەکە، تەقینەوەی هەستی تر لە ناومان لەگەڵ دەنگی ڕیتمەکان کە بەستراون بە ترپەی دڵمانەوە، بۆ نمونە هەندێك هەستی تریش لەناخماندا هەڵدەکشێت لەگەڵ ئاوازە لەسەرخۆکان کە گوزارشتن لە ئاشتیو خۆشی.

لەمەوە وەلاّمدانەوەی مرۆڤ بۆ ئەدای میوزیك پەیوەستە بەجۆری ئەو ئەدایە و بە گۆڕانی ئەو بارودۆخەی کە خەملاّوە بە چواردەوری گوێگردا دەگۆڕێت، چونکە ڕەگەزی سۆزی مرۆڤ لەگەڵ میوزیکدا هۆکارێکی گرنگە لە قوڵبوونەوەی هەستەکان و چەمکەکانی بەشەر بۆ بزاوتنی هەستەکانی و خێرا بانگهێشتکردنیان بۆ قولاّیی دەروونەکان، هەموو ئەمانە هێزو قووڵی زیاد دەکات لەگەڵ زیادبوونی خیبرە لە گوێگرتن و چێژی میوزیك.

گوزارشتی میوزیکی تەواو و داهێنەر لەکۆمەڵێك پێکهاتە و ڕەگەزی زۆر پێکدێت، وەك باسمانکرد: ئاواز- پێکهاتەی هارمۆنی -ڕیتم- بۆتە(قاڵب)- چێژیش پێویستی بە تێگەیشتن هەیە بۆ ئەم ڕەگەزانە و ڕاهێنانیش لەسەر گوێگرتن بۆیان، بۆ نمونە گوێگری ئاسایی لە کەشفکردنی ڕووخساری تازەوە دەستپێدەکات پاش ئەوەی بۆ چەندجارێك گوێ لە پارچەیەکی میوزیك دەگرێت ، وردە وردە دەتوانێت جیایان بکاتەوە و پاشان بەستنەوەی بە ئاوازی سەرەکی کارەکە.

لەو ڕەگەزانەی کە گوزارشتی میوزیك دەوڵەمەند دەکات و ڕووخساری دیاریدەکات:

خێرایی- جۆرەکانی ئامێری میوزیك ودەنگەکانی مرۆڤ کە هاوبەشن لە ئەدا-چەشن و سامپڵی ڕیتمی- جگەلە بۆتەی میوزیکیش کە فۆرم و چوارچێوەیەکە، ڕێکخستنە زانستی و ستاتیکی بیرۆکە ئاوازییەکان و چارەسەرکردنیان لە ئامێز دەگرێت.

مانای میوزیك بەدی دێت و بۆ گوێگریش لەڕێگای هەستەکانەوە دەردەکەوێت ،کە لەدوو توێیدا چەشنە میوزیکییە جۆراوجۆرکان شاراوەیەو بەپێی شێوازەکانیان دەگۆڕێت، بە گۆڕانی پەیوەندییەکانی نێوان دەنگو پێکهاتە گوێیەکان دەگۆڕێت، نرخ و ئەرزشیشی بەگوێرەی سیستەمی ناوەوەی بیرۆکە میوزیکییەکان دەگۆڕێت، واتە بەپێی بۆتە میوزیکییە جۆراوجۆرەکان.

بیرۆکەی دانەرە هەڵگری ماناکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنیان بۆی، ئەویش بە سنعەت و پرۆفیشنالێتی میوزیکی ڕەخساو بۆی، ڕوونی ئەم مانایانەش لە ئەستۆی گوێگردایە و ئەو پلەیەی لە ڕاهێناندا بەدەستیهێناوە و شارەزایی وئەو خیبرەیەی کە چنگی کەوتووە تاکو بتوانێت تەحقیق لە بیرۆکە ئاوازییەکانی ئیشێکی میوزیکی دیاریکراو بکات، چۆنێتی ڕێکخستنیان و ڕیزکردنیان لە دەقێکی میوزیکیدا.

بۆتەی میوزیکیی کە بەرجەستەی شێواز و سامپڵەکان دەکات و دانەر

لەڕێگەیەوە کەرەسە ئاوازییەکانی ڕێکدەخات و خڕیان دەکاتەوە لەمانا درامییە هەڵچووەکاندا، کە هەڵچون و کارلێك و تا گەیشتن بە ترۆپکی هەڵچونەکان لە خۆ دەگرێت و ئەوانەش کە ڕەگەزی نمایشی ئاوازەین و چارەسەرکردنیان.

هەموو سەردەمێك بۆتەی خۆی هەیە کە بەستراوە بە فیکر و کۆمەڵ و داب‌و نەریت و سیاسەت و ڕژێمی حوکمڕان و دین، هەموو بۆتەیەکی میوزیکیش هۆیەکی ئەداکردنی تایبەتی هەیە کە ئەویش دیسان بەستراوە بەداب‌و نەریتی سەردەم و تا چەند گەشە و پێشکەوتنی زانستی باو تێیدا، چەند گەشەی پیشەسازی ئامێرە میوزیکییەکان و چەشنەکانی، هەندێك لەم بۆتانە وەك مۆتت(motet)و قداس(mass)و گۆرانی میللی‌و تەرنیمەو(hymn)ومادریگاڵ(madrigal) ئەمانە لە بنچینەدا نووسراون بۆ دەنگی ئادەمیزاد، هەندێکی تریش وەك ئۆپێرا و گۆرانی(کنتاتا)و( ئۆراتوریو) بۆ تێکەڵێك لە ئامێرە میوزیکییەکان و دەنگی ئادەمیزاد نوسراون، بەلاّم بۆتە ئامێرییە رووتەکان، وەك هەر یەك لە(سیمفۆنی)و(سۆناتا)و(کۆنشێرتۆ) و تادوایی.

لە ڕێگای ئەم بۆتانەوە دانەر خۆی بەتاڵ دەکاتەوەو بارگەیەك لە بیرۆکەی میوزیکی لە شێوەی کەرەسەی میلۆدی هەڵدەڕێژێت، پەیوەست بە فکر و هۆش و دیالۆگ وەك چۆن نمونەی زمان کە پیت و وشەکان هیچ مانایەك نابەخشن تا

نەخرێنە شێوەی دژەکانەوە، واتە لە پەیوەندییەکی ڕێکو پێکی لەگەڵ یەکدا تا ڕستەیەکی زمانەوانی لێ پێك دێت.

هەمان شت لە میوزیکیشدا، تایبەت بەدانەری میوزیك ، مانای دەستەبەرکراو و ڕاستییە موجەرەدەکانی دەنگە میوزیکییەکان پێك ناهێنێت، بەڵکو مانای میوزیکییەکان ئەو کات بەدست دەهێنێت کە دەنگەکان پێکبێن لە پەیوەندییەکانی نێوان خۆیان، ئەم پەیوەندیانەش بە زەرورەت دژە یەکن، چونکە ئەم دژ بوونە بریتییە لە مانای ژیان، هیچ تیۆریەك بێ دژ نییە، سالب بێ موجەب نابێتو شەو بێ ڕۆژ نابێتو خێرش نابێت بێ شەڕ وەك چۆن ڕەش و سپی هەیە.

لێرەوە دەتوانین پێناسەی بیرکردنەوە لە میوزیك لەلای گوێگران وەها بکەین کە بریتییە لە بەدواداچونی بیرێك یان بیرۆکەیەك، دووبارەکردنەوە لەم نمایشەداو پاشان بەدوداچوونی گۆڕان و لێکۆڵینەوەکان لەسەر ئەم بیرۆکانە ، هەموو ئەمانەش لە چوارچێوەی فۆرمێکی گشتی میوزیکی ناونراو بە (بۆتە-قاڵب) وەك سۆناتە، کۆنشێرتۆ، قەسیدی سیمفۆنی، تا دوایی.

❊❊❊❊❊❊❊❊❊❊

**❊ ئەم باسە لە ئینتەرنێتەوە وەرگیراوەو لە بنچینەدا ناوی خاوەن باسەکە نەهاتووە.**

# ئەرکەکانی میوزیکی شانۆیی

**نووسینی: د.عەلی عەبدولا**

گرنگی میوزیك لەشانۆدا هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە، تاگەیشتن بەقۆناغی شانۆیی نویٚ، کەزۆر بنەمای چەسپاو و بینراو شانۆ لێیانەوە گەشەی کرد بۆ ڕێکخستنی هەموو ڕەگەزەکان و گەیشتن بەئامانجەکان.

بەوپێیەی میوزیك هونەرێکی سەربەخۆیە توانیویەتی بوون گرنگی خۆی لەکاروانی شانۆ و مێژووە درێژەکەیدا ببینیٚ، ناتوانین شانۆیەکی ئاست بەرز لەهەر سەردەمێکدا. و لەهەر بارودۆخێکدا ببینەوە بیٚ بوونی میوزیك، تەنانەت ئەو شانۆنامانەی کە دەخوێنرێنەوە بەتەنها بۆئەوەی ئاستی بەرزبێت، پێویستە مۆزیك ئامادەیی هەبیٚ.

میوزیك لەشانۆدا چەند ئەرکێکی گرنگ لەخۆدەگریٚ کە لەم خالآنەدا کورتکراوەنەتەوە:

١- میوزیك کە پشتگیری دەقی شانۆیی دەکات و لەڕووداوەکان گوزارشت دەکات ڕۆڵێکی گرنگ دەبینیٚ لەخولقاندنی کەشێکی گشتی، گوزارشتی میوزیکی هەر لەگوزارشتی دیمەنەکانەوە هەڵدەقولیٚ بۆئەوەی لەجەرگەی نمایشەوە بێت (سەرتەختەی شانۆ نامۆ نەبێت، گرنگی و ئەرکی میوزیك لەلای

(ستانسلافسکی) لەبری ئەو دیالۆگانەیە کەلە دەقەکەدا نەهاتوون، یان لەتوانای دەقەکەدا نەبووە.

ئەگەر میوزیك بەرە و ئامانجی سەرەکی شانۆییەکە بڕوات و ڕێڕەو وەربگرێ، ئەوا بە بێگومان بەسوود و بابەتی دەبێت.

گرنگ نییە ئەو ڕەنگانەی دروست دەبێ، بەڵام ئەوە گرنگە کەبەرگەی گەورەیی و هێزی ڕووداوەکان بگرێ و لەگەڵیدا لەیەك ئاڕاستەدا هاوڕابن.

٢- میوزیك یارمەتی دەدات لەدروستکردنی بارێکی دەروونی لەکاری ئەکتەردا، وەك (شۆبنهاوەر) دیاری کردووە و دەڵێ "گوزارشتە لەماهیەتی ناوەوەی و جەوهەری هەموو شتەکان"، ئەمەش دەبێتە پاڵپشتێك بۆ ئەکتەر لە گوزارشتکردنی بنەچە سروشتییەکانی ئەو کارەکتەرە و ناوەخنەکانی.

کاریگەریی میوزیك لەسەر هەست، پاڵنەرێك بوو کەوای لە (ستانسلافسکی) کرد سوور بێت لەسەر پێویستیی هێنانە ناوەوەی هەندێك بنەمای هونەری گۆرانی و میوزیك بۆ ناو دراما، ئەمەش بۆ بەرەوپێشچوونی هونەری درامی، کە ئەگەر ئەمە نەکەین ئێمەی ئەکتەرانی درامی ناتوانین بەرەو پێش هەنگاو بنێین لە نهێنی وشە و جووڵە و ڕیتم ناگەین.

٣- میوزیك پشتگیریی پێشکەشی بینەران دەکا لەرێگای ئەزموونی هونەری و خڕبونەوەی ئەرکە شانۆییەکان و لەناویاندا میوزیك وەك زمانێکی گوزارشتی جوانکاری گرنگ بەبونیادی نمایش لەگەڵ ڕەگەزەکانی دیکە بۆ

تێگەیشتن بەئامانجێکی باڵا، کە ڕەگەز و پێکهاتە و شێوە جیاوازەکانی تر و سەرچاوەی جیاواز لەخۆ دەگرێ، یارمەتی بینەر دەدات بۆ توانای وەرگرتنی ڕووداوەکان.

لەوەپێش و تائێستاش دەوترێ و ئامادە دەکرێ و هاوڕێ دەبێ و گوزارشت دەکا و بەشدارە بەچالاکییەکی گەورە لەپرۆسەی (پاکتاو بوونەوەی ئەرستۆیی — Katharsis ) لەلای بینەر بەوەی تواناداره لە روونکردنەوەی هەستەکان و گەڕان بەدوای هەڵچوونەکان و وروژاندنی لایەنی سۆزداری بەوەی دادەنرێ گوزارشتێکی ڕاستگۆیانەیە لەویژدان کە زمان زۆرجارلاڵە لەباسکردنی.

٤- میوزیك دەچێتە ناو ڕەگەزەکانی نمایشی تر، کەپێی کاریگەر و کارلێك دەبێ و یەکیان دەخات، هەرچۆن (ئاپیا) دەڵێ "تەنها و تەنها میوزیك دەتوانێ بەشدار و هاوکاربێت کە هەموو ڕەگەزەکانی پێشکەشکردنی دیمەن لەیەکەیەکی بەیەکدا چوونی تەواو و بەڕێگەیەك کەتەواو لەتوانای خەیاڵ و هۆشمان زیاتربێ.

بەبێ میوزیك ئەو توانای بەیەکداچوونە بەدی ناکرێ و ناتوانین بیدۆزینەوە"، رۆدەچێتە نێو دەق (وشەو دیالۆگ) و لەلای ئەکتەریش (جوڵەی، دەنگی، ئەدای، گۆرانی) و لەڕووناکیی و لەدیمەنەکانیشدا (گونجان و هارمۆنی، دژیەك پلەپلەی ڕەنگی، بارستایی، جووڵە) جگە لەڕێکخستنی ڕیتم لەسەرجەم ڕەگەزەکان.

٥- میوزیك هاوسەنگی و یەكخستنێ دروست دەكات لەنێوان لایەنی دەنگی و شێوەكاری و ناكرێ نمایشێكی شانۆیی، بەهەموو وردەكارییە هونەرییەكانەوە ڕۆمانتیكی بێت، بەڵام میوزیك ڕۆمانتیكی نەبێ.

## به هەڵەبردنی شیعر لە گۆرانیی كوردیدا

شیعر یەكەیەكی گرنگی گۆرانیە، تێگەیشتن لەبەهای شیعر، لەچەمكی شیعر، لەجوانییەكانی شیعر، هۆكارێكە بۆ بەرزڕاگرتنی بەشێكی گەورەی گۆرانی.

لەشیعر گەیشتن بەتەنها مانای خوێندنەوەی ڕووت و قووت نییە ، چونكە خوێندنەوەی شیعر گەر تێگەیشتنی مانای گشتی و مانا جوانەكانی بەلاغەتی شیعری تێدانەبێت ناتگەیەنێتە لەزەتی شیعر، لام سەیرە كاتێك شیعرێك دەخوێنیتەوەو لەیەكەم خوێندنەوەو یەكەم دێڕیدا بڕیار بدەی بكرێتە بوكی ئاوازێك، سەیرتر ئەوەیە هێشتا ئاوازەكە كاملێ نەبووە كە تۆی ئاوازدانەر یان گۆرانیبێژ بڕیار بدەی زۆرێك لەوشەی شیعر بقرتێنن و هەندێكجار وشەو ڕستە زیاد بكەن یان بەهەڵە وتنیان ماناكان تەواو بگۆڕن، یان لابردنی بەشێكی گەورە و گرنگی شیعرەكە بەبیانووی ئەوەی كە بۆ ئاوازەكە نابێت و لەگەڵێدا نایەتەوە.

هەندێك لەگۆرانییە سەركەوتووەكانی ئەمڕۆی هونەری كوردی پڕن لە و وشەو

دەستەواژە هەڵانەی کە لەشیعرەکەدا وا نەهاتووە و شاعیر وەهای نەنووسیون، کەچی ئەمان بێ تێگەیشتن ڕاستەوخۆ چڕیویانە، کە ئەمەش بچوکترین بەڵگەیە بۆ بێدەسەڵاتی لە تێگەیشتنی شیعر، لەزمانی شیعر، مانای شیعر.

باپێکەوە بڕوانینە چەند نموونەیەك لەو گۆرانییە کوردییانەی ئەمڕۆ کە کەوتونەتە سەر زاری خەڵکی و لەبەریان کردوون و دەیڵێننەوەو سەرباری ئەو هەڵانەی کە بوونیشیان لەنێو گۆرانییەکەدا هەیە نەك لەنێو قەسیدەکەدا.

نالی مەزن دەفەرموێت:

**حەنایی کردووە پەنجەی بەخوناوی دڵی زارم**

**ئەمە ڕەنگی شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم**

کەچی هەریەك لە هونەرمەندانی گۆرانیبێژان کاك (عەدنان کەریم) کاك (سوارە محەمەد) و کاك (جەمال شەریف)کە ئەم شیعرەیان کردۆتە گۆرانی وای دەچڕن:

**حەنایی کردووە پەنجەی بەخووناوی دڵی زارم**

**ئەمە ڕەنگە شەهادەت بێ کە کوشتەی دەستی دڵدارم.**

گەر سەرنج بدەینە هەردوو وشەی (ڕەنگی)، (ڕەنگە)، بەرچاوە کەجیاوازییەکان چین

وشەی (ڕەنگی) پێکهاتووە لەوشەی (ڕەنگ+ی) ئیزافە بۆ وشەی دووای خۆی کە (شەهادەت)ە.

بەڵام وشەی (ڕەنگە) وشەیەکی دوو بڕگەییە کە مانای دیار و سەربەخۆی هەیە کە زۆر وشەی بەرامبەری تری لەزمانەکەماندا هەیە وەك: (دەشێت، لەوانەیە، تۆ بڵێیت.. هتد)

بەمەش گۆڕینی هەریەك لەم دوو وشەیە بەیەکتری مانای ڕاستەقینەی خۆیان ون دەکەن و سەرنجام مانای تەواوی دێڕەکەش دەگۆڕێت.

شێخی شاعیران حەسیب قەرەداغی دەفەرموێت:

**لەگەڵ تەنافا قۆڵی تۆم بکرێتە مل**

**لەچاوی پیسی جەللادا ئەبم بەگل**

بڕوانە وشەی (گل)ی شاعیر و (گڵ)ی گۆرانیبێژ، کە هونەرمەند شێرکۆ تالێب لە گۆرانییەکەیدا وەهای دەچڕێت:

**لەگەڵ تەنافا قۆڵی تۆم بکرێتە مل**

**لەچاوی پیسی جەللادا ئەبم بەگڵ**

(گل)ی شاعیر و (گڵ)ی گۆرانیبێژ چەند نزیکن بەشێوە و دوورن لەمانا.

(گڵ) بەواتای خاك و خۆڵ کە مانایەکی سەربەخۆی هەیە لەفیلدی زمانەکەمان.

هەروەها دەفەرموێت:

**با ئاغر بێ هاتوچۆکەت وەك جارانت**

**مەیکە بەتۆف ڕشێنەکەی بەهارانت.**

کەچی لای کاك شێرکۆ وای لێهاتووە:

**با ئاغر بێ هاتۆ چۆکەت وەك جارانت**

**مەیکە بەتۆو پرژێنەکەی بەهارانت.**

دیسان شاعیری مەزن حەسیب قەرەداغی لە شیعرێکی تریدا دەفەرموێت:

**کوێرە دێش بی هەستە جاڕدە**

**خەڵکە وا من بووم بە شار**

بەڵام (دیاری قەرەداغی) نووسەری ئەم باسە لەگۆرانی (خەونی مەست)دا وەهای دەڵێت:

**کوێرە دێش بم هەستە جاڕدە**

**خەڵکە وا من بووم بە شار**

لەیەکەمیاندا (بی) واتە (بیت)ت: ئامرازی لکاوە بۆ کەسی دووەمی تاك

مانای (تۆ ئەگەر کوێرە دێش بیت) نەوەك(من ئەگەر کوێرە دێش بم)

چونکە م: ئامرازی لکاوە بۆ کەسی یەکەمی تاك.

شێرکۆ بێکەسی گەورە شاعیری کورد دەڵێت:

**لەگەرووتانا ڕەشەبای سلێمانیین**

کەچی هونەرمەندی پایە بڵند مەزهەری خالقی دەڵێت:

**لەگەردوونتانا ڕەشەبای سلێمانیین**

هەردوو وشەی (گەروو)ی شێرکۆ بێکەس و (گەردوون)ەکەی مەزهەری خالقی دنیایەك جیاوازی هەیە، کە خوێنەر ڕاستەوخۆ درك بەو جیاوازییە دەکات.

شاعیری نوێخوازی گەلەکەمان (گۆران) دەڵێت:

**بەدووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەردەشتا**

**تەماشای لالەزاری راگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**

گەورە هونەرمەند کاکە عەدنان کەریمی گۆرانیبێژ دەبێژێت:

**بەدووتا ئەشکی حەسرەت خوێن ئەبارێنێ بەسەر دەشتا**

**تەماشای لالەزارو راگوزەر ناکەی ئەڕۆی ئۆغر**

لەلای شاعیر وشەی (لالەزار) بەهۆی (ی) ئیزافە کراوە بۆ وشەی (ڕاگوزەر)، هەرچی وتنەکەی کاك عەدنان کەریمە (لالەزار) ئیزافە نەکراوە بۆ (ڕاگوزەر) و هەریەك لەو دوو وشەیە بوونەتە وشەیەکی سەڵت و ڕەبەن، کە لای مامۆستا گۆران (لالەزاری راگوزەر) وەك دەستەواژەیەك، سەربەخۆ هاتووە.

لەلایەکی ترەوە گۆرانی مەزن لەم دێڕەدا پرسیار دەکات دەڵێت: (ئەڕۆی

ئۆغر)؟؟ بەڵام لە ئاواز و وتنی گۆرانییەکەی هونەرمەندا، بەهیچ شێوەیەك هەست بە نەغمە و ئاوازی پرسیار ناکەیت، بەڵکو هەر لەشێوەی ڕستەیەکی خەبەری دێتە گوێت، کە ئەمەش نیشانەیە لەبەدحاڵی بوونی شیعر و نەبوونی دەستەڵات بەسەر ئاوازدا.

گەورە زانایەکی کوردی وەك (مەلا عەبدولکەریمی مودەریس) کە لێکۆڵینەوە و تەحقیقێك دەکات لەسەر شاعیرێکی وەك حەزرەتی مەحوی، ئاخۆ چەند ماندوو بووە، بزانە چەند ڕەنجی کێشاوە ،چەند مێشکی خۆی گوشییوە تا نەکەوتبێتە هەڵەوە، ئاخر مەحوی کەم نییە، هەر وشە و دێرێکی بەزیاد و لەخۆرا نەنووسیووە، ئێستاش دەیان لێکۆڵینەوەی جۆراوجۆر هەیە لەسەر شیعرێکی، دەیان گفتوگۆش دەکرێت لەسەر حەرفێکی، کەچی بێباکانە گۆرانیبێژانی ئێمە وشە و دەستەواژەش زیاد دەکەن بۆ شیعری، جا ئەگەر بەناوبانگترین شیعریشی بێت.

هونەرمەند کاك عوسمان عەلی لە بەرنامەیەکی ڕاستەوخۆی کەناڵی ئاسمانی (کوردسات)دا، کە بەرنامەیەك بو لەسەر گۆرانی و مەقامات و لەگەڵێشیدا ژمارەیەکی تر لە هونەرمەندانی بەرچاوی گەلەکەمان بەشدار بوو، کە سەرەی گۆرانی و مەقام هاتە سەر هونەرمەند عوسمان عەلی مەقامێکی بەشیعرێکی مەحوی خوێندن کە لە بنەڕەتدا شیعرەکەی مەحوی وەهایە:

**بەنووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم**

**بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چبکەم**

**لەخەزنەی دڵمدا هەرچی هەیە، هەر داغی سەودایە**

**دەسا ئەم نەقدە دەردە عیشقی پێ سەودا نەکەم چبکەم**

بەڕاستی تۆ ئەگەر هاتی هەر وشەیەکت لەم توحفە شیعرییەدا کەم یان زیاد کرد ئەوا خەتایەکی گەورەیە و ناکرێت لێی بێدەنگ بین، بابزانین کاك عوسمان عەلی چۆن ئەم شیعرەی بەمەقام خوێند، لەدووای تەواو بوونی هەر دێڕێك لەشیعرەکەدا ئەم شتانەی دەوت نمونەی: (ئازیزم، توخوا، بمرم، دەی دەدەی..، براکەم.. هتد) کەواتە شیعرەکە وای لێهات:

**بەنووری بادە کەشفی زوڵمەتی تەقوا نەکەم، چبکەم (ئازیزم توخواکەی**

**کورە بەشەمعێکی وەها چاری شەوێکی وا نەکەم، چبکەم چبکەم چبکەم**

تۆ تەماشا ئەم وێنە شیعریانە چۆن تێکو پێك شکا، کرا بەخاتری نەگونجانی لەنێو ئاوازێکدا، باشە کە وشەکان هاوتەریب نەبوو لەگەڵ کێشی وتنەکە بۆ ئەم شیعرەتان دانا بۆ ئەم مەقامە؟ تکایە با وەڵامەکەتان بۆم ئەوە نەبێت کەبڵێن لە چڕینی مەقامدا تۆ سەربەستی لەو ئیحساساتانە، تا کەم کردن و زیاد کردنی وشە بۆی بارێکی سروشتی بێت.

من دەڵێم نەك هەر بارێکی سروشتی نییە بەڵکو هەڵەیەکی گەورەیە و هیچ سازشێك قبوڵ ناکات، ئامادەشم بۆ گفتوگۆییەکی باشتر و جدیتریش گەر پێتان وانەبوو؟؟؟

مامۆستای گەورە و پایە بڵند مامۆستا ئەنوەر قەرەداغی لەیەکێك لە ئاوازەکانی بەدەنگی خۆی دەڵێت:

**(من ئەوا هاتم بەکۆڵێ دەرد و ئێش و زامەوە**

**مەینەتم زۆر بوو لەمەوبەر، وا سەری لێ دامەوە**

**نەفسی ئەمجارەم لە ڕێما داوی بۆ دانامەوە)**

ئەمەی سەرەوە شیعرێکی کاك شێخ حەسیب قەرەداغییە بەڵام لای ئەو وا نییە بەڵکو ئەمە ڕاستییەکەیەتی:

**(من ئەوا هاتم بەکۆڵێ دەرد و ئێش و زامەوە**

**مەینەتم زۆر بوو لەمەوبەر، وا سەری لێ دامەوە**

**نەفسی ئەمجارەم لە ڕێما داوی بۆ دانامەوە)**

هونەرمەندی گۆرانیبێژ (زەکەریا عەبدوڵلا) لە گۆرانییەکیدا بەدیالێکتی کرمانجی ژوورو خوێندویەتی دەڵێت:

**شەکر پەحلە تو شیرینی**

کە لەڕاستیدا شتێك نییە بەناوی (پەحل) بەڵکو (تەحل) هەیە بەمانای (تاڵ)ە.

لە کەناڵی کوردسات و لەشەوی ٢٠٠٤/١٠/١٢ لە بەرنامەی ڕاستەوخۆی (سۆز و ئاواز)دا لە بڕگەیەکدا کاك (کاوە وەستا عەلی) ئەگەر بەهەڵە نەچووبێتم

ناوەکەی وابوو؟؟ بەشدار بوو بەمەقامێك کە بەشیعرە مەزنەکەی (نالی) خوێندی.

نالی گەورە شاعیر دەفەرموێت:

**بینایم کوێرە هەڵنایێ بەڕووی کەس**

**موژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بیٚ تۆ**

کاك کاوە لێی تێکچوبوو دەیوت:

**بینایم کوێرە هەڵنایێ بەڕووی کەس**

**کوژەم یەك یەك دەڵێی بزمارە بیٚ تۆ**

لەدێڕێکی تردا نالی دەفەرموێت:

**لەکن من باوجوودی ناس و ئەجناس**

کەچی کاك کاوە کردبووی بە:

**لەکن من باوجووبی ناس و ئەجناس**

خەتای تۆ نییە برا حەقی خۆتە، گرنگ ئیش بڕوات.

لەگۆرانییە کوردییەکانماندا دەیان وشەی تێکشکاوت گوێ لیٚ دەبێت کە لە هیچ کات و سەردەمێکی زمانەکەدا ئەو وشەیە وانەبێنراوە، مەگەر خۆت تەسەوری بکەیت چ مانایەك بێت.. ئەمەش دیسانەوە کەمدەستی و نەخوێندەواری خاوەنەکەی ئاشکرا دەکات.. هەندێکجار تێکشکانی ئەم وشانە بەمەبەست بووە بۆ ڕێکخستنی قافیە و ئاوازەی گۆرانییەکە، هەندێکجاریش

لێنەزانینانە تەوزیف کراوە، هەندێك لێکچون دەبینرێت کە لەسەر بنەمایەکی نا لۆجیکی ئەم چوواندنە دروستکراوە، گەر بڕوانینە ئەم نمونانە ئەوا بەشێك لەم ڕاستیانە دیارن.

هونەرمەند (لەیلا فەریقی) لەگۆرانییەکیدا دەڵێت:

**ئێمە بێستانێکمان داچانا.. ئێمە دارستانێکمان ناخشانا**

بڕوانە هەردوو وشەی (داچانا، ناخشانا)، بەوردی سەرنج بدەن ئایا لەهیچ کون و کەلەبەری زمانەکەماندا بەمێژووی کۆن و تازەی و بەگشت دیالێکتەکانییەوە بەم شێوەیە درکێنرراوە؟ تۆ بڵێی مەبەست لە (داچانا) (داچاند) بێت؟ یان مەبەست لە (ناخشانا) (نەخشاند) بێت؟ تۆ بڵێی گۆرانیبێژان خەڵکی مەملەکەتێکی تر بن و تازە فێری ئەلفبای زمانەکە بن؟ هەروا پرسیارە و دەیکەم.

لە یەکێك لە ئاواز و شیعرەکانی هونەرمەندی خۆشەویست کاك (بەهجەت یەحیا) کە دەڵێت:

**(دەسا بۆ نایەی کوا حەکیمی لوقمانم؟)**

هەمووعمان (لوقمانی حەکیم)ان بیستووە، بەو پێیەی (لوقمان دەزانرێت کە (حەکیم) بووە، بەڵام (حەکیم) کێیە تا (لوقمان) بێت؟

هونەرمەندی مەزن کاك (ناسری ڕەزازی) لە گۆرانیەکیدا دەڵێت:

**هیچ خۆشیم نەدی لەڕووی زەمانە**

**بووم بە نیشانە بۆ تیروییو تایانە.**

کە لەراستیدا وا نییە، بەڵکو:

**هیچ خۆشیم نەدی لەڕووی زەمانە**

**بووم بە نیشانە بۆ تیرو تانە.**

وەك پێشتریش ئاماژەم پێدا، کەمجار گرنگی دراوە بەمەوقعی وشە لە ڕستەدا یان گرنگی نەدراوە بەنەغمەی ڕستەکە، ئایا ڕستەیەکی خەبەرییە یان سەرسوڕمانە یان پرسیار، کە ئەمە بەهەڵە دەگاتە گوێگر.

با سەیری ئەم دێڕە شیعرییەی شاعیری بەتوانای گەلەکەمان مامۆستا دڵشاد مەریوانی بکەین کە لە یەکەم وشەیدا پرسیار دەکات:

**بۆ؟!...**

**بێ لەو چاوە کاڵانەت چی شك ئەبەم؟**

بەڵام لای هونەرمەند کاك (حەمەی نێرگز) وانییە، بەڵکو هەموو ڕستەکە دەکات بە پرسیار

**بۆ بێ لەو چاوە کاڵانەت چی شك ئەبەم؟**

کە بەگشتی هیچ مانایەك نابەخشێت بەم شێوە خوێندنەوەیە.

هەندێ سروودی نیشتمانیی و گەورە و بچوك لەبەریانە و بوونەتە ئارمێکی گەشی دۆزی میللەتێك، کەچی هەندێك وشە بەکارهاتووە وەك وشەکانی نێو

شیعرەکە نییە و شاعیر وەهای نەنووسیووە، بۆ نموونە (ئەی ڕەقیبەکەی) مامۆستا (دڵدار)ی شاعیر، کە ئەو بەم چەشنەی وتووە:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان**

**ناپرمێنێ دانەیی تۆپی زەمان**

یان دەفەرموێت:

**زیندووە هیچ نانەوێ ئاڵاکەمان.**

کەچی لای هەمومان دەوترێت:

**ئەی ڕەقیب هەر ماوە قەومی کورد زمان**

**ناشکێنێ دانەوی (دانەیی) تۆپی زەمان.**

یان دەوترێت:

**زیندووە قەد نانەوێ ئاڵاکەمان.**

هەندێجار گۆرانیبێژ لەکاتی چڕینی وشەی نێو گۆرانییەکاندا، دەکەوێتە هەڵەی دابەشکردنی وشە لێکدراوەکان، یان جیاکردنەوەی دوو وشەی مانادار پێکەوە، کە لەڕاستیدا نابێت بەش بکرێت بەڵکو دەبێت پێکەوە و لەیەك کاتدا بوترێت، من نمونەی زۆرم لایە بۆ ئەم هەڵە زەق و باوەی کە لە گۆرانی کوردیدا هەیە، بەڵام گوزارشتکردن لەم کێشەیە بە نووسین تۆزێك گرانە، بەڵکو زیاتر

لەکاتی چڕپیندا ئەم سەرنجە باشتر ڕاست دەکرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵ دەدەم نمونەیەك بخەمە بەرچاوتان:

لەیەکێك لە گۆرانیەکانی خاتوو (سۆزان نامۆ) کە ئەدای ئەم دێڕە شیعرەی خوارەوەی بەم شێوەیە کردووە:

**(تەنهام و تەنهام کەس نییە باوەش بۆ ئەم ئازارەم.. هتد)**

**(تەنهام و تەنهام.. کەس نییە باوەش..... .......بۆ ئەم ئازارە........م بکاتەوە)**

ئەو خاڵانەی نێوان وشەکان کە دامناوە هەمووی کاتە (زەمەن)ەو دەکەوێتە نێوان وشەکانەوە، کە سەرئەنجام درەنگ ماناکەی دەگاتە لای گوێگری گۆرانییەکە و نازانیت چی دەڵێت و مانای تەواوی وشەکە چییە.

لە کۆتاییدا دەمەوێت بڵێم کە ڕەگەزی شیعر لە گۆرانیدا بەشێکی گەورە و بەرچاوە، بۆیە دۆڕاندنی وشەیەك، دۆڕاندنی مانایەکی گەورەیە، دۆڕاندنی ماناش دۆڕاندنی بەشێکی گەورەی گۆرانییە.

# لەچەقی جەهلەوە بۆ کەناری شیعر

ئەو پەیوەندییە ئۆرگانییە زیندووەی نێوان شیعرو ئاواز هەمیشە وادەکات ڕەها بوون بۆ هیچ یەکێك لەو دوو ژانرە گرنگەی پێکهاتەی گۆرانییەك نەهێڵێتەوە. دەسەڵاتی شیعر نمایشی دەسەڵاتی خیتابێکی ڕاستەوخۆیە کە بەزەقی (تانو پۆ)ی خۆی دەهاوێ و گوێگر دەخاتە بەردەم تێگەیشتنی ڕاستەوخۆ وسانا، ئاسانتر لە دەسەڵاتی ئاواز.. کە ڕاڤەکردنی لەلای گوێگر درەنگترە، بەو پێیەی کە دەسەڵاتی ئاواز دەسەڵاتی هەستو خەیاڵە پەنهانەکانی ویژدان و نەستی مرۆڤە بۆ بەرامبەر، کە بێ پێچ و پەنا خۆی بەهەستە جیاجیاکانی گوێگر دەکا و لەڕێگای هەست و نەستەوە ڕۆمانسیانە تاووتوێ دەکات.

ئەم دوو یەکە زیندووەی گۆرانی، بەیەکەوە باڵا دەکەنو پێکەوە جوان دەبنو دەتوێنەوە، دەشێ هەر ئەم یەکانەش سەری یەکتری بخۆن، هەریەك لەسەر ئەویتر مشەخۆرانە بژین، یەکێك بمرێ و ئەوی دی تەرە بێت.

لێرەو لەوێ، لە تێگەیشتنی چەمکی شیعرو چەمکی ئاواز، شتی سەیر دروست دەبێت، دەستەواژەی بێ بنەما دێنە گۆڕ و دەخولقێن و ناونانی شتەکان لەسەر بنەچەی هەڵە دروست دەبن.

ئەو دەمەی ژنە هونەرمەندێك، خانمێك، كیژە هونەرمەندێكی كورد، لەسەردەمی كۆن و ئەم سەردەمەشماندا، كەلە بواری دنیای گۆرانی و میوزیكدا دەیاندوێنن، ڕاستەوخۆ گرفتی گەورەیان ئەوەیە كە شیعرێكیان چنگ ناكەوێ گوزارشت لە ئێش و ئازار و خەمەكانی ژن بكات، یان كەمتر شیعرێكیان دەوێت كە بەزاری پیاوان وترابێت ، بەڵكو هەمیشە ویستیان ئەوەیە كە ئەو شیعرانە بەدەستی ڕەگەزی خۆیان نووسرابێت، نازانم فەلسەفەی ئەم شتە چییە؟!

بۆ دەبێت وەها بێت ؟! ئەگەر ئەمە بەشێك نەبێت لەنەزانین و تێنەگەیشتن و نەخوێندەواری بۆ ئەم چەمكە،

دەپرسم بۆ دەبێت تۆی ژن چەمكی شیعری جوان بۆ گۆرانییەكی جوان تەسك بكەیتەوە بۆ تەنها ڕەگەزی خۆت؟!.

ئایا منی پیاو بۆم نییە و ناتوانم باس لە ئێش و مەینەتییەكانی ڕەگەزی بەرامبەر بكەم؟!

تۆ بڵێی لە بابە تایەرەوە تا ئەو شاعیرەی ئەمڕۆ لەدایك دەبێت و دەنووسێ.. دەقێك.. شیعرێك نەبێت كچە هونەرمەندێكمان، ژنە هونەرمەندێكی گۆرانی بێژمان بجوولێنێ؟؟

شیعرێك كە گوزارشتی گشت ئازارەكانی مرۆڤ بێتبە هەردوو رەگەزەكەوە؟

تۆ بڵێی وەك خەسڵەتی شتە تایبەتییەكانی ژن و پیاو بێت، نمونەی گەرماو بۆ ژنان و گەرماو بۆ پیاوان؟!

لێرەوە ناونانی شیعری ژنانە.. شیعری پیاوانە.. شیعری لاوان.. هتد، پێویستی بەقسەکردن و روونکردنەوەی زیاتر هەیە و پێویستە لەبەردەم ئەم ناولێنانە بوەستین.

تۆ کە شیعرەکانی (سهراب) دەخوێنیتەوە نازانی چ کائینێك، چ ڕەگەزێك ئەمەی نووسیوە، وا دەزانی دایکتە. زمانی ژنتە.. زمانی باوکتە.. گرفت لەوەدانییە شیعر هی کام ڕەگەزە.. بەڵکو لەوەدایە چی نووسراوە و چی گوڵبژێر بکەین تا ببێتە گۆرانییەك.

تا ئێستاش بەبیانووی تێنەگەیشتنمان بۆ شیعر و جیهانە گەورەکەی هەروەها دەرەقەت نەهامەتنمان بۆ جیاکردنەوەی تێکستی باش لە خراپ.. حەوصەڵەی نەگەڕان بەدووی جوانییەکانی شیعر و وێڵ نەبوون بەدوای کێشە گەورەکان و خەمە لەبن نەهاتووەکانی مرۆڤ لەبەرگی قەسیدێکدا.. نەزانین و قاڵ نەبوون لەنێو ئیقاعە جۆراوجۆرەکانی نەزمی تێکستێکدا، کە شاعیر لە چ سات و کات و مەزاج و ترپەی جیاوازدا پەی پێبردووە و درکاندوونی.. تا ئێستاش هەژاری و بێدەسەڵاتی خوێندنەوەی ئێمە بۆ ڕەهەندە جیاوازەکانی دەقێك وامان لێدەکات کە لەکەنار و پەراوێزی ئەو حەقیقەتەدا بین.. هەمیشە لەڕێگای ناوێکی تر و پێناسەیەکی ترەوە تێگەیشتنێکی تر دەچینەوە چەقی ئەو چەمکە کە شیعرە.. بۆیە سەرگەردانانە دەڵێین:

(ئەم شیعرە بۆ گۆرانی).. (ئەم شیعرە ناسکە سادەیە وشەکانی خۆشن).. (وشەی زەقی تیا نییە).. (خەڵك ئاسان هەزمی دەکات).. (شەفافە).. (توخوا خەڵك گوناهە با نەڕەنجیّ).. (خەڵك گوێی هیلاکە با هیلاکتر نەبێت).. (جەماوەر سادەترە لەوەی ئێمە ئەم شتە موعەقەدانەیان بدەینیّ).

ئەمانەی سەرەوە بەشێکی کەمن لەزۆرینەی ئەو تەسریحاتانەی گوێم لێیان بووە لەلایەن هونەرمەندانەوە، هەر لێرەشەوە خەتاو نەتوانینمان خستۆتە ئۆباڵی خەڵك و جەماوەرەوە، ئەو خەتایەی تا ئێستاش پێمان وایە بەزمانی سادە لەشیعر دەگەین، بە زمانی بازاڕ دەیکەینە گۆرانی.

نا..هەرگیز، بەڵکوخەتاکە ئەوەیە بە نەخوێندەوارییەوە دەست لەشتە جوانەکان دەدەین، پاشان خۆشمان نازانین چی جوانە؟ چی جوان بوو؟ چی جوان بکەین؟؟

گوناهێك بەوەی کە ناتوانین ڕێز لە سات و زەمەن و ئیقاع و مەزاج و هەڵچوون و دامرکاندنەوەی شاعیر بگرین کە لەو ساتەدا شیعرەکەی پێدا تێپەڕ دەبێت.

هەمیشە ئاوازێك بڕاوە بەبەری شیعرێکدا دوور لە ئیقاعی شیعر و شاعیر دوور لەو فرمێسکە گەرمانەی شاعیر بەسەر دێڕە شیعرەکانیدا دوور لە و سۆزەی شاعیر بەزاندوویە دوور لەیەکەکانی فەنتازیا و خەیاڵ و مەعریفە..هتد.

دوور لەو ترپە بەردەوامە ناجێگیرەی دڵی شیعر و شاعیر ، ئاسان نییە لە

شیعر گەیشتن کە نەخوێندەوار بیت، خۆ ڕەنگە جاهیلانە شیعرێك بنووسرێ بەڵام زەحمەتە ڕاڤەی شیعرێك بەم کەمی و بێ دەسەڵاتییە.

گەر لە ناخی شیعریش نەگەیشتی ئەوا سەرەتایەکە بۆ ئەوەی گەورەترین هەڵە بەحەقی ئاوازو وتن بکەیت، وەك ئەو هەڵە زەقانەی ڕۆژانە لامان دیارە و بێ پرسیارو لەسەر وەستان ون دەبن.

## کە گەنج بەجوانی هونەر بکات

هەمیشە توانای گەنج توانایەکی سەرکێش و یاخیترە، توێژێکن وزەیەکی سەیر وشاراوەیان تێدایە و هەمیشە لە هەڵپەدان بۆ وەدەستهێنانی حەز و خولیاکانیان جا لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت هەموو سیستەم و ڕێکخراوە هونەرییەکان پاڵپشتی ئەم توێژە بن، هەمیشە گەنج وەڵامدەری سەردەمێکی تازەیە بە و مەرجەی باش ئاڕاستە بکرێن.

مامەڵەکردن لەگەڵ گەنج قورسە، چونکە قۆناغێکی سەیرە پڕە لەسیحری هەڵچون و داچوون، گرنگە ڕێز بۆ ئەو مەزاجە بگیرێ، با مامۆستاکانمان بەچاوی بەزەییەوە سەیری گەنج نەکەن، بەڵکو وەك نەوەیەك مامەڵە بکەن کەدەشێ خەرمانی هونەری میللەتێك لە پاشەڕۆژدا زیاد و جوان بکەن، با گەورە

میوزیسیانەکانمان کەمێك لەخۆبردنیان هەبێ بۆ تەنازل کردن لەجێگاکانیان و ببنە هاوڕێ و دەستگری کاروانی ڕێگای گەنجان.

من وەك خۆم ئەرك و ماندووبونێکی هێجگار زۆرم چەشت تا ئەم ڕێگا جوانەی هونەر ون نەکەم، زۆرجار هەستم دەکرد کە لەبیابانێکدا ون بووم و بە (قیبلە نوما)ی خۆم ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوام جیا دەکردەو، قورسە فەلسەفەی بەتەنها هەرخۆتبوون، بۆیە هەمیشە لەگەڵ دەستگیرۆکردنی گەنجانم، بۆ کەمکردنەوەی ئەو ئەرکە زۆرەی دەکەوێتە سەرشانیان، چونکە دەشێ هەموو گەنجێ دەسەڵاتی بەسەر ئەو ئەرك کێشانەدا نەبێت.

سەرنجم بۆ ئەو گەنجانەی کە بەگۆرانی و میوزیکەوە خەریکن، ئەوەیە : هەرچی دەکەن بەزۆری نەزانن، چونکە هونەر لەوە جوانتر و گەورەترە کە ئێمە پێشکەشی دەکەین.

لەگەڵ ئەمەشدا پێویستە بەر لە هەموو شتێ دەبێت حەزیان نەکوژین، جێگایەکی وەهایان بۆ دروست بکەین، کە بڵێین ئەمە ماڵی حەز و هیواکانتانە.. ئەم شوێنی ڕاهێنان و چاککردنی توانای هونەریتانە.

پلانێکی هێجگار هەڵەیە لە سەرەتادا داوامان ئەوەبێت گەنج بەرهەم هێنەربێت، ئەمەش لە ڕوانگەی ئەوەوە بەو پێیەی کە جارێ دروست نەبووە، بۆیە هێشتا زووە بۆ قسەکردن لەسەر (خەرجی) بۆ سیدییەکانیان بۆ تاکە بەرهەمەکانیان..

با ئێمە سەنتەرە هونەرییەکانمان، شوێنە تایبەتییەکان کە دەکرێنەوە بۆ گەنجدا لەئاستی پێگەیاندنی گەندا بێت، تەنها ڕووکەشێك نەبێت بۆ کۆمەڵێك مەبەستی تایبەتی، هەر پارتێکی ئەم کوردستانە کە جێگایەك بۆ گەنج دەکاتەوە، لەسەر بنەمای ئینتما بوون و بۆ ناو و پرۆگرامی ئەو پارتەیە کە ئەمەش گوناهێکی مێژوویيە بێئاگا دەرحەق بەمندالّی ئەم میللەتە دەکرێت، دەکرێ واز لەم شتە خراپانە بێنن چونکە لەئەنجامدا کۆمەڵێك گەنجانمان بۆ دروست دەبێت، کە خۆشمان نازانین لەدوایدا چۆن چارەسەیان بکەین.

لەو بڕوایەدام  کە گەنج بەجوانی دروستبوو بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی هونەریی، هاوکات پێ بەپێی ئەو دروستبونەش جێگای تریش دروست دەبێ بۆ نرخاندنی ئەو بەرهەمانە کە بتوانرێ پشتگیری ماددی و خەرجیان بکات، بەڵام زەحمەتە من کۆمپانیا یان جێگایەك بم و پارە

لەبەرهەمی خراپ سەرف بکەم، بۆیە پێویستە سەرەتا گەنج بەجوانی دروست ببێ.

# گروپی میوزیکی میللی گەڕیان لەیەکەم کۆنسێرتیدا

بۆ ئەوی خۆم بە قەرزارباری هونەرێکی جوان نەزانم، ئەو هونەرەی گەر بۆ ساتێکیش بێت چێژی

دامیٚ و سەرسام بوون و قووڵبوونەوەی دامیٚ.

لەم بڕوایەمەوە، لە پێزانینم بۆ جوانیو بە ویستێکی بابەتی و هونەری ، بە پێویستم زانی تیشکێکی پێویست بخەمە سەر ئەم بابەتەی کە دەکرا بە هێندەیەکی شیکاریتر وتوویژی لەسەر بکرایە.

لەو مرۆڤانەش نیم چاوی جوانیم هەڵ نەیەت بەدەرگای ئەو هونەرە بەرزانەی کە بە ڕووی جەماوەردا هەڵدێت و دەکرێتەوە، هەر بۆیە هەستکردنم بە جوانی جارێك وەك گوێگریٚ، جاریٚ وەك هونەرمەندیٚ ئەم بابەتەی پیٚ نووسیم..

نووسینەکەم ناچێتە خانەی ڕەخنەیەکی شیکاری بەهێندەی ئەوەی کە ئێمە لەدەرفەتێکی کەمی گوێگرتن و متابەعە کردنمان لەبەرهەمەکان دەکریٚ بابەتێکی وەسفیانە و نمایشانە بێت و بریتی بێت لەکەشفکردنی نهێنیە شاراوەکان، درك پێکردنی بنەما ڕۆحی و مەعنەوییەکانی کارێك.

فۆلکلۆری کوردی زۆر لایەنی گەورە و لق و بابەتی هەمەجۆر لە ژیانی کوردەواریدا دەگریٚ و دنیایەکی بەرین و فراوانە، پەیوەستە بەبوونی مرۆڤی کورد لەو ساتەوەی دەژی و بووەتە نەتەوە، هەموو بارێکی ژیان جۆر و چەشنێك لە

فۆلکلۆر دەخولڤێنێ وەك هەموو شتەکانی دیکەی ژیان ئەویش گەشە دەکات‌و ڕەگی پتەوی ئەم فۆلکلۆرە ڕەگێکی خۆڕسك و نەخوێندەوارە، لەگەڵ ڕووی یەکەمی نەتەوە دەبێتە دەنگ و چریکە واتە پێش خوێندن و نووسین، فۆلکلۆر هەبووە کە چالاکییەکی هۆشەکی ناو هەموو ڕەگەز و چین و توێژەکانە، لەگەورەو بچووك، نێرو مێ، پیر و منداڵ و مێردمنداڵ، شوانکارە ونانکەر و کرێکار، مەلا و فەقێ.. هتد.

شوێنی فۆلکلۆری و دیمەنەکانی سەر شانۆ و ناو ستۆدیۆ و سینەما و جێگا تایبەتییە هونەرییەکان نییە.

بەڵکو شوێنە گشتییەکان چەکەرەی بەم ڕەگە کردووە، وەك ناو باخ و دەغڵ و ژیانی شوانکارەو شیوەن و شایی و ناو تەکیە و خانەقا و شوێنە پیرۆزەکانی و ڕێ و ڕەسمی ئاینە پیرۆزەکان، لەگەڵ ڕەفتارو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی ژیان بەدی دەکرێ.

لەم هەموو بەشانەوە کە بۆمان دەبێتە (میرات) دەتوانرێ ئەم گەنجینەیە جیاجیاو بەش بەش بکرێ واتە پۆلێن بکرێ، کە دەکرێ شوێنی باسێکی درێژتر بێت، بەڵام لێرەدا ئێمە دەست بۆ بەشێکی گرنگ دەبەین کە ئەویش (گۆرانی) لەناو مروڤی کورد دا جا بەفۆلکلۆر ناوی بەرین یان بە کەلەپوور، ڕەنگە ئەمەیان ڕوونکردنەوە و هەڵوێستەی تری بوێ.

(گروپی میوزیکی میللی گەڕیان) کە گروپێکی گۆرانی و میوزیکی کوردی ناو شاری سلێمانییە.. بۆ ماوەیەکی کورتە دامەزراوە وەك گروپێکی میوزیکی میللی ئامێز کە نوێنەری کەناڵی ئاسمانی کوردسات بێت سەرپەرشتیاری ئەم گروپە مامۆستای هونەرمەند (دلێر حسێن)ە، یەکەم بەرهەمی ئەم گروپە سازدانی کۆنسێرتێکی تایبەت بەکارەکانی خۆیان بوو کە (٨) بەرهەمی جۆراو جۆر لە فۆلکلۆر و ئاوازی دانراو بەشێوەی میلۆدیی میللی، ئەم کۆنسێرتە لە هۆڵی سلێمانی پێشکەشکراو ماوەی (٣) ڕۆژو لەبەرواری (٢٠٠٠/٧/١٩) دەستی پێکرد، ئەوەی لێی ئاگادارم شتێکی جوان و دڵ خۆشکەرەیە ئەوەیە کە گروپێك بەر لەسازدانی کۆنسێرتێك ماوەیەکی باش و لەجێگایەکی تایبەت بە خۆیان و بەکەرەسەی خۆیان بتوانن ڕۆژانە کات تەرخان بکەن بۆ پرۆڤە کردن و خۆ ئامادەکردن.

ئەمەش هەر لەسەرەتاوە مژدەی ئەوەت دەداتێ کە بتوانن شتێك بکەن دوور بێت لەبیانوو پاسا و هێنانەوەی بێ جێگایی و بێ کەرەسەیی و بێ کاتی هەڵبەتە گیروگرفت هەر دەبێت، لە گەورەترین کێشەی ئەم گروپە ئەوەیە کە بەشێکی زۆری میوزیسیانەکان، میوزیسیانی سەماعی بوون کە ئەمەش گرفتی گەورەی بۆ مامۆستا دلێر دروستکردبوو، چونکە زەحمەتە ڕۆژانە تەرجمە کردنی هەموو ئەو شتانەی بە نۆتە کرابوون و نووسرابوون، لێرەشەوە داواکارم بەهەموو توانایەکی مادی و مەعنەوی بەرزتر هێندە ئەوەندەی ئێستایان پشتگیری بکرێن،

هەرگیز ئەمە بەزۆر نەزانن.

بەرهەمەکان بەگشتی بەرهەمی فۆلکلۆری ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بوون زۆربەی میلۆدییە فۆلکلۆرییەکان میلۆدی خۆش و نەشئە بەخش بوون ڕەنگدانەوەی هەریەکە لە و میلۆدیانە بەسترابوو بە پەیوەستی گۆرانیبێژەکە بۆ ناوچەکەی، بۆ نمونە فۆلکلۆری ناوچەی سلێمانی لەلایەن هونەرمەند (شەماڵ حەمە تۆفیق)ەوە وترا، هەروەها گۆرانییە کەلهوڕییەکان لەلایەن هونەرمەند (بەرزان وەهاب) و فۆلکلۆری هەورامییەکەش لەلایەن هونەرمەند (ئەرجومەند هەورامی)یەوە پێشکەش کرا، لێرەوە دەردەکەوێ کە هەڵبژاردنی میلۆدییەکان و کەسی گونجاو بۆ چڕینی کارێکی باش بوو.

دەمەوێ باسەکەم لەدوو تەوەرەی سەرەکی بخەمە ڕوو:

## میوزیك

## گۆرانی

**میوزیك:** سەبارەت بە میوزیك وەك فۆڕم، دەتوانرێ بووترێ کە فۆڕمی میوزیکی لەم جۆرە بینراوە و بیستراوە لەناو بەشێك لە گرووپ و تیپە جیاجیاکانی کوردستان، جا دەکرێ لەئاستی زۆر بەرزەوە بیان بینین تا ئاستە بەرەو خوارەکانیش، واتە ئەم فۆرمە شتێکی تازە و کت و پڕ و داهێنراو نەبوون

کە هەڵبەتە ئەم دەستە گەنجە قسەی خۆیان و دەنگ ورەنگی خۆیان هەبوو، چونکە ویستی ئەم گەنجانە ئەوەیە کە بەم ئامێرە زیندووانە کارەکانیان میللی بەخش بێت واتە چۆنیەتی فۆرم و هەڵبژاردنی کارەکان لەویستی خۆیاندایە.. تەنانەت لەدووا پەڕەی دەلیلەکەیاندا کە ڕۆژانی نمایش بەناو جەماوەر بڵاویان دەکردەوە، ئەوە دیار و نووسراوە دەڵێن "لەم سەردەمە جەنجاڵە پڕ ئاشوبەدا کە میوزیکیش هەروەك هەموو سیماکانی تری هونەر کەوتۆتە بەر لێشاوی شێواندن و تەکنۆلۆژیا برستی بەمیوزیکی ڕاستەقینە بڕیوە، دەمانەوێ بۆ چەند ساتێك هەناسەیەکی پڕ لەحەوانەوە هەڵمژین بەدیار سۆز و ئاهاتەکانی گەرمیان و بادینان و هەورامان و کەلهوڕەوە، دەمانەوێ نەغمەیەکی نوێ بنێین بەشێوەیەکی ئەکادیمیانە بۆ گێڕانەوەی ئەو سۆزە ڕاستەقینەیەی کە خەریکە بەرەو شێوان و فەنابوون دەڕوات".

لێرەوە دەردەکەوێ کە کاردانەوەیەکی توند و ڕۆحی ئەم دروشمەی پێ نووسیون، (گەڕیان) دەیەوێ لەڕێگەی بە ئەکادیمیای ئامێرە میللییەکان بەربگرێت لەهەموو ئەو گوناهەی کە دەکرێ بەرامبەر گۆرانی میللی و فۆلکلۆری کە ڕۆژانە بەحەق و ناحەق بەساکارترین شێوە و پشت بەستن بەئامێرە ئەلکترۆنییەکان، فۆلکلۆر و گۆرانی میللی دەچڕن، کە ئەمە لەڕووی زانستی میوزیکەوە لەهەڵدێربوونو سەرلێشواندن زیاتر هیچی تر نیە، بەڵام دەبێت (گەڕیان) ئەو ڕاستییەش بزانێ، کەبەرگرتن لەم تەوژمە بەهەوڵی بەردەوام و

نووچنەدان لەبەردەم ئەو ناحاڵیانەی کە دەیانەوێ ڕۆژانە کفن بەباڵای هونەری فۆلکلۆری میللی بەشێوازە سەیر و سەمەرەکانیاندا بکەن.

هەوڵەکانی پێش (گەڕیان) دیسان لووت شکاندنی ئەو دەستە و تاقمە سەیرەی بەناوی فۆلکلۆرەوە هەراسانیانکردووین، بۆ نمونە دەمێکە کامگارەکان هەوڵەکانیان بەرز نرخێنراون و بەرز ڕاگیراون، هیوادارم (گەڕیان)یش بەر پرتە و بۆڵەی ناحەزی هونەری نەکەوێ، من دڵنیاتان دەکەمەوە ، ئەوەشی ڕووبەڕوو نایەوێ گوێ لەبەرهەمەکانتان بگرێ، شەوان بە حەسەدێکی هونەرییەوە گوێتان لێرادەگرن، دوور لەچاوانی خەڵك ئیتر ئەمە سروشتی بەشێکە لە خەڵك.

## ئامێرە میوزیکییە بەکارهاتووەکان لەناو ئەم گروپە

### ١- ئامێرە ئیقاعییەکان

(زەرب، دەف، دائیرە، دەهۆڵ)

بەڕاستی توانای ژەنین لەسەر ئەم ئامێرە بەکارهاتووانە، دەکرێ بووترێ شتێکی نایاب بوو، وات هەستدەکرد ئامێرێکی ئەلکترۆنی بەرمەجە کراون لەدیقەت و وریاییاندا، لەسەرکەوتن و دابەزیندا، لە لێدانی پیانۆ و فۆرتی لەهەموو جوڵە کت و پڕ و ناوەختەکان، ئەمانە گوڕ و تینی تیپەکە بوون و گوێگر بەئاسانی دەنگی ئامێرە ئیقاعییەکانی بۆ جیادەبۆوە، کە ئەمەش بریتیە

لە جوانی دابەشکردن، واتە هەر چوار ئامێرەکە لەیەك زەمەندا زرمەی نەبوو، بەڵکو هەر ئامێرێك کات و جێگاو لێدانی دیاریکراوی هەبوو، کە ئەم سیمایە زۆر بەکەمی لەناو گروپە میوزیکییە کوردییەکانی کوردستانی باشوردا هەیە. چونکە لەبەرهەمەکانی پێشترا کە گوێت لەیەکە ئیقاعییەکان دەبوو واتدەزانی هەموویان دەنگی ئامێرێکە، چونکە هەموویان لەیەك زەمەندا چی هەبووایە لێیان دەدا هەندێجار بە نووکتە دەووترێ (هەموو ئامێرەکان یەك شت لێدەدەن وەك برا).

شتێکی جوانی بەکارهێنراوی ئەم ئامێرانە لەکاتی دەرکەوتنی میلۆدییە سادەکان کە ئامێرێکی وەك باڵەبان بە صۆلۆ وەری دەگرت، هاوڕێیەکی جوان دەکرا لەلایەن (دەهۆڵ)ەوە کە زۆر زیرەکانە لێدەدرا واتدەزانی کە ئامێرێکی زۆر توانا بەخشتر لەدەهۆڵ دانیشتووە.

توانای تەکنیکی ئیقاعژەنەکان لێهاتووانە بوو، هەر ئەو کەسو ژەنرانەش بوون کە ساڵ و عەیامێك لە تیپە کوردییەکانی ئێرەدا بەکاردەهێنران.

ئا لێرەوە دەردەکەوێ کە توانای سەرپەرشتیاری ئەم گرووپە بۆ هەستکردن بەپێویستبوونی تەکنیك و پێدانی فرمانی گونجاو و ئەکادیمی شتێکی بەرز بوو.

خاڵە لاوازییەکانی بەکارهێنانی ئیقاع لەم چەند خاڵەدایە:

١- هەندێجار گۆرانە ئیقاعییەکان لەگۆرانییەکدا بەیەك ئامێر دەکرا، جا دەف بووایە یان زەرب، بۆ نمونە گۆرانێکی ئیقاعی لەڕیتمی ١٠/١٦ بۆ ڕیتمی

٨/٦ دەبینرا لە کۆتایی بارێکی ١٦/١٠ کە بە دەف لێدەدرا لەوکاتەی دەگۆڕا بۆ سەرەتایی بارێکی ٨/٦ گۆڕانەکە بەهەمان ئامێری دەف دەکرا. کە بەڕۆحی ڕیتمە گۆڕاوەکە ئەو گۆڕانە بکرایە، نالێم ئەمە لەڕووی زانستییەوە هەڵەیە بەڵام لەڕووی جوانکاری و فەنتازیاوە لاوازە و ناتوانێ موفاجەئات دروست بکات.

٢- هونەرمەند "کارزان مەحمود" زۆر جوانتر دەبوو کە وەك ئیقاع ژەنێکی بەردەوام دەربکەوتایە، نەوەکا هەر تەنها ببەسترایەتەوە بە ئامێری (تار)

٣- هەندێ طقسی (سروتی) تر لەمیلۆدییەکان دەبینرا دەکرا سەرپەرشتیار بگەڕایە بەشوێن یەکەی ئیقاعی تردا، بۆ نمونە لەگۆرانی هەورامییەکەدا، یەکەی ئیقاعی چەپڵە یەکەیەکی دیار و بەرچاوی ناوچەی هەورامانە، کە بەڕاستی یەکەیەکی پڕ فەنتازیا و جوانین کەچی وەك پێویست ئەمە لەبەرچاو نەگیرابوو. هەروەها لەهەندێ پارچەی ناو تەنها گۆرانییەك، ڕۆحێکی سۆفیانە دەبینراو دەبیسترا کە پێویستی بە هەندێ یەکەی ئیقاعی تر بوو کە گوزارشت لە و ڕۆحە سۆفیانە بکردایە، بۆ نمونە دەبوایە، دەنگی ئەڵقە و زنجیر و دوو تەپڵەو.. هتد بە کاربهێنرایە.. من نالێم بۆ سەرجەمی گۆرانییەکە بەڵکو دووبارەی دەکەمەوە دەڵێم بۆ هەندێ فاسیلی میوزیکی کە لەیەك گۆرانیدا چەندین ناوەخنی جوانی میوزیك هەبوو، کە دەکرا بەم کەرەسە و فۆرمانە زەخرەفە بکرایە.

## ٢- ئامێرە گڕەکان (دەنگ گڕەکان)

ئەوانیش ئامێرەکانی (عود، نەی، باڵەبان) تێکڕا دەنگە گڕەکان باڵانسێکی جوان بوون لەگەڵ دەنگە تیژە بەکارهاتووەکان، گومانم نییە کە ئەمانیش بە توانایەکی گەلێ جوان لێدەدران، هەمیشە ئەوەم وتووە کە (خوێ) چەند پێویستە و سەرەکییە بۆ دروستکردنی خواردنێك، ئاوەش ئامێری عود سەرەکییە بۆ بەخشینی دەنگی باص کە لەم بەرهەمەدا وابوو.

هەرچی باڵەبان بوو گەلێ صۆلۆی نایابی درابوویێ کە بەڕاستی ڕۆحێکی میللی و کوردەوارییانەی دابۆوە بەرهەمەکە و جارێکیتر ئەو ڕۆحە کوردییەی بووژانەوە ناو گەرووی هێڵە گشتییەکە..

ئەوەندەی ئاگادارم هونەرمەندی باڵەبان ژەن (کاروان مەحمود) کە خۆی هەستاوە بەدروستکردنی ئامێری باڵەبان و (باڵەبانی گڕ)یشی دروستکردووە کە ڕەنگە وەك ئامێرێکی (هاوڕێ — مصاحب) سەرپەرشتیاری گروپەکە زیرەکانە بۆ ئایندە زۆر سوودی لێ وەربگرێ، واتە مەرج نییە بەتەنها ئێمە باڵەبان وەك ئامێرێکی سۆلۆ بناسین.

هەرچی تایبەت بێت بە ئامێری (نەی) ئەگەر مەبەستمان (نەی فارسی) بێت ئەوا لەزۆربەی کارو بەرهەمە فارسییەکاندا ئەم ئامێرە زۆر بە جوانی بەکاربراوە، جارێ وەك صۆلۆ، جارێکیش لە پشتەوە ڕێبەرایەتی تیپێکی گەورەی کردووە،

بەڵام بەداخەوە لەم گروپەدا هیچ کام لەم دوو ئەرکەی پێ نەسپێررا بوو، بەڕای من واباشتر بوو بلویرێك یان شمشاڵێکی کوردیانە دابنرایە و ئەو بۆشاییە گەورەی ئامێرە فوودارەکانی پڕ بکردایەتەوە.

هەرچەند لە گروپێکی خاوەن ئەزموونی وەك گروپی کامگارەکان، هەمان کێشەی ئامێرە فوودارەکان هەیە سەرچاوەیەکم لەلایە کە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەم گروپە دەکەن لێیان دەپرسن، بۆچی ئامێری فوودار بە واتای (نەی، شمشاڵ.. هتد) لە کارەکانتانا نابینرێ و دیار نییە، لە وەڵامیاندا دەڵێن"خۆزگە باوك و دایکمان چەند منداڵێکی تریان دروست دەکرد تا یەکێکیان ئەو ئامێرانەی بژەنیایە".

لەمەوە دەردەکەوێ کە گروپی کامگاران ئەم کەم و کوڕی و بۆشاییان هەیە و خۆشیان هەستی پێدەکەن، بەڵام وا دیارە کامگاران تەنها بەبوونی براو خوشك و کچەزای خۆیان ڕازین و کەسی تر شك نەبن کاریان لەگەڵ بکات.

## ٣- ئامێرە نەقەرپییەکان

دەستەڵاتێکی گەورە و هارمۆنی بەخشیان درابوویێ، بەتوانایەکی بەرز دەژەنراو ئامێرەکانی (سەنتور و ساز و تار) کایەیەکی ئیستاتیکی جوان بوون بە ڕاستی ئەو ڕستانەی بۆ ئەم ئامێرانە نووسرابوو، تا ئێستا ڕستەی وا نەنووسراوە بۆیان و زۆر دڵخۆشکەرانە بە لێدانێکی زۆر قەشەنگ لێدەدران.. داخی گرانم سیستەمی دەنگی لەناو کۆنسێرتەکەدا زەرەرێکی هێجگار گەورەی لەم

ئامێرانەدا دابوو بەتایبەتی هەندێجار بە درەنگ (ساز و تار)م بۆ لەیەك جیا دەبۆوە، بەڵام من هەر دەمزانی کە کاری گەورەی خۆیان هەیە،

ئامێری سەنتور بریتی بوو لە ناوکی گروپەکە لە گرێدانی هەرە زۆری بەشەکان، ئەم ئامێرە بەشدارییەکی دروستی هەبوو.

## گۆرانی

بەڕاستی وای بۆ دەچم کە ئەرکی هەرە گەورەی ئەم کۆنسێرتە دەرخستن و توانای بەرزی تەکنیکی میوزیك بێت.. تا ڕادەیەکی باش ئەم ئەرك و توانایە دەرکەوت بەڵام لەبەرئەوەی کە ئێمەی گوێگر دەمانەوێت گوێ بیستی هەموو ئاستەکانی بەرهەمێك بین ، بەو هەموو ئاستە یان باشتر بڵێم بەو هەموو ڕەگەزانە لە میلۆدی و میوزیك و شیعر و چڕین ... هتد، زنجیرەیەکی بەدوایەکی بەرهەمێ دەخولقێنن، واتە هەر لەڕووی جوانی هەڵبژاردنی ئاواز و میلۆدی و ڕستەی گونجاو، شیعری بایەخدار و سەرنجراکێش و هەڵگری ناوەڕۆکێکی پڕ وشەی مانادار کە بەداخەوە ئەمە لەزۆربەی گۆرانی میللی و فۆلکلۆریەکانی ئێمەدا ئەم سیفەتەیان ون کردووە، توانای ئەداو بێژان و چڕینی چاك و گونجاو لەلایەن گۆرانیبێژ، دابەشکردنی میوزیك کە سەرەکیترین ڕەگەزە بۆ دروستکردنی بەرهەمێکی جوان، دەکرێ بە تێکڕا ئەمانە بەرهەمێکی سەرکەوتووی گۆرانیمان بداتێ.

سەد حەیف هەر کەموو کوڕییەك لەیەکێ لەم بەشە گرێدراوانە، دەبێتە هۆی تێکچوون و تێکدانی بەشەکانی تر.

لێرەدا مەبەستم نییە یەك یەك ئاستی گۆرانی بێژەکان لەڕووی توانای ئەدا و ڕووبەری دەنگیان و توانای ئەو چەشنە ئاوازە فۆلکلۆرییەی کە درابوونێ بەوردی دەستنیشان بکەم، بەڵام بەگشتی ئاستی دەنگەکان کەمتر بوون لە توانای بەشەکانی تر، گەرچی هەندێ دەنگی میللی خۆڕسکی تێدابوو وەك گەرووی هەردوو هونەرمەند (کاك مەحمود محەمەد، کاك ئازاد کەریم) کە تەنها پشت بەستوو بوون بەو سۆزە خۆڕسکەی کە لە گەروویانەوە دەچڕا لەگەڵ ئەوەی ئەمانیش کەم تەمرینی ڕۆژانەی دەنگیان پێوە دیاربوو، یەکێك لە هەرە گرفتە گەورەکانی گۆرانی بێژی ئێمە ئەوەیە، کە تەنها دەتوانێ لە چەند تۆنێکی دیاریکراوەوە گۆرانی بڵێ، تەنانەت پەیژەکانیان زۆر تەقلیدی و دیاریکراوە هەندێجار بەتۆنی قسەکردن دەچێ و لەو ئاستەدایە کە ئەمەش سنوور دادەنێ بۆ دابەشکەر و ئاوازدانەرەکان، وای لێ دێ کە هەرچی لەسنووری خەیاڵیاندا هەیە بیگۆڕن، دەشبێ ئەوە بزانرێ کە هەندێ میلۆدی ون دەکات و لەدەست دەدات، کەواتە لەنەتوانینی توانای دەنگی گۆرانی بێژێکەوە، بزانە چەند کێشەی گەورە دروست دەکات.

بەگشتی دەنگەکان، دەنگی میللی بوون.. ئەگەر بەردەوامی و خۆ دۆزینەوەیان لەبەرچاو بگرن لەگەڵ ئەم جۆرە تەکنیکانە ئەوا بەدڵنیاییەوە زۆر لەم ئاستەی ئێستایان چاکتر و دەتوانن دەنگی جدی تر بن.

بەڕاستی هەندێجار داواکانی ئێمە وەك خۆزگەی لێدێت چونکە دەشێ سەرپەرشتیاری گروپەکە ئاگاداری بەشێکی ئەم شتانە بێت، بەڵام دەستکەوتن و چنگکەوتنی وەك خەیاڵی لێهاتووە، بۆ نموونە خۆم لەگەڵ سەرپەرشتیاری گروپ قسەم کرد بۆ هەندێ لەتێبینیەکانم، ڕایگەیاندم بەهیچ جۆرێ لەدەستەڵات و ئیمکانیاتی ئەودا نەبووە..،

بەڵام وا ئێمە بەناچاری ڕەخنەی هەندێ لایەنی هونەری دەگرین هەر هیچ نەبێت لەئاییندەدا زۆربەی ئەو کەم و کوڕیانە با لەلایەن ئەوانەی پشتگیری ڕاستەقینەی هونەرن چارەسەر بکرێ.

دووای تەواو دەست خۆشیم لەسەر پەرشتیار و یەکە یەکەی بەشدارانی ئەم کۆنسێرتە، هیوادارم ئەو وتانەم لەئامێزی ڕەخنەیەکی جوان و دڵسۆزانەدا خۆی ببینێ.

ئەوەی لەسەر شانی ئێوە بوو بەجێتان هێناو ئەوەی لەدەستانا بوو درێغی لێنەکرا، ئەوەشی لە توانای ئێوە بەدەر بوو دوو بەشە یەکێکیان لە توانای ئێوە و خۆتانەوە جێبەجێ دەکرێ بەجوانتر لە ئاییندەدا بەشێکی تری لەلای ئەو دڵسۆزانەیە کە دەیانەوێ بەجدی خزمەتی ئێوە و هەموو هونەرێکی جوان دەکەن.

ئەو دڵسۆزانەش لەگەورەترین کاربەدەست و توانا بەدەست تا ئەوەی بەجوانی گوێتان لێدەگرێ..

لەهەموو کەموو کوڕییەکی بەدی کراوی نووسینەکەم ببورن، هەڵبەتە توانای خۆم و دەرفەتم بۆ ئەم باسە ئەوەندە بیری پێ بەخشیم.

## لەپەراوێزی گفتوگۆکانی بەرنامەی (ڕاورایەڵ) چەند سەرنجێك

ئەوەی هانیدام بۆ نووسینی ئەم بابەتە، ئەو کۆمیدیایەی بەناوی خەمخواردن بۆ هونەر و هونەرمەندان، لەڕێگای بەرنامە ناوەخت و تایبەتییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان، پێکەنینێکی پڕ قەهر، پێکەنینێکی سوێر، تاڵاو بەکارەساتەکان، بێدەنگییەکانت دەلەرزێنێت و دەتهێنێتە بەردەم میحرابی هاوار. زۆرجار بێدەنگی جوانترین چەکی بەرگری بووە. هەندێجاریش ترسنۆکی بووە، جا هەر ئەو کاتەی کە زانیومە سەرچاوەی بێدەنگییەکەم ترسە، ڕاپەڕیوم. بێگوێدانە ئەوەی چ دەسەڵاتێ لەبەرامبەرمدا وەستاوە ، یان بەرامبەر بۆ وا دەکەن؟!

بەر لەڕوونکردنەوەی ڕاکانی خۆم، باشترە کۆمەڵێك پرسیار بخەمە بەر دیدی ئازیزانم لەبەرنامەی (ڕاورایەڵ) کە لەدوو بەرنامەی خۆیدا لەکەناڵی ئاسمانی (کوردسات)دا بابەتێکیان تاووتوێ کرد لەسەر (بەرهەمی هونەرمەندان و کۆپی کردن و ماف و بوونی کۆمپانیا.. تاد.)

پرسیار:

١-بەسەر تۆپەڵێك لەكێشەی هونەری جیاواز و گەورە و مەترسی بۆ باز درا بەسەر هەمووی و نیشتنەوە بەسەر دیاردەیەكەوە كە دەرئەنجامی بوونی هەموو كێشەكانی ترە؟

٢-دوای تەواو كردنی (٢) بەرنامە بەچی گەیشتن؟!

٣-ئایا ئامانج گەڕانەوەی مافە بۆ هونەرمەندان؟! لەكاتێكدا هونەرمەند خۆی لەپەراوێزی هەموو ڕووداوەكاندایە، هەر خۆشی ڕەگەزێكی چالاكە بۆ دروستبوونی ئەم بێ مافییە.

٤-بۆ بەرنامەی ڕاستەوخۆ؟! بۆ ئەوەی كۆی خەڵكی پێویست بەیەكسانی قسەبكات؟!

٥-ئایا هەست ناكرێت تەنها بەرنامەیەك بوو بۆ پڕكردنەوەی كاتی كەناڵێك؟ بۆ دەبێت هەموو پڕكردنەوەیەكیش لەسەر حسابی چاڵە گەورەكانی تر بێت؟!

٦-ئایا پێشكەشكەر و ئامادەكاری بەرنامە چەند پرس و ڕای لەدەرەوەی میوانانی ستۆدیۆ وەرگرتبوو؟

٧-ئایا تەنها یەك كەسی نێو (خەتاكارانی) بازاڕی هونەری (وەك بەرنامەكە پێیوایە و بۆی دەچێت)، بانگهێشت كرابوون تا قسە بكەن یان دیفاع لەخۆیان بكەن؟ خۆ تاوانبار لەدادگاشدا بێت حەقی بەرگری كردنی هەیە.

٨-باشە گەر وامان دانا (١) كەس لەم كوردستانە كۆپی نەكرد، چی بەسەر

هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی دێت؟

٩-ئایا خودی ئەم بەرنامەیە بۆخۆی (بەیان) کردنی کێشەیەکی تری دنیای هونەریی نییە؟

لەسەر ئەو وتەیە پێدادەگرم کە دەڵێت (چاکی مەکە با خراپ نەبێت). ئەگینا بەرنامەیەك نەك هەر عاتیفەی بازاڕی نەجولاند بۆ بەخۆداچوونەوە و کەمکردنەوەی دیاردەکە، بەڵکو بازاڕی تورەتر کرد و پەرچەکرداری زیاتری بۆ خولڤاندن، ئاخر ئەوان بە تەڕو وشکەوە لەم بەرنامەیەدا سوتێنران، هەر کامێکتان دوو دێڕ وشەتان بۆ دەستەبەر نەکرایە، ڕاستەوخۆ تەوهینتان بە بازاڕەکە دەکرد، بێئەوەی بزانن بازاڕی هونەریی ئێمە بۆ لەخۆیەوە گڕی گرتووە؟ ئاخر ڕاستەوخۆ خەتای بازاڕە؟ یان بە کۆمەڵە فاکتەرێك بازاڕێکی شێواو دروست بووە، ئەوانەی کە بەشداربووان بەتەنها خاڵێك بەلایدا نەچوون. هەمیشە کە کارێك دەخولڤێنیت، پێویستە بزانیت بەرەو کوێ ئاڕاستەی دەکەیت و بەرکوێ دەکەویت، یەکێك لە هەرە زەقترین و تەقلیدیترین چارەسەرکردن بۆ دەردێك پاش کەڵەکەبوون و سواغبوونی گرفتەکانە، وەك نەخۆشێکی سەرەمەرگە کە حەبێکی پاراسیتۆڵ نابێتە شیفای، زۆر بەدەگمەن بەرنامە و نەخشەی پڕۆگرامەکان بەو چەشنەن کە لەساتەوەختیدا ئاڕاستەیەك بن بۆ بەرگرتن و کەمکردنەوەی کێشە هەنووکەیی و سەرەتاکان، لەوەش دەچێت ئەمەندە خوازیار و کڕیاری (موشکیلە) بین، تا بازاڕی قسەکردنمان گەرم بکەین.

ئەوەی جێی تێڕامانی ئەم کەناڵە کوردییە جوانەیە، ئەوەندەی خوازیاری دروستکردنی (بەرنامە)یە، ئەوەندە گرنگ نییە لایان لەو بەرنامە چیدەکرێت، ئەم بەرنامانەش ئەوەندە سەفەری و پایزەن، تا خۆت دەکەیتە هاوڕێ و کات و ساتی پەخشی ڕۆژی دابەزینی ئەو بەرنامانە، دەبینی بەرنامەکە وەستاوە یان لابراوە، ئەمەش جۆرێکی تری بێ بەرنامەییە بۆ داڕشتنی بەرنامە تۆکمە و بەپێزەکان. لەزۆربەی ئەم بەرنامانە مۆدێلێك هەیە بۆ گفتوگۆ، پێمانوایە گەر لەم ستایلە چوینە دەرێ، ئیتر فەزایەکی تر نییە بۆ قسەکردن.

هەمیشە پێشکەشکەرێك و میوانانی قسەکەر بەچوار دەوریدا لەنێو ستۆدیۆیەکی دیکۆر تەقلیدی، بەوەی ئیتر کە ستۆدیۆ نەبوو زەحمەتە وتووێژ لە جێگایەکی تردا ساز بکرێت، زۆربەی میکانیزمی کارەکانمان لەتەنێکی وەستاو دەکات، هەست بەجووڵە ناکەیت.. تۆ بڕوانە لەخراپترین بەرنامەی کەناڵە عەرەبییەکانی وەك (MBC&LBC) چەند گرنگی بەبەشداریی خەڵك دراوە، گرنگیدان بەجووڵە و نەوەستان، خۆنەبەستنەوە بەجێگایەکی دیاریکراو، گرنگی بەموفاجەئات و شتە ساتەوەخت و کتوپڕەکان. لەم دوو بەرنامەیەدا جگە لەمیوانە بانگێهێشتکراوەکان، نەمانبینی ئامادەکار و پێشکەشکەری بەرنامە و چەند میوانێك لەو میوانانەی کە پڕبوون لەگلەیی، ڕاستەوخۆ ڕوو بکەنە جێگای خەتاکاران، باشە خۆ ئەمە بەرنامەیەکی مەیدانی دەویست، دەبوو خەڵکانێکی زیاتر بەشداریی پێبکرایە بۆ وەرگرتنی ڕا جۆراو جۆرەکان، لەوانە بوو دەیان (ڕا)

بهاتبایە و بووترایە: (دیاردەیەکی زۆر سروشتییە و پێویست بەو سەغڵەتیە ناکات)، ئێ خۆ ئەمەش ڕایە دەبێت ڕێزی لێبگیرێت، بەو پێیەی کە ئەمە بچوکترین حەقی دیموکراتییە.

ڕای ئەو کۆمەڵە خەڵکە کە بەرنامەکە بەسەرچاوەی گرفت و کێشەکەی دەزانێ گرنگتربوو لەرای پیاوێکی ئەفسەر کە کرابووە یەکێك لەمیوانانی بەرنامە، کە تا ئێستا بێئاگایە لەبوونی دوو دامەزراوەی گەورەی دەوڵەمەند بەژمارەی هونەرمەند، وەك (یەکێتی هونەرمەندان)، ئەوەندە بێئاگایە دەڵێت: (پێویستە هونەرمەندان سەندیکای خۆیان هەبێت)، ناحەقی نییە ئەمە یان لەبێئاگاییەکی تەواوەوەیە، یان ئەوەتا تەوهین کردنە بەدوو موئەسەسەی گەورە کە دەیان ساڵە داماوە خەریکی مەعاش پێدانن بە هونەرمەند.

هەندێکجار چاوی کامێرا بۆ دەرخستنی شاراوەکان یان دیاردەکان خۆی بەتەنها گەورەترین ئاماژەن و چاکتر و جوانترن لەقسەی ڕووت، خۆ دەکرا زوومی یەك دوو کامێرا بخرایەتە سەر جام و شووشەی ئەو دوکان و سەنتەر و شوێنە تایبەتیانەی بەکاردەهێنرێن بۆ فرۆشتنی (CD) و بەرهەمە هونەرییەکان، تا بتانزانیایە چۆنییەتی بازرگانییەکەی ئەوان چۆنە کە ئێوەی هیلاك کردووە بۆ بەرنامەیەکی وەها.

من ئەوەندە دەزانم کە ئەگەر گۆرانی و میوزیکی کوردی نغرۆی دەیان کێشە و گرفتی زەبەلاح بن،ئەوا ئەو دیاردەیەی بەردەمتان (ماك) کەیەتی، تۆ تەماشا

بکە ئەوەندە زۆرین بە هونەرمەند، ئەوەندە کەمین بە هونەر، چەند زۆرین بۆ قسە، هێندە ونین لەبەرهەمی جوان، ئەوەندەی سەرقاڵین بۆ کارەکانی دنیا، ئەوەندە بێ مەجالین بۆ هونەرکردن، دەی حەقی چی بۆ بەناو (هونەرمەند) وەربگرینەوە؟ جارێ با خۆمان تۆزێك جوان بکەین پاشان داوا بکەین بازاڕ جوان بێت، نازانم بە چ ڕوویەك هەندێك هونەرمەند داوای ماف دەکەن؟ پاشان ئەم داوایە لە کێ؟بەڕای من حەقە هەندێك هونەرمەند بەهۆی خراپی بەرهەمەکەی و تێکدانی زەوقی وەرگر و چێژی جوانی هونەر سزای مادی بدرێت، نەوەك خەڵات بکرێت! ئەمەش ڕایەکی هێجگار تایبەتی خۆمە و خۆشم لێی بەرپرسم. یەکسەر دەنگم دەخەمە پاڵ دەنگی برای ئازیزم هونەرمەند کاك (ناسری ڕەزازی) کە لەبەرنامەکەدا وتی " کەوترا کۆمپانیا پێویستە هەموو ئەرکی خەرجی و تۆمارکردن و پاشان بڵاوکردنەوەی بگرێتە ئەستۆ".

بەڵام لای ئەم کۆمپانیا تاقانەی کوردستان، ئەو کات دەزانیت تۆ هەیت و وجودی هونەریت هەیە کە تەواو کارەکانت تۆمارکردووە، بەڵام ئەوان تەواوی کارەکەت لێ دەسێنن، بۆیە وەزیفەی ئەم کۆمپانیایە بەرهەم هێنان نییە، بەڵکو بەرهەم کڕین و فرۆشتنە.

ئازیزانم بەپیشەبوونی گۆرانی و مۆسیقا تەنها لە ڕێگای کەناڵی (CD) فرۆشتن و کۆپی کردنەوە نابێت.. تۆ ناتوانیت بەکەمترین کەرەستەی هونەرییەوە رکەبەرایەتی بکەی، بەڵکو کۆمەڵێك زنجیرە و تەسەلسولی لۆجیکیت دەوێت بۆ

دروستبوونی ئەو بازاڕە، تۆ ناکرێت چوارچێوەی بازاڕی شارێکی وەك هەولێر یان سلێمانی بەتەنها بەبازاڕێکی گەورە و فراوان بزانیت و ناوبەریت، بڵاوبونەوەی (CD)ی هونەرمەندێکی عەرەب، مانای بڵاوبونەوەیەتی بەسەرجەم وڵاتە عەرەب نشینەکان و تەنانەت بەشێکی گەورەی جیهانیش، کەچی بەرهەمێکی گۆرانی شێوە زاری سلێمانی زۆر زەحمەت لە هەورامان و موکریان و بادینان قووت دەچێت و بەپێچەوانەشەوە، لێرەوە دابەشبوونی زمان بەدیالێکتە جیاجیاکان هۆکارێکی کوشندەی تری بیَ بازاڕی بەرهەمە کوردییەکانە، لەو گۆشە نیگایەوە کەپشکی سەرەکی لای گوێگرانی کوردە شیعرە، هەمیشە ئەو قسە باوە دێتەوە خەیاڵ کە دەوترێت " کە لەو شیعرە تێنەگەم چی لەو گۆرانییە بکەم" کە ڕەنگە ئەم لۆجیکەش دەردێکی کوشندەی تر بێت.

## ڕۆشنبیریی پێویستە بۆ هونەرمەند؟

ئایا بەڕاستی ڕۆشنبیریی پێویستە بۆ هونەرمەند؟ ئایا پاش وەدەستهێنانی ڕۆشنبیرییەکی باش، چ شتێك لەسەر هونەرمەندە بیکات یان باشتر بوترێت چ ئەنجامێکی باشی لیَ وەردەگرێت؟ تۆ بڵێی فەرهەنگبوونی باشی هونەرمەندێك و فێربوونی زانستەکان و تۆکمەبوونی لە ئاستەکانی ژیاریی و ڕۆشنبیریی تەنها بۆ

ئەوە بێت لە چاوپێکەوتنێکدا ئامۆژگاری بکات؟ ئایا ئەمە بریتی نییە لەتەسکردنەوەی ڕووبەری ڕۆشنبیری و پاشخانەکەی لەلای کەسی بەکاربەر؟

گرنتی ئەوە چییە کە ئەگەر ئێمە داوامان رۆشنبیرییەکی باش نەبوو بۆ هونەرمەندێك، کارەکانی جوان و سەرنجراکێش و جێی متمانە و پڕ داهێنان بێت؟؟

ئایا ڕەنگە ئەوەی هەیە کە بە کەمترین زانیاری و ڕۆشنبیری تۆ لەم سەردەمەدا بتوانیت ئاستەکانی هونەری ناوچەکەی خۆت و گەلانی دراوسێ و دنیا ببڕیت؟

بەشێك لە هونەرمەندان پێیان وایە لەسەر هونەرمەند پێدانی هونەرێکی جوانە ئیتر ئەم ڕۆشنبیرییە بۆ قسەی زل چ پێویستە، تۆ بڵێی ئەمە وا بێت؟

دیسان هەمان ڕا پێمان دەڵێت، چ پێویستە لە چاوپێکەوتنەکانماندا زۆر ورد بینەوە لە قسەکردن و ڕاڤەو شیکاری وردی مەسەلە هونەرییەکان ، بەڵکو با ئەرکەکانمان تەنها پێشکەشکردنی بەرهەمێکی پوخت و جوان و سەرنجراکێش بێت ، هەروەها لەم جۆرە بۆچونانەدا ئەرکی هونەرمەند بچوکتر دەکرێتەوە بۆ بچوکتر لەو بارە قەتیسماوەی کە خۆی تێیدایە، بۆ نمونە وتراو دەوترێ لەسەرمان نییە وتار نووسێکی باش بین، یان ڕۆشنبیرێکی باش بین و خود فەرهەنگیمان دەوڵەمەند بێت، بەڵکو ئێمە دەبێت تەنها سەرقاڵی ئیشەکەی خۆمان بین ئەویش کە خودی هونەرەکەیە.

ئەم ڕایانە وام لێدەکات کە بێدەنگ نەبەم و گەر بەدوودا چونی بۆ نەکەین ئەوا مەترسیی خۆی دەبێت بە تایبەت لەو کاتانەی کە هونەرمەندێك لە چاوپێکەوتنێکدا بیوروژێنێت.

هاوڕێ و هونەرمەندی زۆر نزیك لێم و ئاشنا بە ڕۆحم کاك (ماهیر حەمەد ئەمین) ی گۆرانیبێژ کە پێویستی بە ڕیکلام و پیاهەڵدانی من نییە و کەسێکی دیارو چالاکی هونەری گۆرانیی و میوزیکی کوردییە، لە چاوپێکەوتنێکی تایبەتی هونەریی کەناڵی کوردساتی ئازیز و لە بەرنامەیەکی جواندا بەرنامەی (سۆز) لە شەوی نەورۆزی ٢٠٠٨ پێشکەشکرا، خۆم بەر لە دابەزینی ئەم بەرنامەیە و تەنانەت سازکردنیشی لێی بە ئاگا بووم و هەمیشە من و ماهیر لە زۆربەی ئیشەکانی خۆماندا یەکتر ئاگادار دەکەینەوە.

سەرجەمی بەرنامەکە وەك زۆرینەی بەرنامەکانی تر جوان و پاك و پوخت بوو هەر لە پێشکەشکردن و ڕووناکی و ئامادەکردن و دیکۆرو وێنەگرتن و مۆنتاژ و دەرهێنان کە بەڕاستی لەو کاتەی ئازیزم کاك (ئامانج کەمال)ی دەرهێنەر و کۆمەڵێکی زۆر لە هاوکارانی ئەم بەرنامانەیان لە ئەستۆ گرتووە، زۆرینەی بەرنامەکانی ئەم کەناڵە ئازیزە بە چەندین هەنگاو پێش کەناڵە ئاسمانییەکانی تر کەوتووە.

لەم بەرنامەیەدا چەندین پرسیار تاوتوێ کرا و زۆرینەی ڕای تایبەتی هونەرمەندەکەی نیشاندا، دەستخۆشی لە کۆی پرسیار و وەڵامەکان بۆ

بابەتگەلێكی وەها، بەلاّم لەوكاتەی كە ئێمە و دەیان هونەرمەندی تر و سەدان بەهرەمەند و هەزاران گوێگر و بینەر بوینە تەماشاكەر و گویَ قولاّغی پرسیار و وەلاّمەكان، لەو دەمەدا دەیان هەزار گوێیتر متمانەی خۆی دا بە كەسی وەلاّمدەر..

ڕەنگە ئەو وەلاّمە و وەلاّمەكانی تریشی بكرێتە ستاندەر و شتێكی چەسپاو لای هەندێك بە تایبەت ئەوانەی كە هێشتا گەنج و خولیای هاتنە ناوەوەی دنیای هونەرن.

من وەك خۆم و زۆری تریش توشی شۆك بوین لەو دەمەی پرسیاری ئەوە لە ماهیر كرا" ئایا ڕۆشنبیری بۆ هونەرمەند پێویستە؟"

لە ئەنجامی وەلاّمەكانی ماهیر، بیسەر و بینەر لەوەلاّمەكەی وەهاگەیشتن كە ڕۆشنبیری و وتارنووسین و فەلسەفەلێدان و شیكاركردنی ورد، كاری هونەرمەند نییە و بەڵكو فەرمووی هونەرمەند لەسەریەتی تەنها بەرهەمێك(گۆرانی)یەكی جوان پێشكەش بكات، تەنانەت دواجاریش گلەییی لە خۆشی كرد كە زۆر قووڵ بۆتەوە لە وەلاّمێكی تێرو تەسەلو وەلاّمەكانی ورد كردۆتەوە.

من وەك خۆم ئومێدمە هەموو خوێنەر وەك من ماهیر بناسن كەبەڕاستی كەسێكی ڕۆشنبیرە بەلایەنی كەم لە بوارەكەی خۆی كە هونەری گۆرانیی و میوزیكە، دەشتوانم ڕاشكاوانە بڵێم بەشێك لە هۆكاری سەركەوتنی ماهیر بە گشتی لەناو هونەری كوردی لە كوردستان و شاری هەولێری خۆشەویست بە

تایبەت ئەویش ڕۆشنبیربوونەکەیەتی و بەمەش جەماوەر دەتوانێت ماهیر لە هاوەڵ و هاوکار و هاوپیشەکانی خۆی لە شارەکەی خۆی و کوردستان جیا بکاتەوە.

کەواتە لێرەوە (ڕۆشنبیری)ی بوونی هونەرمەند بۆ تێگەیشتی ڕەهەندەکانی هونەرە، بۆ جیاکردنەوەی سیما ون و تاریك و ئاڵۆزەکانی هونەرە، بۆ کەشفکردنی سیحری هونەرە، بۆ یاریکردنی مەعریفی هونەرمەندە لەگەڵ یەکە پێشکەوتووەکانی سەردەم، بۆ ناسینەوەی باش لە خراپ و هێشتنەوەو قبوڵ ڕەفزکردنی نەشیاوو شیاو، بۆ ئەوەی بتوانی لەکەمترین ساتدا هۆش بکەیتە میوانی قەسیدێکی جوان قەسیدێك کە (ماهیر) ناوەڕۆکەکەی لا مەبەستە وەك لە چاوپێکەوتنەکەدا ئاماژەی پێکرد، دەنا قورسە تۆ بە کەمترین مەعریفە و کەرەسەی ڕۆشنبیری زۆرانبازی لەگەڵ شاخە تیژەکانە شیعر و فۆرم و ناوەڕۆك بکەیت.

ڕۆشنبیریبوون ناتکاتە وتاربێژ، ئەوەندەی دەتکاتە چێژوەرگرێگی بەرز، ناتکاتە فەیلەسوف ئەوەندە ئارامترت دەکا بۆ ساتی ڕۆچونت بە نێو پەنهانەکانی ڕۆحی ئەم و ئەو خۆت و نەتەوە، ئەو دەمەی ئاوازێك دروست دەکەیت یان بە لایەنی کەم دەیانچڕیت.

مەعریفە و چەكی ڕۆشنبیری گەر بۆ ئامۆژگاری و وەعزدانانیش نەبێت ، ڕەنگە بۆ ئەوە بێت لێوە سودمەند بیت كە بە گوڵ و لاسكی جوان پەرژینێك دروست بكەیت جیای كاتەوە لە دڕك و داڵ قەڵس و خاشاك.

مادام تۆ كوڕی هونەرێكی بەرزی، كەواتە ڕۆشنبیربوون لە پشتتەوە هەرگیز تاریك نییەو سەركەشە، مادام تۆ گوڵبژێری تێكستە جوانەكانی، كەواتە مەعریفە جڵەوی كردویت، مادام سۆزێكی جوان و پاك لە گەروتدا هەڵدەقوڵێ ئەوە نیشانە بوونی دەیان كانی و چاوگی پاكی خوێندەوارییە.

لە پشت هەموو ئەم ڕۆشنبیرییەیە، دەنگێ سەركەش جوداو جودا ترە، كەواتە هیچ كات دەنگێگ بە جوانی بەردەوام نابێت گەر وشیاری و زیرەك لە پشت نەبێت، بۆ ئەمەش ڕۆشنبیری فاكتەرێكی گەورەیە.

## گۆرانییە ژیاندۆستەكان

هەندێكجار وا تێدەفكرم كە لە پشت گۆرانییەكی ماتەم و لەسەرخۆو هێواش و دڵتەنگدا، بەهێندەی خەمدۆستی ئەوەندەش ژیاندۆستی هەیە..

هەندێكجار ئەو گۆرانیانە گەڕانەوەیە بۆ ئەو سۆزەی لێمان ونبووە، بۆ ئەو ژیانەی لە كیسمان چووە، بۆ حەسرەتێك و بۆ ئاهێك، هەموو ئەمانە دیسان نیشانەی ویستبوونی ئەو دەمەیە، یان ئەو ساتەیە كە دەبوو ژیان وەها نەبوایە،

ژیان وەها تاریك نەكرایە، ناخۆشی تۆوی نەڕشتایە بۆ كێڵگەی ژیان و فرمێسكەكان زۆرینەی كاتەكانی چاومان خەسار نەكردایە بەئەندازی بزەو پێكەنین و قاقاو خۆشبەختی و سادەیی و ساكاری و ڕووماڵكردنی ژیان بە مانایەك كە كەمتربێت لەو ئاڵۆزییەی هەیە.

گۆرانی پەرچەكرداری ڕۆحە، ڕۆح بریندار بێت ئەوا گۆرانی زامی لێدەچۆڕێت، مەرجیش نییە تەنها ڕۆحی گۆرانیبێژ سواغ درا بێت بەحوزنێك بۆ ئەوەی سترانگەلێكی وەها بێتە بەرهەم، نا هەرگیز..

زۆرجار شیوەنو حەسرەتێكی بەكۆمەڵە وا دەكات كە ناخ و گەرووی شمشاڵی هونەرمەندێك بخاتە فیغان ، زریكە و هاواری گەرمی پەنجەی میوزیكژەنێكە یان گەرووی دەنگی سترانخوانێكە بالاٌترە لە هاوارە بە كۆمەڵەكان یان باشتر بڵێین نوێنەری ئەو هاوارە بە كۆمەڵەن.

ئەو دەمەی دەگەڕێنەوە بۆ سۆزێكی ونبوو لە گۆرانییەكدا ، لای من وا دەكەوێتەوە كە ئینسان لەو گۆرانییەدا تینوی سۆزە، یان ئەو دەمەی كە گۆرانیبێژێك دەكروزێتەوەو دەڵێت" گیانە بەسیەتی ، توخوا بەسیەتی، دەردو مەینەتی..... تا دوایی" لەپشت ئەمەوە دنیایەك دەبینرێت گەرچی دەرد و مەینەتییە بەلاٌم ویستی بۆ نەبوونی ئەو دەردە زۆر دیارترە، ژیاندۆستییەك دەبینرێت بەلاٌم بە وێنەیەكی شاراو ، هەر ئەوە ئەجەلیشە قولاپی گیركردوە لە

جەستەی ، کە هەرگیز ئەم وەهای نەدەویست ، بەڵکو ئەم دەیویست کلکی ژیان بگرێت و ڕامی بکات و بیدا بە زەویدا.

ئەودەمەی ئازازو زریکەیەك لە نیشتمان هەڵدەستێت، دەبێت چ دەهۆڵێك بکوترێ بۆ سەرچۆپی؟ چ دەنگێك واجبە بمانخاتە کەمەر جولآن؟ چ کلێپێکی ڕووتو بێ مانای وەك ئەوانەی لەم سەردەمی عەولەمەیەدا ئیدیعایە و بەربلاوە، گوزارشتە لەو زریکەیە؟؟

ئەودەمەی خودی ئینسان لەم ناوچەیەدا بێ بەها و کەوتووە، ئیتر بۆ ئێرە ناو نەبرێت بە" مەزادخانەی عەشق و دەلاڵ خانەی ئازادی"؟؟

ئەی ئەزیزانم ئەم دێرە چۆن بە ئاواز بکەین؟؟ لەسەر کێشی ((لەرزان لەرزان))؟؟ یان بە هەوای(( سویلە بالآ بەرز هەستە و بەیانە، دەم لە ناوی دەم))؟؟

هەرگیز ئەو سەرکردەیەم بیر ناچێتەوە کە فەرموو بووی "ئەم برادەرە (( برادەر ، واتە من)) ئەو باوکە ڕۆیەی لە چییە"؟؟

گەورەیەکی ترمان وتبوی" ئەم هەموو خوێنە چییە لە کلیپەکانی ئەودا (( ئەو، واتە من))"؟؟

بەلآم دەبێت بلێمەوە (تا دێ خاکم خۆشتر ئەوێ چونکە وڵات لە دڵمایە)، با عەزیەتیشی دابم ، ( بەلآم چیبکەم خۆشم ئەوێن لە تاریکما هەتاون)

چەند حەیفە ڕۆژانە سەما بەم نیشتمانە دەکرێت، کەچی هێشتا ئێمە

لەسەرچۆپیدا قارەمانین، بێئەوەی بزانین خۆشمان بوینەتەوە بەو تەنەی کە هەڵماندەپەڕێنن و لە پەرچەکرداری ئەوەشدا بە گۆرانییەکانمان خەڵك هەڵدەپەڕێنین.

ئەمانە نە ژیاندۆستییە نە جوان ویستیشە، ئەمە تەنها (فیێ)یەکە ئینسان لێی دێت و حاڵی نابێت، ئەوەندەی بەتاڵبوونەوەی بارگەیەکە کە ڕەنگە ئەوەش پێداویستییەك بێت.

## لە فلۆچەوە بۆ تەنوور

بە دنیای هونەری گۆرانی و میوزیکی کوردی ئەم دوو زاراوەیە یان باشترە بڵێم ئەم دوو ئیدیەمە ئاشنایە، دەبوو ئێمە لە بری ئەم ئیدیەمانە کە گوزارشتن بۆ بارێکی ناتەندروست، کۆمەڵێك زاراوەی زانستی و کۆمەڵێك گۆڕانکاری ڕیشەیمان لە ناونانی شتەکان و یەکە گرنگەکانە هونەری گۆرانی و میوزیك بکردایە بەڵام وەك دەوترێ لە زەمینەیەکدا کە هەموو کایەك دەکەوێتە تەنگەژە، ئەوا بێ سێ و دوو چەندین دەرهاویشتەی خراپی لێدەکەوێتەوە و قیت دەبنەوە.

تەنوور داخستن لە دنیای هونەری گۆرانی میوزیکی کوردی درکەیە بۆ سەرپێی ئیشێکی هونەریی کە خۆماندوو کردنی تێدا نییە و لای بەکاربەرانی گرنگ نییە چۆن دەبێت و چۆن دەکەوێتەوە، ئەوەندە لێی بێ خەمن کە خۆیان

پێکەنینیان بە جۆری کارەکە دێ و هەرگیز لە ڕەخنەگرتنی سڵ ناکەنەوە، چونکە بە یەك وەڵامی سادە و ساکار پێت دەڵێن "کاکە ئیشەکە فلچەیە، یان دەوترێ تەنوورە" هەندێکجار (شیش کەباب)یشی پێ دەوترێ ، دیارە هۆکاری ئەم ناونانە سەرجەمی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە کارەکە بە ئەندازەیەك ئاسان دەکرێتەوە و خۆماندووکردنی تێدا نابینرێتەوە وەك فلچە هاویشتنێکە بە لا دیوارێکدا یان ئەوەندەی شیش کەبابێك کە بۆ کەبابچیەك چەند ئاسانە ، هەرچی ئیدیمی تەنوورە، بە مانای لە پشت ئەو کارە هونەرییە و ڕەنگ بێت چەندین کەس چەندان کاری هونەریی سەرپێی لە یەك کاتدا بە ڕێ بکەن و بێ ماندوبونێکی زانستی و هەوڵێکی جدی، پارەیەکی باشیشی پێ وەربگیرێت، بۆیە بەخۆیان دەڵێن، ئەم تەنوورەشمان داخست.

هۆکارەکانی دروستبوونی ناونانی ئەم ئیدیەمە باس ناکەم ، بەڵام مەبەستمە هۆکاری ئەو بارو دۆخە هونەرییە دەرخەم کە ئەو ئیدیەمەی تێدا دروست دەبێ.

## کات:

زۆرجار مەودای پرۆڤە کردنی بەرنامەکان زۆر کەمە و هۆکاری خۆی لە پشتە، وەك باری ئابوری، نەبوونی کادیر و کەسی پرۆفیشناڵ بۆ هەڵسوڕانی یەکەکانی ئەو پرۆگرامە یان ئەو کۆنسێرتە یان ئەو شتەی کە دەیانەوێت بکرێ، کەمی کات هەمیشە بیانویەك بووە بۆ خێرا هەڵسوڕانی ئیشەکان ، بێگومان

هەر ئەم ئەنجامانەشی لێدەکەوێتەوە. پرسیار ئەوەیە لەو هەموو کاتە بەتاڵانە، بۆ هەمیشە قەیرانی کاتمان هەیە؟

ئەمە لە لایەك لە لایەکی تریشەوە بەگشتی کاتی هونەرمەندانیش دابەشبووە بەسەر زۆری ئیشەکان و بارگرانیان و سەرقاڵیان بە زۆر بواری تر و هەندێکجار لە یەك کاتدا ئەنجامدانی دوو پرۆگرامی هونەریی، کە ئەمانە هەمووی لە توانا و مەزاجی کەسەکە دەبات و لە ئەنجامدا بەرهەمە هونەرییەکە دەبێتە قوربانی.

## نەزانین:

کوشندەترین فاکتەرە ، کە بەداخەوە بواری گۆرانی و میوزیکی کوردی زۆر لەم چەشنەی لە خۆ گرتووە بە تایبەت بواری گۆرانی، داخەکەش ئەوەیە کە تێگەیشتنەکەمان بۆ ئەم لقە ئەوەندەیە گەر کەسێك هیچی نەزانی یەکسەر دەیەوێت بێتە ئەم بوارەوە، کە تەواو پێچەوانەیەی ئەم حاڵەتەیە بەڵکو ئەم جیهانە هەمیشە دنیایەکی جوان و دەوڵەمەندی پێویستە کە بەردەوام ڕەنج و هەوڵی زانایانەی دەوێت.

لە پشت هۆکاری نەزانینیش هەمیشە چێژی هونەری کز دەبێت و باش ئامادە نابێت، هەمیشە کەسی نەزان کەمترین ڕای دەبێت لەسەر میکانیزمی بەرهەمەکە و هیچ کات لەوە تێناگات چ شتێکی باشی بۆ کراوە یان چی بۆ

دەکرێت، واتە ناتوانێت جوان و باش لە ناشرین و خراپ جیا بکاتەوە، ناتوانێت ئیشی سەرپێی و خێرا لەوە جیا بکاتەوە کە بەرهەمی هونەریی زادەی کاتێکی تێر و تەسەل و توانا و هەڵسوڕانی لەمە زیاترە کە هەیە.

جا گەر وا نەبوو ، ئیتر بۆ کاری فلّچە و تەنوور و شیش کەباب ئامادەیی نەبێت؟

## ڕووخساری گرفتە هونەرییەکان

بەگشتی قەیرانەکانی هونەر لێرەدا لەیەك دەچن، زۆر بە ئاسانی دەتوانی درك بەم حاڵەتە بکەی، ئەو کاتانەش نا کە خۆت لە نێو کایەکاندا بیت، بەڵکو لەگەڵ دەمکردنەوەی هەر هونەرمەندێك لە هەر دەرفەتێکی قسەکردنیداو لە ئەو دەمەی تۆ دەبیتە گوێگری، ئیتر لەوە تێدەگەین کە چەندە قەیرانەکان لەیەك دەچن.

زۆرجار ئەم لێکچوونەوە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەپەڕێتەوە بۆ بوارەکانی دوورتر لەهونەر، بە مانای ئەگەر میکانیکییەك یان یاساناسێك، یا توێژانی ئەندازیار مامۆستایان و هەر توێژێکی تری ئەم کۆمەڵگایە کەلە قەیران و گرفتەکانی خۆیان بدوێن ، هەر هەمان قسەکانی ئێمەی هونەرمەندان دەکەنەوەو ئێمەش هەر قسەی ئەوان دەکەینەوە، تۆ بڵێی خسوسییەتی کارەکانمان ئەوەندە

لەیەك بچێت تا قەیرانەکانمان وەها لێکچوو هاوبەش بن؟ یان ئەوەتا ئەو سیستماتیزەی عەقڵی ئەم توێژانە دەکات خەتایەکی گەورە دەکات؟ خەتایەك کە هەندێکجار لە ئان وساتی بەرمەجەکردنی ئەو سیستمەی خۆیان ناتوانن پێشبینیوخوێندنەوە بکەن بۆ ئەو میکانیزم و شێوە ئیشکردنەی کەدەیگرنە بەر ، بۆیە هەمیشە هەموو بەردەوام عیلاجی هەڵەکانی پێشترمان دەکەینەوە ئەو هەلاّنەی لە ئەنجامی کورتبینی و کەمبیری و تەسکبوونی مەودای ئیشکردن و زوو بڕیاردانی عاتیفانە و هەر زوو ئێکسپایەر بوونیشیو لەهەمان کاتدا پەشیمان بوونەوە لێیان ، وەك بڕیارەکانی ڕێزلێنان و زۆری تریش.

ئەو دەمەی ڕۆژنامەنووسان باری یاسای ڕۆژنامەنووسی ڕەتدەکەنەوە یان قسەی لەسەر دەکەن و بە گرفتی دەزانن، هەر هەمان ئەو عەقڵەیە کە تەشریعی یاسا بۆ مافی بەرهەمی هونەرمەندان دادەرێژێت.

هەموو دەزانین کە یاسایەك گرنگە و پێویستە بەکاربرێت کە زۆرینەی هونەرمەند لێی بەهرەمەند بێت، بۆ ئەمەش پێویستی بەبەشداری ڕای زۆرینە و تەنانەت ڕای گشتیش هەیە بە لەبەرچاوگرتنی زەمینە و واقیع بینی، نەوەك دروستکردنی وەهمێك لەسەر پەڕە و لەواقعیشدا جۆرێکی تر، هەر ئەمانەشە وا دەکات زۆرینەی هونەرمەندان و نووسەران و ڕۆژنامەنووسان، ئەم میکانیزم و شێوە کارکردنە ڕەتبکەنەوە و بەدڵیان نەبێت و قسەی لەسەربکەن.

ئیتر لە هەردوو بارەکەدا یەك میکانیزم و یەك جۆر بیرکردنەوە و عەقڵ باڵا دەستە.

ئیتر ئاسانە ئەو دەمەی هونەرمەندێك لە ڕاگەیاندنەکانەوە چاوپێکەوتن بکات یان ڕۆژنامەنووسێك لە ڕووبەڕووبونەوەیەکدا بدوێنن، ئەوەندە وەك یەك قسە دەکەن کە تایبەتمەندیی لە کێشەکەیاندا کەمتر بەرچاو دەکەوێت.

لای ئێمە بەدەگمەن پێشبینی دەرکەوتنی قەیران و گرفتەکان دەکەین، کەمجاران بەر لەوەی کێشەکان بئاڵۆزکێی و قوڵ ببێتەوەو ڕوو بدات ، ئێمە هاتبین و خوێندنەوە و هاوارمان بۆ کردبێت، ئەو کات قسەکەری قەیرانین، کە بوارەکە لە گرفتەکاندا نغرۆیە.

لایەنی گوێگر کە دەسەڵاتە بەوە تاوانباریان دەکەین کە گوێ لە کێشەکانمان ناگرن و لە قەوارەی گرفتەکان نازانن و تێناگەن، یا بە دیوێکی تریدا هەمیشە ناڵاندوومانە بەدەست ئەو کورسینشینانەی دەسەڵات لەبوارە تایبەتەکانی ڕۆشنبیری و هونەر و بەکەم حوکمان زانیون و هەمیشە پەرژەوەندی تاکی خۆیان خستۆتە بەر پەرژەوەندی گشتی.

بەڵام ئەوەش ڕوونە کە خودی هونەر زۆر بەکەم سەیر دەکرێ جارێ لەلایەن هونەرمەند و کەسە هەڵسوڕاوەکانی، جارێکیش لە لای دەزگا تایبەتەکانی هونەر کەحیزب وحکومەت خەرجیان دەداتێ.

بەکەم سەیرکردنی هونەر لە لای هونەرمەندان ئەوەیە کە تا ئێستاش

بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان ناتوانن یەك سانیە هونەر پێشکەش بکەن لەدەرەوەی داواکانیان بۆ حکومەت و حیزب و دامەزراوەکانیان..

تەنانەت ناتوانن یەك پرۆژە بنیاد بنێن بۆ داهاتووی هونەری میللەتەکە، یان ناتوانن یەك تاکە پێشنیاری هونەریی بۆ جەماوەر ئیسارە بکەن، هەمیشە هەر خەریکی دڵدارین و خەریکی نامە ناردنن بۆ سەرۆکە یەك لەدوای یەکەکان بە ناوی( نامەیەکی کراوە بۆ سەرۆکی حکومەت) بۆ( سەرۆکی فلانە پارت) و تا دوایی، تا ئێستاش داوای هونەریی و داوای تایبەتی بۆ هونەرمەند دوو شتی بەیەکدا گرێدراوە، ئەو دەمەی زەوی بەسەر هونەرمەند دابەش دەکەن خزمەتی خودی هونەر نییە، ئەو دەمەی ڕێزلێنان دابەشدەکرێت تەنها پێدانی پارەیە، یان هەزاران دۆنمە زەوییەکانی ئەم وڵاتە کە بۆ گۆرانیبێژ تەرخان دەکرێت دەبێت چ قازانجێکی هونەریی هەبێت توو ویژدانتان؟؟ کامیان کردیانە شانۆ، کامیان بووە ستۆدیو ؟؟ کام گەلەری لێ دروستکرا؟؟ ئایا بووە کۆمپانیای بەرهەمهێنانی گۆرانیی و میوزیك؟؟ ئەی کۆمپانیای فیلمی لێی دروستکرا؟؟ یان بوونە هۆڵی سینەما و ستۆدیوی گەورە و بۆ بەرنامە هونەرییەکان؟؟ کامەیان بوو؟؟ من ناڵێم نابێت ئەمانە هەبێت با هەمووی ببێت و هونەرمەندیش وەك هەر چین و توێژێکی تر باش بژی، بەڵام ئەی پرۆسەی هونەریی خۆی چی لێهاتووە؟؟ چی بۆ دەکرێ و چی بۆ کراوە؟؟ ئەمە جەوهەری گرفت و قەیرانەکەیە.

دووپاتی دەکەمەوە زۆرینەی هونەرمەندان  ئەوەندەی بەلایەنەوە گرنگە باری تایبەتی و ماڵیی و ژیانیان چاك بێت ، ئەوەندە بەلایانەوە گرنگ نییە چۆن زەمینەسازی هونەریی لە کوردستان دەوڵەمەند بکرێت، پشتبەستوو بە شارستانی بوونی مەملەکەتەکە و نەخشەدانان بۆ گۆڕینی چێژی هونەریی جەماوەر بۆ چێژێکی هونەریی بەرزتر و بەرز ڕاگرتنی مەقامی هونەر و هونەرمەندان لە ئامێزی شارستانی بوونی ناوچەکە و ئەویش بە دروستکردنی سەدان جێگای تایبەت بە هونەر هەر لە هۆڵ و ستۆدیوو گەلەریی و کافی هونەریی و هۆڵی سیمنار و دەیان مارکێتی فرۆشی بەرهەمی هونەریی،  هەموو ئەمانەش بە پشتگیری یاسا جۆراوجۆرەکان کە دەوڵەت بۆی دابنێت و بەهۆیەوە ماف‌و بەردەوامی بۆ شوێنەکان مسۆگەر بکات.

گەر بەشێك لەمانە دەستەبەر بکرێت ئەوا ئۆتۆماتیکی باری ژیانی هونەرمەندانیش زۆر لەم بارەی ئێستایان جوانتر و چاکتر دەبێت و  چیتریش ئەوەندە ناکەونە بەر داواو ساقە و سوالّی بەردەوامی دەوڵەت بۆ ڕاپەراندنی کارێکی هونەریی کە پێش ئەوەی هونەرمەندەکە بەتەنیا سوودمەند بێت لێی، (میللەت)ێکی پێ جوان دەبێت، ڕووخسار و زمانی قسەکردن لەقەیرانە هونەرییەکان بۆ چەشنێکی تر دەگۆڕێ.